# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پڕۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پڕۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد


2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە پۆپەر

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نوسەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولڕەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (86)

# فەلسەفەی پۆپەر

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

**1**

پۆپەر لە 28ی یولۆی 1902 لە ڤییەننا لە دایکبووە و لە 17ی سێپتەمبەری 1994 لە لەندەن کۆچی دوایـی کـردووە. باوکی پۆپەر پارێزەر بووە و چالاکانە بەشداری لە ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا کردووە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمK خوێندنگای جێهێشتوەK دواتر وەک خوێندکارێکی گوێگر بەشداری لە وانەکانی مێژوو، ئەدەب، سایکۆلۆژیا، فەلسەفە، بیرکاریدا کردووە، پاشان پەیوەندی کردووە بە گروپی لاوانی چەپەوە و بۆماوەی چەند مانگێک خۆی وەک کۆمۆنیست زانیوە.

لە ساڵی 1922دا پۆپەر لە تاقیکردنەوەی ( Mature) سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و دەبێتە خوێندکارێکی ئاسایی لە زانکۆی ڤییەننا و پەیوەندیدەکات بە کۆلیژی مامۆستایانەوە، ساڵی 1924 لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەردەچێت و دەبێتە مامۆستایی سەرەتایی. لەو بوارەدا دەست بەکار و خزمەتی خۆی دەکات، پاشان پەیوەندی بەیەکێک لە پەیمانگاکانی ڤییەنناوە دەکات و سەرکەوتووانە، ئەویش تەواو دەکات و لە ساڵی 1928دا بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستدەهێنێت. نامەی دکتۆراکەشی بەناونیشانی ( لە بارەی گرفتی شێواز لە سایکۆلۆژیایی بیرکردنەوەدا) دەبێت. لێرەوە پۆپەر گشتگیرانەتر رووەدەکاتە پرسیارەکانی میسۆدۆلۆژیا و ئەبستمۆلۆژیا، ئەو پرسیارانەی کرۆکی فەلسەفی پۆپەر پێکدەهێنن ، ئەو لەم چوارچێوەیەدا زاراوەی «عەقڵانیەتی رەخنەگر» بەکاردەهێنێت.

زاراوەی « عەقڵانیەتی رەخنەگر» پێچەوانەی ناعەقڵانیەتە نەوەکو پێچەوانەی دیاردە کردەکییەکان – Empiricism بێت. ئەمجۆرە عەقڵانیەتە دیاردە کردەکییەکان و عەقڵانیەتی کلاسیکی، بۆنمونە دیکارت، لەخۆدەگرێت و پۆپەر ناوی دەبات بە (رۆشنگەری) . لەبەرامبەردا عەقڵانییەتی نارەخنەگرانە ئەو دیاردەیەیە، کە ئەرگومێنت، یاخود ئەزموون نایسەلمێنن، لەبەر ئەوە پۆپەر عەقڵانیەتی رەخنەگرانە لەبری عەقڵانیەتی نارەخەنەگرانە بەکاردەهێنێت. بەوپێیەی هەڵوێستە عەقڵانیەکان لانی کەم دەرئەنجامی هەست و باوەڕن. پۆپەر باس لە گرنگی « گفتوگۆی عاقڵانە-بیرکەرەوە» دەکات. گفتوگۆی عاقڵانە لە چوارچێوەی گفتوگی رەخنەگرانەدا، بەمەبەستی نزیکبوونەوە و دۆزینەوەی راستی بەهۆی ئەو هەڵانەی ئەنجامیاندەدەین. پۆپەر و گروپێک لەزانایانی ڤییەننا رۆڵی کاریگەریان هەبوو لەم چوارچێوەیەدا.

سەرەتا پۆپەر تەنها تێبینی دەنوسی و چاپی نەدەکردن، بەڵام دواتر بە هاندانی (Herbert FeigL) بۆچوونەکانی لەچوارچێوەی چەند بەرگێکدا نووسی. یەکەمجار کتێبێکی بە ناونیشانی (دوو گرفتی سەرەکی ئەبستمۆلۆژیا)ی نوسی و بەچاپ گەیاند.ئەو دوو گرفتەش بریتین لە (ناساندن و جیاکردنەوە). دواتریش کتێبێکی دیکەی بەناوی (لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی) نوسی. پۆپەر جیاوازی دەکات لە نێوان دیاردە زانستی میتافیزکییەکان. ( Rudolf Carnap) کارەکانی پۆپەری بە ناوازە وەسفکرد لە بورای لۆجیکی زانستیدا. بە بۆچونی پۆپەر ئەو دەستەواژە کورتکراوانەی لە تێستکردنی تیۆرەکاندا بەکاردەهێنرێن، پێویستە خودی خۆیان تێست بکرێن ، تابزانرێت لەلایەنی هەستییەوە قبوڵدەکرێن، یان رەتدەکرێنەوە، یاخود دەچنە چوارچێوەی هۆشیاری هەستییەوە، یان دەچنە چوارچێوەی رووداو و شتە فیزیکیەکانەوە. هەروەک ئاشکرایە پەیوەندی هەیە لە نێوان گرفتەکان لەسەر بناغەی ئەزمونی لەلایەک و گرفتەکان لەسەر بناغەی ناساندن و

جیاکردنەوە لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوە لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، پۆپەر گفتوگۆ لەبارەی هەرسێ گرفتەکەوە دەکات بە بەستنەوەی بە واقیعەوە.

لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا کتێبی لۆژیکی پۆپەر بەیەکێک لە پەرتووکە گرنگەکانی بواری فەلسەفەی زانستی دادەنرێت. کەپێکدێت لە بیرۆکە سەرەتاییەکانی عەقڵانیەتی رەخنەگرانە. ئەو کتێبە باس لەوە دەکات، کە بۆچی ئەو زانیاریانەی هەمانە، هەڵەیە و بۆچی لەو کارانە فێردەبین کە تیایدا شکستدەهێنین، نەوەک لەو کارانەی سەرکەوتوانە ئەنجامیدەدەین. بە بۆچوونی پۆپەر پێشکەوتنی زانست، دەرئەنجامی تاقیکردنەوە و کەمکردنەوەی هەڵەکانە.

سەرکەوتنی کتێبی (لۆجیک)، بەو رادەیە تەنانەت بەلای پۆپەریشەوە جێگای سەرسامی بـووە، ئەو لە ژیاننامەکەیدا نوسیویەتی کە: « ئەو کتێبە خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە بە زمانە جیاوازەکانی دنیا». زۆربەی خوێندنەوەکانیش بۆ ئەوکتێبە ئەو کاتە بە فراوانی دەستیانپێکرد، کاتێک چاپی وەرگێڕدراوی ئینگلیزیەکەی بڵاوبوەوە و ژمارەیکی زۆر لە خوێنەران و پسپۆڕانی تایبەتی ئەو بوارە روویان تێکرد.

**2**

لە ژێر کاریگەرییەکانی بارودۆخی سیاسی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستدا، جارێکی تر پابەندبوونەکانی پۆپەر هاتنەوە ریزی پێشەوە. لێرەوە پۆپەر روویکردە شرۆڤەی گرفتەکانی تیۆرەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی سیاسی. لەو ماوەیەدا پۆپەر چەندین سیمیناری لەسەر (هەژاری بزوتنەوەی مێژوویی) لە زانکۆ جیاجیاکانی دنیادا پێشکەشکرد و روونیدەکردەوە، کە چۆن ئەو بزووتنەوە مێژووییانە رۆڵیان هەبووە لە ئیلهام بەخشین بە مارکسیزم و فاشیزم، پاشان ئەو سیمینارانەی بەناونیشانی

« هەژاری بزوتنەوەی مێژووی» بەچاپگەیاند، دواتریش وتارێکی لەهەمان چوارچێوەدا نوسی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەم و کورتیانەی لەوانەیە لەو پەڕتووکەدا بەدیار بکەون بەناونیشانی « تێبینیەکانی سەر بزوتەوەی مێژوویی». پۆپەر ئەو دووکارانەی وەک هەوڵەکانی ئەو لەو جەنگەدا وەسفکردووە. کتێبی دووەمیان پۆپەر ناوی دەبرد بە « پەیامبەرە هەڵەکان- ئەفلاتوون ، هیگڵ ، مارکس» پاشان ناوی کتێبەکە گۆڕا بۆ « کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی». ئەم کتێبە ساڵی 1943 نوسینی تەواو بوو، بەڵام ساڵی 1945 چاپکرا ئەویش بەهۆی گرفتی چاپکردنەوە لەوکاتەدا. دواتریش هەردوو کتێبەکەش لەشێوەی پەڕتووکی تەواودا لە بەریتانیا و ئەمەریکا دەرکەوتن. کتێبی هەژاری بزوتنەوەی مێژوویی باس لە خەمە تیۆری و میسۆلۆژییەکان دەکات و کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی باس لە خەمە مێژوویی و سیاسیەکان دەکات- بەتایبەتیش مێژووی فەلسەفە. کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی بە باشترین کاری پۆپەر دادەنرێت تا ئێستا.

لەهەردوو کارەکانیشدا، پۆپەر بیری عەقڵانیەتی رەخنەگرانەی وەرگێڕاوەتە سەر فەلسەفەی سیاسی. بەبۆچوونی پۆپەر باشترین هەستەکانی عەقڵ بریتییە لە « کرانەوە بەرەو رووی رەخنەدا)، تەنها بڕیار و راسپاردەکان جێگای رەخنە نین، بەڵکو داواکاری و بەهاکانیش جێگای رەخنەن. پۆپەر پێشنیار دەکات: ئەو داواکاریانەی هەڵوێستی رەخنەگرانەمان فراوانتردەکەن، دەتوانرێت ناوببرێن وەک عەقڵانیەتی رەخنەگرانە.

بەگوێرەی عەقڵانیەتی رەخنەگرانە هەموو « زانیاریەک- Knowledge» لەبارەی راستیەکان هەڵەیە و زانیاری ئەخلاقیش شتێکی مەحاڵە. لێرەوە لەبەرئەوەی نازانین چی بکەین، دەبێت بڕیار بدەین، کە چی بکەین و لێپرسراو بین بەرامبەر بڕیارەکانمان.

**3**

چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر هەریەک لە ( لۆژیک) و ( کۆمەڵگەی کراوە) نوسران، کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەربارەی گرفتە میتافیزیکیەکان بوون. بەمشێوەیە ئەبستمۆلۆجیا وەک بابەتی سەرەکی کارەکانی پۆپەر دەمێنێتەوە.دوای چارەکە سەدەیەکیش لە دەرچوونی « لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی»، چاپی ئینگلیزی ئەو کتێبە دەرچوو، کە دوانزە پاشکۆی زیاتری لەگەڵ بوو، بەشێوەیەکی سەرەکی دەربارەی (تیۆری لەوانەیە بوون) بوو، هەروەها پاشکۆکان باس لە (گەردوون و رێکخستن و پێداویستی فیزیکی وسروشتیەکان) دەکەن.

لە ساڵی (1953)، کارکردنی پۆپەر لە میتافیزکیای کلاسیک بە نوسینی وتارێک بەناونیشانی « زمان وگرفتی جەستە و بیر» دەستپێدەکات لە ساڵی (1994) کۆتاییش دێت بە نوسینی کتێبێک بەناونیشانی» زانیاری و گرفتی جەستە و بیر». ساڵی 1966 پۆپەر کتێبێکی دیکەی بەچاپگەیاند بەناونیشانی «سێ جیهانەکان»: جیهانی یەکەم بریتییە لە جیهانی فیزیکی، جیهانی دووەم بریتییە لە جیهانی هۆشەکی ( یاخود مێشکی)، جیهانی سێهەمیش بریتییە لەجیهانی هزر، لەپێناو پاراستنی ئازادی بڕیار، بەرپرسیارێتی، داهێناندا پێویستەئەم سێ جیهانە بەڕووی یەکتردا کراوەبن.

# پۆپەر و بیرۆکەی دادپەروەری

وەرگێڕانی: سەڵاح سەدباری

پۆپەر بە دەرکەوتنی حکومەتە تۆتالیتار و پاوانخوازەکان لە ئەورپادا، دوو بەرهەمی گرنگی خۆی، واتە « کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی»، هەروەها « هەژاری مێژووگەری» کە شادەماری فەلسەفەی ناوبراو پێکدێنن، بڵاوکردەوە. ئەم دوو بەرهەمە، هەوڵەکانی ناوبراو بۆ بەرگریکردن لە ئازادی، دژایەتی لەگەڵ شەڕ و وەلانانی بیرۆکە سیاسیە پاوانخواز و خۆسەپێنەکان پێشاندەدەن. پۆپەر ئەو بیرمەندانەی، کە بە بیرۆکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی کردەکی لە خزمەت پاوانخوازان و رێگە کردنەوەی دەسەڵاتە زۆردارەکاندا بوون، بە «پێغەمبەرانی درۆ» ناو دەبات و پێداگری دەکات، کە ئێمە پێویستە بۆ رەخنەگرتن لە میراتی کەلتوری خۆمان، بە روونی قسە بکەین و لە نەریتی بەرگریکردن لە گەورە پیاوانی خۆمان دووربکەوینەوە، چونکە زۆرێک لەوان لە رێگای گەیشتن بە ئازادی و عەقڵ، دوچاری هەڵەی گەورە بوون و زاڵبوونی بیرۆکەکانیان، هێشتا مایەی گومڕایی زۆرێک لە مرۆڤەکانە. «پێغەمبەرانی درۆ» لە بەرهەمەکانی پۆپەردا زۆر بە وردی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت و سەرئەنجام لە بەرامبەر قازی دادگای عەقڵدا، خۆیان دەبیننەوە. ئەفلاتۆن و هێگڵ دوو لەو بیرمەندانەن، کە پۆپەر بە شایانی سەرزەنشتکردنی توندیان دەزانێت و بیرۆکەکانیان بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئازادی و سەرکەوتنی دەسەڵاتە پاوانخواز و توتالیتێرەکان ناودێردەکات.

پوپەر مارکسیزمیش لە راستای هەوڵدان بۆ پێکهێنانی جیهانێکی

باشتر، بە یەکێک لە خەتا گەورەکانی مرۆڤ دەژمێرێت و لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی مارکسدا وەبیردێنێتەوە، کە پێشبینییەکانی ناوبراو لە بارەی داهاتووی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا بە هەڵە دەرچوون و ئەو بیرۆکەی ناوبراو، کە بە پەرەسەندنی سەرمایەداری، کرێکاران، رۆژ لە دوای رۆژ، دوچاری هەژاری و نەهامەتی دەبنەوە و چینە مامناوەندییەکو، چونکە ناتوانرێت لە لایەکەوە بەردەوام بەرهەمهێنانی پتری کاڵا زیاد بکرێت و لە لایەکی دیکەوە بانگەشەی ئەوە بکەی، کە بەردەوام هەژار و دەستکورت و بێنەواکان پتر دەبن؛ کەوابوو کێ قەرارە ئەم هەموو کاڵایە بەکاربێنێت؟ پۆپەر بەرگری لە دەستکەوتەکانی دیموکراسی لیبراڵ دەکات و جیا لە رەخنەگرتن لە کەم و کوڕیەکانی، دەسەڵاتێکی لەو چەشنە بە دادپەروەرانەترین و باشترین دەسەڵات دەزانێت، کە تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتوەتە ئاراوە. بە بڕوای ناوبراو، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی، کە بە درێژایی مێژوو وادەی بەهەشتی سەر زەویان بە مرۆڤەکان داوە، سەرەنجام بوونە دۆزەخ، بەڵام دیموکراسی تەنها پێکهاتەیەکە، کە بە هەوڵ و ئیرادەی خودی خەڵک دەتوانێت بەردەوامی بە خۆی ببەخشێت. بە بڕوای پۆپەر، ئەگەر قەرار بێت جگە لە ئازادی، « دێموکراسی ئابوری» (دادپـەروەری کۆمەڵایەتی) یش پێکبێت، هەر ئەم «ئازادییە بنەڕەتییە رەهایەیە» کە تەنیا گەرەنتیەتی. پۆپەر روونیدەکاتەوە، کە مارکس لە بیرۆکەیەکی ساکارانەدا، دەوڵەت بە کەرەستەی سەرکوتی دەستی توێژی دەسەڵاتدار ناودێردەکات و وادەی نەمانیشی لە کۆمەڵگەیەکی بێ چیندا دەدا، بەڵام هەرگیز لە و رازەی ئازادی تێنەگەیشت، کە دەوڵەت لە دەستەبەرکردنی ئازادی و مرۆڤایەتیدا، دەتوانێت کۆمەڵێک خزمەتگوزاری ئەنجامبدات. بە بڕوای پۆپەر، دەبێت لە رێگای جێگیر بوونی ئازادییەوە، دەسەڵات بەدەستەوە بگیردرێت و کەوی بکرێت، پاشان دەتوانرێت لە رێگای پێکهێنانی دامەزراوە گەلێک لە بازنەی

پێکهاتەی دیموکراتیدا، بەسەر هێزی ئابوریشدا زاڵببی و ببیە رێگر لەبەر دەمبەندکردنی مرۆڤەکان؛ بەڵام بە لە ناوچوونی ئازادی، تەنانەت یەکسانی لە نێوان کۆیلەکانیشدا نامێنێت.

ئەوەی کە بە روونی پێوەندی بە باسی دادپەروەرییەوەیە، پۆپەر لە یەکەم بەرگی کتێبی» کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانیدا» لە ژێر ناوی «جادووی ئەفلاتون»، لە بیرو بۆچوونی فەیلەسوفە کلاسیکەکانی یۆنان دەکۆڵێتەوە و بە تایبەت لە «دادپەروەری رەهادا» ناوبراو بە توندی سەرزەنشتدەکات، هەروەها ناوبراو وەبیری دێنێتەوە، لە کاتێکدا کە چەمکی دادپەروەری لە زەینی ئێمەدا، واتای دابەشکردنی یەکسانیخوازانە لە ئەرکی هاووڵاتی بووندا واتە، دابەشکردنی سنورەکانی ئازادی، یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا و نالایەنگیر بوونی حاکمی دادوەری وەبیر دێنێتەوە، ئەفلاتوون لەم چەمکەدا، تایبەتمەندی چینایەتی دەرکپێدەکات. بە بڕوای پۆپەر دەرکەوتی مرۆڤ دۆستانە لە دادپەروەرییدا، بەو واتایەیە، کە یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا بچەسپێت، تایبەتمەندی سروشتی وەلا بنرێن، تاکایەتی بپارێزرێت و سەرئەنجام لە بەرگری لە ئازادییە سیاسیەکاندا بنەمایەک دادەنێت: بنەمای سەروتر بوونی سروشتی، بنەمای تەواوخوازانە و بنەمایەک کە بە هۆیەوە، پشتیوانی و بەهێزکردنی دەوڵەت ببێتە ئەرک و ئامانجی تاک.

پۆپەر لە گەڕان بە دوای دەسەڵاتی دادپەروەرانەی سیاسیدا، ئەو پرسیارە کلاسیکییە ئەفلاتوونیەی دەڵێت: دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەوەی کە، چ کەسێک دەبێت فەرمانڕەوا بێت؟ بە پرسیارێکی نادروست دەزانێت. بە بڕوای ناوبراو پرسیاری لەم چەشنە بەندە بە روانگەیەکی پاوانخوازانەوە و وەڵامێکی شێوە مەرجەعیانە دەخوازێت. هەر لەم رووەوە پرسیاری لەم شێوەیە، وەڵامگەلی کلاسیکیشی بەدوای خۆیدا هێناوە وەک: «باشترینەکان دەبێت حکومەت بکەن» یان «فرەزانەکان» یان لە باشترین حاڵەتدا زۆرینە

دەبێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. پۆپەر پێیوایە کە جێگای سەرسووڕمان نییە گەر وەڵامەکان نەک تەنیا لەگەڵ خۆیان دژبەرییەکن، بەڵکو لە دواتردا بە هۆی جۆراوجۆری هەڵیت و پەڵیتی وەک: «دەسەڵاتی کرێکاران یان سەرمایەداران» و هتد دەگۆڕێن. بە کورتی دەتوانین بڵێین، کە بۆ پۆپەر لە بواری حکومەت کردندا، پرسیاری «چ کەسێک؟» لە ئارادا نییە، بەڵکو پرسیاری «چۆنییەتی» لە گۆڕێیە.

هەر لەم رووەوە ناوبراو لەبەرامبەردا پێشنیار دەکات، کە باشترە پرسیارێکی لەخۆبوردووانەتر بخەینە جێگای پرسیاری کلاسیکی ئەفلاتوون لە بارەی دەوڵەتەوە و ئەویش ئەوەی کە بپرسین: «دەتوانین چی بکەین، بۆئەوەی دامەزراوە سیاسیەکانی خۆمان بە شێوەیەک رێکبخەین، کە بواری هێنانە ناوەوەی دەسەڵاتدارانی خراپ و نەشیاو، کە زۆریشن، بگەیەنینە لانی کەم».

پۆپەر لەسەر ئەو بڕوایەیە، کە بە بێ گۆڕانکاری لە پرسیاری ئاماژە بۆکراودا، هەرگیز ناتوانین بگەینە بۆچوونێکی عەقڵانی سەبارەت بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی سیاسی دادپەروەرانە. بەم پێیە بە پێچەوانەی پرسیاری ئەفلاتۆنی لەم بارەیەوە، کە «چ کەسێک پێویستە حکوم بکات؟»، بە لێبوردەییەوە بپرسین کە: «کام شێوازە لە دەسەڵات رێگامان پێدەدات بتوانین دەسەڵاتێکی زۆردار، یان هەر دەسەڵاتێکی ناڕەوای دیکە بە بێ خوێنڕێژی وەلا بنێین؟». بەمشێوەیە دەتوانین ئەو ئاکامە وەرگرین، کە دیموکراسی ئەمڕۆییش وەک دیموکراسی 2500 ساڵی بەرێ لە ئەسینا، هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێک کە پێویستە رێگر بێت لەبەر دەم زۆرداری دا.

پۆپەر وەبیردێنێتەوە کە دیموکراسی بە واتای «دەسەڵاتی خەڵک» ناوێکی فریودەرە، چونکە لە هیچ شوێنێک خەڵک حکومەت ناکەن و نابێت

حکومەتیش بکەن، چونکە دەسەڵاتی زۆرینە بە سادەیی، دەتوانێت ببێتە خراپترین شێوەی زۆرداری و مافی کەمینە بە تەواوی لە نێوبەرێت، بەڵام دیموکراسی تەنها شێوەیەکی حکومەتە، کە جگە لە ناوە فریودەرانەکەی و لە ژێر کاریگەی کێشە و دژوارییەکاندا، توانیویەتی ئەو ئامانجە بخاتە بەردەم خۆی، کە بە چەسپاندنی یاساگەلی مەرجدار، بیرۆکەکانی دادپـەروەری، مروەت و زیاتر لە هەرشتێک، واتە ئازادی لە چوارچێوەی یاسادا، تا ئەو جێگایەی کە رێگە پێدراوە بێنێتە دی. بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین، کە دیموکراسی لە بیرۆکەی پۆپەردا، نەک دەسەڵاتی خەڵک، بەڵکو ئامادەکردنی دامەزراوەیەکە لە بەرامبەر دیکتاتۆریدا. دیموکراسییەکان لە هەوڵدان تا بە یارمەتی یاسا مەرجدارەکان و دامەزراوە پێکهاتەییەکان، ببنە رێگر لەبەردەم زۆرداریــدا، ئەگەرچی ئەم هەوڵانە بە تەواوەتی سەرکەوتوو نەبوون. پۆپەر لە دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی سیاسی ئازاد دا ئاماژە بەوە دەکات، کە دەسەڵاتێک لە روانگەی سیاسیەوە ئازادە، کە دامەزراوە سیاسیەکانی ئەو بوارە بۆ هاووڵاتیان برەخسێنێت، کە لە کاتی ئیرادەی زۆرینەدا بتوانن دەسەڵاتداران بە بێ خوێنڕێژی لەسەر کار لابەرن و تا کاتێک هەلێکی لەو چەشنەمان بۆ رەخسابێت، نابێت نیگەرانبین لەوەی، کە چ کەسێک دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. پۆپەر پێکهاتەیەکی لەوچەشنە، کە لە دیموکراسیە رۆژئاواییەکاندا لە ئارادایە بە « کۆمەڵگای کراوە» ناودێر دەکات. گرنگترین تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کراوە، جگە لەو هەڵسەنگاندنەی بۆی کرا، کێبەرکێیەکی ئازادە لەسەر تیۆرییە زانستییەکان و هەبوونی شەفافیەتە لەو بازنەیەدا. کۆمەڵگەی کراوە خاڵێکە لە بەرامبەر کۆمەڵگەی داخراو و تۆتالیتاریدا، کە لە نێویاندا لە جێگای کێبەرکێی ئازاد لەسەر تیۆرییە زانستییەکان، بازنەیەکی تەواو لە بیرو بۆچوونی ئایدۆلۆژی بە هەوڵدانی پاوانکردنی حەقیقەت لە ئارادایە. لە کۆمەڵگەی کراوەدا، شێوازی رەخنەی

عەقڵانی، نابێتە هۆی لەناوچوونی ڕەخنەگر و توندو تیژی بۆ لەنێوبردنی بۆچوونی جیاواز ڕۆڵێکی نییە. ڕەخنە بەدەرە لە توندو تیژی و ڕێگە بۆ دۆزینەوەی عەقڵ دەکاتەوە.

پۆپەر لە بەرگری لە دیموکراسی لیبراڵدا ڕوونیدەکاتەوە، کە دەبێت لە خۆمان بپرسین دوو لایەنی چاکە و خراپە، کە ئەم پێکهاتەیە تائێستا لەخۆی گرتووە چۆنە؟ ئایا چاکەکانی دەسەڵاتێکی لەو چەشنە بەسەر خراپییەکانیدا زاڵە؟ هەروەها ناوبراو دەڵێت: گەرچی دیموکراسی باشترین دەسەڵاتی جێگەی بیرلێکردنەوەیە و لە بواری لۆژیکییەوە باشترین دەسەڵاتی مومکین نییە و لە زۆر بواردا دەتوانرێت، پێویستە باشتر بکرێت، بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە بواری مێژووییەوە باشترین دەسەڵاتی سیاسییە، کە پێمان شک دێت. واتای ئەم وتەیە ئەوە نییە، کە ئێمە نابێت ئەم دەسەڵاتە بخەینە بەر ڕەخنە. دیموکراسی خۆی لە خۆیدا بە ڕەخنەوە زیندووە و دەستکەوتەکانی ناتوانرێت بە بەردەوامی و نەگەڕاو بزانرێت، چونکە ئەو مەترسییە بەردەوام لەئارادا دەبێت کە ئەم دەسەڵاتە بە خێرایی ئەوەی بە دەستیهێناوە لە دەستیبداث.

پۆپەر لە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی خۆیدا لە ژێر ناوی «گومانەکان و بایەخەکان»، بە تایبەت لە شیکردنەوەی خۆیدا، سەبارەت بە دادپەروەری، باسی سەرەتاکانی دەسپێکی لیبرالیزم دەکات و تێزگەلێکی جۆراو جۆر لەم بوارەدا دەخاتە ڕۆژەڤەوە. بە بڕوای ناوبراو، دەوڵەت لە بنەڕەتدا شەڕە، بەڵام شەڕێکی پێویست. بژاردەکانی دەوڵەت نابێت لەوە زیاتر بێت کە زەرورەت دەیخوازێت. بە بڕوای پۆپەر، بۆ پێشاندانی زەرورەتی ئەم شەڕە پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ توندو تیژی و مرۆڤ بە گورگی مرۆڤ بزانین، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بە دۆست و فریشتەی مرۆڤ بزانین، دیسانەوە لە وەها جیهانێکدا مرۆڤی لاواز و مرۆڤی بەهێز بوونیان دەبێت، بەڵام لە وەها

جیهانێکدا مرۆڤی لاواز لەو مافە بەهرەمەند نی، کە بەهێزترەکان بەرگەی بگرن، لە راستیدا دەبێت سەبارەت بە ویژدان و بەزەیی ئەوان لە بەرگە گرتنیان سوپاسگوزار بن. لێرەدا هەرکەس بە بەهێز و لاوازەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە هەر مرۆڤێک مافی ژیانی هەیە و پێویستە بەرگری لە مافەکەی بکرێت، پێویستی هەبوونی دەوڵەت بە فەرمی دەناسێت، دەوڵەتێک کە پێویستە پارێزگاری لە مافی هەمووان بکات.

هەروەها پۆپەر دەڵێت: «پێشاندانی ئـەوەی کە دەوڵـەت لە هەمانکاتدا مەترسیەکی هەمیشەییە کارێکی دژوار نییە، چونکە هەر کاتێک دەوڵەت بیەوێت ئەو ئەرکانەی، کە کەوتوونەتە سەر شانی ئەنجامبدا، پێوستە هێز و هەڵبژاردنێکی زیاتری لە لایەن تاک تاکی هاووڵاتیان، تەنانەت گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێت. ئەو رێ و شوێنەی کە ئێمە بۆ وەستانەوە لە هەمبەر مەترسی کەڵک وەرگرتنی کەڵکاوەژووانە لەو هێزە و هەڵبژاردنی بیری لێدەکەینەوە و ئەو دامەزراوانەی کە بۆ ئەو مەبەستە پێکی دێنن، هیچکامیان بە تەواوی ئەو مەترسییە لە نێو بەرن. ئێمە بەردەوام مەحکومین بەوەی باجی پارێزگایکردن لە ماف بە دەوڵەت بدەین، نەک تەنها بە دانی باج و خەراج، بەڵکو تەنانەت لە رێگەی ئەو بەکەم زانینەی، کە بە هۆی خۆبەزل زانینی دەسەڵاتدارانەوە نسیبمان دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئەو نرخەی دەیدەین، زۆر گران نەبێت.

بە بڕوای پۆپەر، دیموکراسی ناتوانێت و نابێت خێر بە هاووڵاتیانی خۆی بکات. لە راستیشدا دیموکراسی بە تەنها ناتوانێت کارێک بکات. چاکەکاری دەبێت لە لایەن هاووڵاتیانەوە بکرێت. دیموکراسی شتێک جگە لە چوارچێوەیەکی باش بۆ کردەی مرۆڤەکان نییە و ئێمە رێگەپێدراو نین دیموکراسی و ئازادی لەگەڵ خۆشگوزەرانی و پەرجوی ئابوریدا تێکەڵ بکەین. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بۆ خەڵک وابێنینە بەرچاو، کە ئازادی

بۆ هەمووان خۆشگوزەرانی، دیموکراسی بۆ خەڵک ئابوریەکی باش بەدوای خۆیدا دێنێت. ئازادی هەرگیز بە واتای خۆشگوزەرانی و بەختەوەری تاک تاکی مرۆڤەکان نییە. ئەم کارە تا رادەیکی زۆر بەستراوەتەوە بە شانس و بەخت و بە شێوەیەکی رێژەیی لێوەشاوەیی و هەوڵدان و فەزڵەکانی دیکە. دەبێت بە شێوەیەکی واقعبینانە سنورەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لەبەرچاو بگرین و مەترسیدارە گەر بەرپرسیارێتی لە مرۆڤێک سەبارەت بە خۆی و خزمەکانیەوە بستێنینەوە، یاخود رێوشوێنی ژیان بۆ کەسێکی گەنج، زیاتر لە ئاستی خۆی ئاسان بکەین، چونکە لە ئاکامی لە نێوچوونی بەرپرسیارێتی کەسێک بە بێ هەڵسەنگاندن، دەتوانێت واتای ژیانی کەسەکانیش لە کیس بچێت.

بە بڕوای پۆپەر، ئەوەی کە سەبارەت بە دیموکراسی و ئازادی دەتوانرێت بوترێت، لە باشترین حاڵەتدا ئەوەیە، کە ئەوان کاریگەری لێوەشاوەیی تاکەکەسی کەسەکە لەسەر خۆشگوزەرانی ناوبراو، تا رادەیەک بەهێزتر دەکەن. کەوابوو ئێمە نابێت ئازادی بەو هۆیەوە هەڵبژێرین، کە چاوەڕوانی ژیانێکی ئاسودەی لێدەکەین، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە خودی ئازادی نوێنگەیەکی بایەخییە کە ناتوانین هەرگیز دایبەزێنینە خوار بۆ بایەخە مادییەکان، پۆپەر لەم بوارەدا وتەیەکی دێموکریت فەیلەسوفی یۆنانی کۆن بیردێنێتەوە کە: «ژیانی کولەمەرگی لە دیموکراسیدا، شەرەفی زیاترە لە ژیانێکی رازاوە لە دەسەڵاتێکی زۆردارانەدا، چونکە ئازادی لە بەندایەتی بەرزترە»، هەروەها دەڵێت کە ئێمە ئازادی سیاسی بۆ ئەوە هەڵنابژێرین، کە بەڵێنی ئەم یان ئەو شتمان پێدەدات، بەڵکو بۆئەوەی هەڵدەبژێرین، کە تەنیا شێوازی مرۆیی پێکەوە ژیانی نێوان مرۆڤەکان دێنێتەوە بەرهەم؛ تەنیا شێوازێک کە ئێمە تێیدا دەتوانین بەرپرسیارێتی تەواوی خۆمانی تێدا وەئەستۆ بگرێن، بەڵام ئەوەی کە دەتوانین ئەو

کەرەستانەی کە ئازادی دەیخاتە بەردەمی ئێمە، بێنینەدی، بەستراوەتەوە بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر و پتر لە هەمووشی بەستراوەتەوە بە خودی ئێمەوە.

پۆپەر ئەوە بیردێنێتەوە کە ئێمە بەو هۆیەوە دیموکرات نین، کە بەردەوام ماف دەدەین بە زۆرینە. قەرار نییە ئەگەر زۆرینە بڕیار بدات بە قازانجی ستەمکاری، دێموکراتێک دەستبەرداری بیرو باوەڕەکانی خۆی ببێت. پۆپەر رۆڵی دامەرزاوەکان کە سەرچاوەکەیان لە نەریتە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگەدایە، زۆر بە گرنگ دەزانێت و یۆتۆپیایەکی لیبراڵ، واتە دەوڵەتێک کە بە شێوەیەکی عەقڵانی راوەستاو بێت لەسەر شادەمارێکی بێ نەریت بە بێ کاریگەری و نامومکین دێنێتە ئەژمار. لای ناوبراو لیبرالیزم بیروباوەڕێکە بەستراوە بە ئاڵوگۆڕی رێفۆرمخوازانە و رێژەیی، نەک شێوازێکی رادیکاڵ. ناوبراو پێیوایە کە ئەو بەشە لە نەریتە دیموکراتییەکان لە بەشی گرنگترینەکاندان کە چوارچێوە ئەخلاقییەکانی( هاوتەریب لەگەڵ چوارچێوە بنەڕەتییە یاساییەکان) کۆمەڵگە پێکدێنن و نوێنگەی واتای نەریتی دادپـەروەری و داب و نەریت و هەستە ئەخلاقییەکانن. ئەم چوارچێوە ئەخلاقییە، شادەمارێکە کە لە هەر جێگایەک پێویست بێت، رێککەوتنێکی دادپەروەرانە لە نێوان هۆگری و بەرژەوەندی جیاوازدا تێیدا دێتە ئاراوە. سروشتییە کە چوارچێوەیەکی لەم چەشنە ئاڵوگۆڕی تێدا دێتە ئاراوە، بەڵام گۆڕانەکەی بە رێژەیەکی ئارام و لەسەرخۆ روودەدات. هیچ شتێک خراپتر لە تێکدان و لەبەریەک هەڵتەکاندنی ئەم چوارچێوە و نەریتە نییە. کردەوەیەکی وێرانکەرانەی لەم چەشنە ( هەروەکو رژێمی ناشناڵ سوسیالیسم لە ئەڵمانیا نیشانی دا)، بە بێ ئەملاو ئەولا، دەبێتە هۆی ژێرپێ نان و لە نێوبردنی هەموو بایەخە مرۆییەکان.

پۆپەر لە بەستێنی دادپــەروەری کۆمەڵایەتیدا لە ئاستی جیهانی رروونیدەکاتەوە، کە هەنوکە بە سەرنجدان بە دەستکەوتە پیشەسازییەکان و پەرەسەندنی ئابوری، بۆ مرۆڤایەتی ئەو هەلە رەخساوە تا برسیەتی و هەژاری لە جیهاندا ریشەکێشبکات، بەڵام رێگری دیکە لەبەردەم بە ئەنجام گەیشتنی ئەم کارەدا لە ئارادان. ناوبراو بە تایبەتی یەکێک لەو گرفتانە لە هەبوونی دەسەڵاتە نارەواو زۆردارەکان لە وڵاتانی ناپەرەسەندودا دەبینێت و ئاماژە بەوە دەکات، کە خەڵک لە زۆرێک لەم وڵاتانەدا هێشتا لەو ئاستەی کامڵبونی مەعنەویدا نین کە بتوانن چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن.

**سەرچاوە : رادیۆ دەنگی ئەڵمانیا (دۆیچێوێلە)**

# پۆپەر
# لیبرالیزم و فەلسەفەی زانست

د. حوسەین بەشیریە
وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد

کارل رایمۆند پۆپەر (1903–1994) زێتر وەکو فەیلەسوفێکی زانست و ئێپیستمۆلۆژیست ناوبانگی پەیداکردووە. هەژموونی زانستی پۆپەر، بە تایبەتی لە کایەی مێتۆدۆلۆیی زانستیدا، کاریگەری زۆرە و جێ بڕوای هزرڤانانی دیسپلینە جۆراوجۆرەکانی زانستە. پۆپەر لە نەمسا هاتە جیهانەوە و لە زانکۆی ڤییەنا ماتماتیک و فیزیک و سایکۆلۆژی خوێند. لە گەنجیدا چالاکی سیاسیشی هەبوو و ئاراستەکانی سۆسیالیزمی وەرگرتبوو. لەو رۆژگارەدا ئەو لە روانگەی زانستی و فەلسەفەییەوە، رەخنەی لە پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی گروپی ڤییەنا دەگرت. رەخنەکانی لەم بوارە، لە گرنگترین کتێبیدا بە ناوی لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی  (1934) بڵاوکرایەوە، کە خودی گروپی ڤییەنا ئەم کتێبەیان چاپ و بڵاوکردەوە. پۆپەر لەتەک بڵاوبوونەوە و سەرکەوتنی فاشیزم، نەمسای جێهێشت و رۆیشت بۆ نیوزێلاند، و لە ساڵەکانی 1937–1945 لەو وڵاتەدا بە وانەگوتنەوە خەریک بوو. لەو قۆناغەدا بەرهەمە سەرەکییەکەی خۆی، واتا کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی ، نووسی. ئەو دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، لە بریتانیا نیشتەجێبوو و بوو بە پرۆفیسۆری فەلسەفەی زانست و لۆژیک لە زانکۆی لەندەن. لە ساڵی 1957دا کتێبی هەژاری هیستۆریسیزم (مێژووگەرایی) ، لە 1963دا گومانەکان و پوچەڵکردنەوەکان ، و لە 1972دا زانینی ئۆبژێکتیڤ: تێڕوانینێکی پەرەسەندنخوازانە ی نووسی.

پۆپەر لەم بەرهەمانەیدا، بەڵگاندنەکانی خۆی لە رەخنەی پۆزەتیڤیزم و رەتکردنەوەی یاسامەندی مێژوو پێشخست و پەرەی پێدا. تێڕوانینی

سەرەکی ئەو رەتکردنەوەی مێتۆدی ئیندۆکسیۆنە  لە زانستە ئەزموونییەکاندا، کە بەپێی ئەوە، گریمانە زانستییەکان بە بینینە  پۆزەتیڤەکان دەسەلمێندرێن. توێژینەوەکانی پۆپەر بووەتە هۆی قسە و هەڵوەستە لەسەرکردن لە نێوان لایەنگرانی پۆزەتیڤیزم و مارکسیزمدا. پۆپەر لە کایەی هزری سیاسییدا، لە روانگەیەکی زانستی و فەلسەفەییەوە بەرگریکردووە لە لیبرالیزم و دیموکراسی و بە بەهۆی بڕوابوونی بە پرەنسیپی ناجەختی  لە فەلسەفە و فیزیکدا، جەختی لەسەر هزری ئازادی مێژوو لە کۆت و بەندی یاساکان و پێشبینی نەشیاوی ئاییندە کردەوە. لە بەرهەمە سەرەکییەکانی دیکەی ئەو، دەبێت ئاماژە بکەین بە پاشکۆی لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی لە سێ بەرگدا: ریالیزم و ئامانجی زانست  (1983)، جیهانی کراوە: ئارگیومێنتێک بۆ نادێتێرمینیزم  (1982)، تیۆری کوانتۆم و سیزم (ناکۆکی) لە فیزیکدا (1982).

بە شێوەیەکی گشتی پۆپەر بەرگریکاری هزری ئازادی سیاسیی و ململانێی ئازاد، تیۆرداڕێژی ئەندازیاری چڤاتی پلە بە پلە  (جزء بە جزء)، بەرگریکاری کۆمەڵگەی کراوە ، و نەیاری مێژووگەرایی  و هەرجۆرە ئایدیۆلۆژییەکی شۆڕشگێڕی و یۆتۆپیاییە، هەروەها گۆزارشتە گفتوگۆئامێز و تازەکانی پۆپەر لە هزری فەیلەسوفە سیاسییە کۆنەکان، بەتایبەت پلاتۆن و هێگل، ئەویان لە ریزی راڤەکارە ناودارەکانی فەلسەفەی سیاسیی داناوە. بنەمای هزری سیاسیی پۆپەر، دەبێت لە برگریکردنی ئەو لە لیبرالیزم بۆی بگەڕێین، بەڵام لەبەرئەوەی لیبرالیزمەکەی پەیوەندی هەیە بە تیۆرییەکانی لەبارەی زانستەوە، بۆیە پێویستە بەرگریکردنی ئەو لە لیبرالیزم لە دەقی تیۆری گشتی ئەو لەبارەی ناوەڕۆکی زانین و ئازادی و ئاوەزگەرایی هزرین و پراکتیکی مرۆیی، بۆی بگەڕێین.

### فەلسەفە و میتۆدی زانست

لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی تیۆریی زانستیی پۆپەر، دۆزینەوەی وەڵامە بۆ کێشەی ئیندۆکسیۆن لە زانستدا، کە لە رۆژگاری دەیڤد هیومەوە گومانێکی سەرەکی لە بنەڕەتی زانستیی ئەزموونگەری دروستکردبوو. لە سەردەمی فرانسیس بەیکن، زانستی ئەزموونگەری و یاساویست، پشت بەست بوو بە پرەنسیپی ئیندۆکسیۆن: ((تیۆریی نادروست لەبارەی زانست، کە بە بەیکن دەستی پێکردبوو... تیۆرییەک بوو پشت بەست بەوەی زانستە سروشتییەکان هەموویان زانستی ئیندۆکسیۆنین)) ، بەڵام هیوم گومانی لەم فۆرمە کرد، بەڵگەی ئەوەی خستەڕوو، کە لۆژیکیانە ناتوانین یاسا راستەکان لەبارەی شتە ئەزموونکراوەکانی رابوردوو، لە ئاییندەشدا بە راست و فراوان بزانین ((زانست لە بنەڕەتدا ئیندۆکسیۆنی و پشت بەست بە ئەزموون و بینین نییە، هیوم ئەم ئەفسانەیەی تێکەڵکردووە)) . لەم رووەوە زانستی ئەزموونگەریی ئیندۆکسیۆنیی یاساویست لە روانگەی لۆژیکی و ئەزموونییەوە بنەڕەتێکی پتەوی نییە، لەبەر ئەوەی ئیندۆکسیۆن شیاوی دیدۆکسیۆن نییە لە لۆژیک و ئەزموونداد. پۆپەر بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە راستی یاسا دۆزراوەکان (بەوجۆرەی هیوم دەیگوت) شیاوی سەلماندن نین، بەڵام لە بنەڕەتدا لەبەر ئەم هۆیەی ناتوانین رەتیانبکەینەوە، بەڵکو پێویستە لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە هەڵبسەنگێندرێن (و لە روانگەی هاوتاییبوونەوە دەوڵەمەندتر بن) بۆئەوەی بتوانین ئەوانە ڕەتبکەینەوە، یان بە درۆیان بخەینەوە. لە بەرانبەر رەخنەکەی هیومدا، پۆپەر باوەڕیوایە ((ئێمە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاسیڤانەی دووبارەبوونەوەی رووداوەکان بین، کە هەندێک رێسا بەسەرماندا بسەپێنن، ئەوا ئاکتیڤانە هەوڵدەدەین رێساکان بەسەر جیهاندا بسەپێنین. هەوڵدەدەین بۆئەوەی وێکچوونەکانی نێو جیهان بدۆزینەوە، و ئەوانە بەپێی ئەو یاسای خۆمان دامانهێناوە، روونبکەینەوە، بۆئەوەی چاوەڕوانی

چەند پێشەکییەک بین، رووەو دەرەنجامەکان دەڕۆین. لەوانەیە هەمان ئەو دەرەنجامانەی، ئەگەر نادروستیان دەرکەوت، بەرکەناریان بکەین)) ، کەواتە دەبێت تیۆرییە زانستییەکان وەها رێکبخەین، کە بە ئاسانی شیاوی رەخنەلێگرتن و پووچەڵکردنەوە بن. دانایی و زانست لە رێگەی پوچەڵکردنەوە و رەخنەوە پێشدەخرێن. بە دەربڕینێکی دیکە، هەوڵدانی هزری لە رێگەی رەتکردنەوەی تیۆرییەکان، گەشەکردنی زانستی لێدەکەوێتەوە. گەرەکە پووچەڵشیاوی ببێتە جیاکەرەوەی بڕیارە ئەزموونییەکان لە نائەزموونییەکان و ببێتە پێوەری دیاریکردنی زانست لە نیمچەزانست . لە پرۆسێسیی پەرەسەندنیی زانستدا ئەو گومانانەی لایەنن لە روونکردنەوەی شتەکان، لێدەدرێن، پاشان ئەو گومانانە لە رێگەی تاقیکردنەوەوە پووچەڵدەکرێنەوە. لەم رووەوە گەشەسەندنیی زانست بەرهەمی مێتۆدی هەڵە لابردنە .

کەواتە زانستی تەواو و نەگۆڕ بوونی نییە. زانست لە رەخنە و پووچەڵکردنەوەوە بەرهەمدێت. بە پێچەوانەی تیۆریی باوی پۆزەتیڤیستەکان، گەشەسەندنیی زانست لە جەختکردن و سەلماندنی تیۆرییەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی رەخنەکردنەکانی و گۆڕان تێداکردنەکانییەتی. ((مامەڵەی زانستیی رەخنەکارییانەیە، دوای جەختێتی ناکەوێت، ئەزموونە سەرەکییەکانی گەرەکە، ئەو ئەزموونانەی لەوانەیە لە رێگەی تاقیکردنەوەوە ئەو تیۆرییە پووچەڵبکرێنەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بیانسەلمێنێت)) .

لەم رووەوە زانست و زانینی زانستی ناوەڕۆکێکی ناجەخت و ناکۆتایی و گومانئاسای هەیە. ناکرێت بە هیچ تیۆرییەکی زانستی بگوترێت تەواو راست و حەقیقین، تەنها دەشێت بگوترێت ئەزموون لایەنگری ئەوە. ((وێنەی گشتی زانست لەمەدایە، کە ئێمە پرسێکی بەرچاو هەڵدەبژێرین، پاشان ئازایانە و نەترسانە تیۆرییەک وەکو رێگەچارەیەکی کاتی پێشەکەشدەکەین، پاشان بە توانستی خۆمان هەڵدەستین بە رەخنەگرتن لە تیۆرییەکە، واتە

هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی ڕەتْ و پووچەڵی بکەینەوە. ئەگەر لە ڕەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوەدا سەرکەوتوو بووین، ئەوا تیۆرییەکی دیکە دەخەینە ڕوو، و جارێکی دیکەش ئەوە ڕەخنە دەکەین... گشتْ مێتۆدی زانستْ دەتوانین بۆ ئەم پەیڤانەی کورتبکەینەوە: گومانی نەترسانە لەژێر پشکنینی ڕەخنەکردنی توند و لەتەک تاقیکردنەوەی سەختْ)) . بەمجۆرە بەهۆی پرەنسیپی پووچەڵکردنەوە، لە هەر زەمینەیەکدا دۆزینەوەی تیۆرییەکی تەواوتر شیاو دەبێتْ. پنتی گرنگ لە تیۆری زانستی پۆپەردا ئەوەیە، کە تیۆرییە زانستییەکان بەرهەمی گومانن، ڕاستییەکەی، ئیندۆکسیۆن ڕۆڵێکی لە بەرهەمهاتنی ئەوانەدا نییە. ئەزموونەکان و تاقیکردنەوەکان نەک تەنها بنەمای تیۆرییەکان نیین، بەڵکو لەژێر ڕۆشنایی ئەواندا واتە پەیدادەکەن و تیۆرداڕێژ دوای گومان و ڕوانین بە دوای ئەوانەدا دەڕواتْ. ((تیۆری گومان و پووچەڵکردنەوە نیشانیدەداتْ، کە بۆچی هەوڵی ئێمە بۆ سەپاندنی گوزارشتە تیۆرییەکان بەسەر جیهاندا لۆژیکیانە دەبێتە هۆی بینینی وێکچوونەکان... تیۆرە زانستییەکان کورتەی بینینەکان نیین، بەڵکو داهێنراون، ئەو گومانە نەترسانەن، کە بۆ تاقیکردنەوە دەخرێنە ڕوو، بۆ ئەوەی ئەگەر ناکۆک بن لەتەک بینینەکان، بسڕدرێنەوە)) . ئیندۆکسیۆن لە ڕاستیدا پرۆسیسێکی دەروونییە نەک لۆژیکی. تیۆرییە تازەکان بەرهەمی ئەزموون و ئیندۆکسیۆن نیین، بەڵکو دەرەنجامی ڕەخنەی تیۆرییە هەبووەکانن و گەیشتن بە هەر تیۆرییەکی تازە، ئەوا لەخۆگری گومان و ئینتوئسیۆن ە. لە ڕاستیدا تیۆر لە ڕووی کاتەوە لە پێش بینینە. ((لە بنەڕەتدا بینینی بێ لایەنانە بوونی نییە. هەر بینینێک چالاکییەکی مەبەستدارە... کە لە پرس و ڕەوش و دۆخە چاوەڕوانکراوەکانەوە (یان ئەوەی دواتر ناوم نا «ئاسۆی چاوەڕوانی») دەکەوێتەوە. ئەزموونی هەڵچوون بوونی نییە... گومانەکان یان گریمانە گەرەکە لە پێش بینین و پێرسەپنکردنەوە بێتْ: ئێمە چاوەڕوانی لە ناخدا

ڕسکاو و زانینی لەناخدا ڕسکاوی شاراوەمان هەیە)) . بە شێوەیەکی پوخت پرۆسیسی بەرهەمی زانست بەدەستهاتوو نییە لە ئەزموون و بینینەوە بۆ تیۆر، بەڵکو لە تیۆرەوە بۆ ئەزموون و بینین بەدەست دێت.

بە شێوەیەکی گشتی بەو جۆرەی بینیمان، پۆپەر ئیندۆکسیۆن بە جیاکەرەوەی زانست لە نیمچەزانست یان نازانست نازانێت. بە تێڕوانینی ئەو، ئەوەی زانست لە نیمچەزانست جیادەکاتەوە هەڵەشیاوی و پووچەڵشیاویی بڕیارەکانە، لەبەرئەوەی تەنها بڕیارەکان شیاوی ڕەتکردنەوە و ئەزموونکردنن . ڕەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی تیۆرییەکان، هۆشی زانستی فراواندەکات. گریمانە پووچەڵشیاوەکان، کە ئەگەری بەدرۆخستنەوەیان زێتر نەک ڕاستیان، ئەوا لێکۆڵینەوە و پشکینینی زانستی دەوروژێنن. لەم ڕووەوە پۆپەر بڕوایوایە پووچەڵکردنەوەی تیۆر و گریمانەکان ڕێگەی بەرفراوانی زانست خۆش دەکات، نەک جەختکردنەوە و سەلماندنیان. بەم هۆیەوە پێویستە بەدوای دۆزینەوەی کەموکوڕی گریمانەکانەوە بین، ئیدی ڕەخنەکردنی ئەم کەموکوڕییانە دەخرێنە ڕوو. بە گوتەی پۆپەر ((لە قۆناغی پێش زانستدا ئێمە نەفرەتمان لەو لێهزرینەیە، کە پێیوایە دەشێت ئێمە لەهەڵەدا بین، کەواتە تا ئەو شوێنەی شیاو بێت بە شێوەیەکی دۆگماییانە گومانەکانی خۆمان دەپارێزین، بەڵام لەسەر ئاستی زانستی ئێمە بە شێوەیەکی دیسپلین لە گەڕاندانین بە دوای هەڵەکانی خۆماندا)) . سەرەنجام بە چەندین تیۆریی باشتر دەگەین. تیۆریی باشتر ئەوەیە، کە لەتەک ئەوەی تیۆرییەکانی پێشووتر ڕووندەکاتەوە، ئەوا لەتەکیاندا دژ دەوەستێت. ((بەرەوپێشچوونی زانستی کۆکردنەوەی هەرچی زێتری بینینەکان نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی تیۆرییە لاوازترەکان و لەجێدانانەوەی چەندین تیۆریی باشتر و تایبەت لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتر)) . لەتەک ئەمەدا تەنها دەتوانین بێژین لە ڕوانگەی دیاریکردنەوە تیۆری نوێ بە شێوەیەکی کاتی بەهێزترە لە تیۆرییە کۆنەکان. هەر تیۆرییەک پێویستە بە ڕوون و ئاشکراییەکی،

هەرچی تەواوتره دەربرڕدرێت، بۆئەوەی بتوانین پووچەڵکردنەوەکەی بخەینە روو. تیۆرییە پووچەڵنەشیاوەکان نیمچەزانستین، کەواتە پووچەڵشیاوی پێوەری تیۆریی زانستییە. تیۆریی زانستی دەبێت شیاوێتی ڕەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی هەبێت. لە تیۆرییەکدا جیهان بە ناچاری داخراوە، بەڵام لە کاتێکدا جیهانی ئەزموون کراوەیە. لەم ڕووەوە ئەگەر تیۆرییەک بڕوای وابێت، کە گشت ئەزموونی هەنوکە و ئاییندە دیاریدەکات (هەرچەندە وەها توانستێکی ڕوونکردنەوە لایەنگرانی تیۆرییەکە خۆشحاڵدەکات)-ڕۆڵی وەها بانگەشەیەک نیشانی نیمچەزانستی و لەسەر هەڵەبوونی تیۆرییەکەیە. بۆ نموونە مارکسیستەکان هەمیشە هەوڵیانداوە بە پێداچوونەوە بە هزری خۆیان پرەنسیپەکانی ئەو تیۆرییە لە مەترسی پووچەڵکردنەوە و ڕەتکردنەوە رزگاربکەن. ئەوانە ئەم پرەنسیپانە بە خاوەن جەختێتییەکی پووچەڵنەشیاو دەزانن، بەڵام تیۆری زانستی ئەوەیە، کە لە بنەڕەتدا پووچەڵشیاو بێت.

سەرباری ئەمە پۆپەر بە پێچەوانەی پۆزەتیڤیستە لۆژیکییەکانی گروپی ڤییەنا، نیمچەزانستی بە بێ واتا و پووچ نەدەزانی. بە تێڕوانینی ئەو تیۆرییە نازانستییەکان شیاوە بگۆڕێن و ئەزموونشیاو بن. ((داهێنانی تیۆرییەک، یان گریمانەیەک هەمیشە هەڵگری قۆناغێگی دۆگماتیکی و بە گشتی قۆناغێکی ڕەخنەکارییە)) . گشت ئەو تیۆرییە مەزنانەی، کە بە بەشێکی بەرهەمە بەرجەستەکانی مێشکی مرۆیی دادەنرێن، لە چەندین دۆگمی کۆنترەوە هاتوونەتە بوون، کە ڕەخنەیان لێگیراوە . ((ئەو کاتە قۆناغێکی ڕەخنەگرانە دەستەبەر دەبێت، کە پێشتر قۆناغێکی دۆگماتیکی بوونی هەبووبێت، کە لە درێژەی ئەو قۆناغەدا شتێک-چاوەڕوانییەک، کارێکی ڕێکوپێک لە ڕەفتاردا، فۆرموڵە ببێت، بۆئەوەی قۆناغی لابردنی هەڵەکان شیاو و چالاک بێت)) ، بەڵام تەنها بە مێتۆدی ڕەخنەکاری، واتە مێتۆدی لابردنی هەڵە، دەتوانین لەوە تێبگەین، کە گومانی دۆگماتیکی دروستبووە یان نا.

بەمجۆرە پێوەری جیاکردنەوەی زانست لە نیمچەزانست واتاداربوونی بڕیارەکان نییە، بەڵکو تەنها ڕەتکردنەوەی شیاوێتی پووچەڵئامێزی ئەوانەیە. ((پۆزەتیڤیستەکان پێوەری سەلماندنشیاوی و واتاداری وەکو پێوەرەکانی جیاکردنەوەی ]بڕیارە زانستییەکان لە نازانستییەکان[ بەکار دەهێنن، ئەوان لەم بابەتە نائاگا دەکات، کە من پووچەڵشیاوی تەنها وەکو پێوەری جیاکردنەوە بەکار دەهێنم و نەک وەکو پێوەری واتاداری)) . تیۆرییەکانی مێتافیزیکی و نازانستی و یان نازانستی واتایان هەیە، بەڵام شیاوی تاقیکردنەوە و سەرەنجام پووچەڵشیاو نین. لێرەدا سیزم (جیاوازی بۆچوون)ی پۆپەر بە تەواوی لەتەک پۆزەتیڤیستە لۆجیکییەکان دەردەکەوێت، کەواتە تیۆرە نازانستی، یان نازانستییەکان بێ بەها و بێ واتا نین. ((تێپەڕین لە مێتافیزیکاوە بۆ زانست هەنگاوێکی نائاگاییانە نییە: ئەوەی دوێنێ لێهزرینێکی مێتافیزیکی بووە، شیاوە سبەینێ بگۆڕێت بۆ تیۆرییەکی زانستی تاقیکردنەوەشیاو)) ، هەروەها پۆپەر دەبێژێت: ((من تیۆرییە مێتافیزیکییەکان بە هاوتای تیۆرییە زانستییەکان دەزانم... بە جۆرێک بتوانرێت ڕەخنە بە شێوەیەکی ئاوەزمەندێتی لە تیۆریی مێتافیزیکی بگیرێت، ئەوا دەبێت بانگەشەی ڕاستێتییەکەی بە جدی پەسەند بکرێت)) . تەنانەت دەبێژێت: ((لەوانەیە... بتوانین لە مێتافیزیکادا بۆ جیاکردنەوەی سیستەمە میتافیزیکییە بێ بەهاکان لەو سیستەمانەی بەهای لێکۆڵینەوە و ڕامانیان هەیە، پێوەر بدۆزینەوە. ویستی ڕاستەقینەی خوازیاری مێتافیزیک ئەوەیە، کە هەموو ڕەهەند و لایەنە ڕاستەقینەکانی جیهان... لە وێنەیەکی تاکدا کۆببنەوە... کەواتە پێوەرەکە لێرەدا هەمان پێوەری زانستەکانە. ئایا (وێنەی جیهان) بەهای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی هەیە، یان نا، بە تێڕوانینی من پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە ئایا دەبێتە هۆی ڕەخنەی ئاوەزمەندێتی و هەوڵدان بۆ تێپەڕین لە خود و گەیشتن بە وێنەیەکی باشتر یان نا)).

توێژینەوەی پۆپەر لەبارەی مێتۆدی زانست و گرنگی رەخنە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە تیۆرییەکەی لەبارەی سێ جیهان: جیهانی یەکەم، جیهانی شتەکان و دیاردە ئۆبژێکتی و ئەستوییەکان، جیهانی دووەم، جیهانی سەبژێکتی و نێوسەبژێکتییەکانە، جیهانی سێیەم، جیهانی بەرهەمەکانی ئۆبژێکتی هۆش و ئـاوەزی مرۆڤە یان ئاوەزمەندییەکانە (ئەم جیهانە دروستکراوی مرۆڤە، بەڵام لەو سەربەخۆ دەبێت). جیهانی ئاوەزپەسەندەکان (معقولات) پێکهاتووە لە زمان، ئەدەبیات، هونەر، فەلسەفە، ئاین، ماف، مۆراڵ، زانست، تەکنیک، حکومەت و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کە لە چوارچێوەگەلی ئۆبژێکتی و ئەستوویی (ماتەری) لە شێوەی کتێبدا رێکخراون. مرۆڤ ئەم جیهانەی دروستکردووە، بەڵام ئەو جیهانە وەکو شتێکی ئۆبژێکتی دەخاتە بەر تێڕامان و رەخنەکردن و هەڵسەنگاندنەوە. هەریەکێک لە بەشەکانی جیهانی ئاوەزپەسەندەکان چیرۆک و رەوتی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم جیهانە بەرهەمی کردەی مرۆڤە، بەڵام دەرەنجامی پڕۆژە و نەخشەیەکی پێشینی (ئاپێریۆری) نییە. پەرەسەندنی جیهانی ئاوەزپەسند بەرهەمی رەخنە و گومان و پووچەڵکردنەوەیە، و پێشینەی رەخنەی ئاوەزی بۆ شارستانێتی گریکی دەگەڕێنەوە.

سێ جیهانەکەی پۆپەر، پەیوەندییەکی نزیکیان لەتەک یەکدیدا هەیە. ئەم پەیوەندییە بنەڕەتی تیۆرییەکەی ئەوە لەبارەی ناجەختی و کرانەوە ی جیهان. جیهانی یەکەم داخراو نییە، بەڵکو لەژێر کاریگەری بەردەوامی جیهانی دووەمدایە، و جیهانی دووەم لەتەک جیهانی سێیەمدا لە مامەڵەیەکی هەمیشەییدایە و جیهانی سێیەمیش کاریگەری لەسەر جیهانی یەکەم دادەنێت. ((هیچ بەڵگەیەکی روون و ئاشکرا نەخراوەتە روو لەبارەی رەتکردنەوەی کرانەوەی جیهان و ئەو راستینەیەی، کە شتە تەواو تازەکان هەمیشە لە دۆخی نەشونماکردندان، هەروەها هیچ بەڵگەیەکی دروستیش

نەهێنراوەتەوە، کە سێبەری گومان بخاتە سەر ئازادی و داهێنانەکانی مرۆڤ. پرەنسیپی ناجەختی بەس نییە. بۆ تێگەیشتنی ئازادی، مرۆڤ شتی دیکەی گەرەکە. ئێمە پێویستمان بە ئایدیای کرانەوەی جیهانی یەکەم بەڕووی جیهانی دووەم و جیهانی دووەم بەڕووی جیهانی سێیەم و کرانەوەی خودی و سەربەخۆی جیهانی سێیەم هەیە)).

بە تێڕوانینی پۆپەر ئەگەر زانین و زانستی مرۆیی هەمیشە ناتەواو و بەردەوام لەتەک جیهانی یەکەمدا ئاوێتە بێت، کەواتە ئەو جیهانەی هەڵگری زانین و زانستی مرۆییە، دەبێت هەمیشە کراوە بێت، بێگومان پرەنسیپی ناجەختی و کرانەوەی جیهان پەیوەندییەکی سەرەکی هەیە لەتەک پرەنسیپی پووچەڵشیاوی، لەبەرئەوەی زانینی زانستی لە ڕێگەی گومان و پووچڵکردنەوەوە بڵاودەبێتەوە. بە دەربڕینی ئەو ((ئەگەر سروشت تەواو دێتێرمینیستیک بێت، ئەوا دەبێت بیاڤی کارەکانی مرۆڤیش بەمجۆرە بێت. لەم شێوەیەدا ئیدی زانست بوونی نەدەبوو، تەنها رواڵەتی کار دەبوو)) .

پۆپەر دێتێرمینیزمی زانستی، توندترین شێوەی لە تیۆری لاپلاسدا خستبووە روو، بە ((سەختترین و جدیترین کێشە لە ڕێگەی روونکردنەوەی ئازادی، داهێنان، بەرپرسیارێتی مرۆڤ و بەرگریکردن لێیان دادەنێت)) . ئەو دێتێرمینیزمی زانستی بە تیۆرییەک پێناسەدەکات، کە بەهۆی ئەوە ((پێکهاتەی جیهان بەوجۆرەیە، ئەگەر ئێمە وەسفێکی تەواو وردمان لەبەردەستدا بێت لەبارەی رووداوەکانی رابردوو و ئاگاداری تەواوی یاساکانی سروشت بین- ئەوا ئەودەم بەشێوەیەکی ئاوەزی و بە بەرزترین پلەی وردی شیاوی پێشبینیکردنە)) ، بەڵام وەها تیۆرییەک هەم ناقیناکرێتەوە و هەم پووچەڵنەشیاوە. دێتێرمینیزم ئەگەری هەرجۆرە داهێنان و ئازادییەک دەهیچێنێت. بە دەربڕینی پۆپەر ((داهێنانی بەرهەمێکی نوێ وەکو سەمفۆنی «جەی مینور»ی مۆتسارت بەدەستی فیزیکزانێک یان فیزیۆلۆژیستێک، کە

لە توانستی جەستەیی مۆتسارت، بە تایبەتی مێشک و ژینگەی ئەستوویی ئەو دەکۆڵێنەوە، شیاوی پێشبینیکردن نییە)) . تیۆری دێتێرمینزمی زانستی ((دەگۆڕێت بۆ ئەم تێڕوانینەی، کە ملیاردها ساڵ پێشتر، ئەتۆمەکانی جیهانی یەکەم لەخۆگری شیعری هۆمیرۆس و فەلسەفەی پلاتۆن و سیمفۆنییەکانی بیتهۆڤن بوون)) .

تێگەی جیهانی سێیەم لە هزری پۆپەردا، پەیوەندییەکی نزیکی لەتەک تێگەی زانستی ئۆبژێکتی هەیە. هەر رەخنەکردنێکی تیۆرییەکان، بەر لە هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە، دەبێت لە فۆرمی ئۆبژێکتی زماندا ئاشکرابکرێت. هزر تا ئەو کاتە ئۆبژێکتی نییە و تەنها لە جیهانی دووەم، واتا لە جیهانی هۆشدا بێت، شیاوی رەخنەکردن و هەڵسەنگاندن نییە، کەواتە دەربڕینی رۆشن و ئازادی رەخنەکان و هزرەکان رێگە رووەو جیهانی سێیەم دەکاتەوە. تەنانەت ئەگەر زانایەک تیۆرییەکەی خۆی تاقیکردبێتەوە و سەلماندبێتی، تا ئەو کاتەی ئەو تیۆرییە لە رێگەی تاقیکردنەوە گشتیترەکان نەسەلمێندرێت، بە بەشێک لە زانستی ئۆبژێکتی و جیهانی سێیەم ئەژمار ناکرێت. زانست تەنها کاتێک ئۆبژێکتیڤییە، کە بەشێک بێت لە جیهانی سێیەم و پەیوەستی گشتی بێت، کەواتە زانست بەشێکی جیهانی دووەم نییە. جیهانی زانست جیهانی ئۆبژێکتییە، کە بە گشتی لە دەرەوەی سەبژێکتەکاندا بوونی هەیە. ((ناسین و زانینی زانستی تەنها ئەوە نییە، کە لە رستەی «من دەزانم»دا دەردەکەوێت. زانین بە واتای «من دەزانم» پەیوەستە... بە جیهانی سەبژێکتەکان، لە کاتێکدا زانینی زانستی پەیوەستە... بە جیهانی تیۆرییە ئۆبژێکتییەکانەوە)) .

زانست لە تێڕوانینی پۆپەردا، پرۆسیسێکی پەرەسەندنخوازانەیە، و لە دەرەنجامی کاردانەوە بۆ پرسەکان و کێشەکان پێشدەخرێت. لەم رووەوە لە نێوان رەوتی گەشەکردنی زانست و پرۆسێسی پەرەسەندنخوازانەی ژیاندا

پەیوەندی هەیە. ((دیاردەی زانست و زانینی مرۆیی، بێگومان گەورەترین پەرجووە لە جیهاندا)) . تیۆرداڕێژی زانستی لە مرۆڤدا وەکو ئامڕازسازی وایە لای گیانەوەران بۆ رێککەوتن لەتەک ژینگەدا روودەدات. ((هەموو بوونەوەران شەو و رۆژ بەردەوام دەرگیری شیکاری پرسەکانن)) . لە قۆناغە بەرزەکانی پەرەسەندندا، مێتۆدی رەخنەگرانەی لابردنی بەردەوامی هەڵەکان بە شێوەیەکی تەواو دەردەکەوێت. تیۆرییەکان وەکو کەرەستەکان لە جیهانی یەکەمدا، گۆڕانکاری چێدەکەن. تەواوی بەرهەمەکانی جیهانی سێیەم و لەوانە زانست، بە درێژایی قۆناغەکانی پەرەسەندن دروستدەبن و بەرهەمی پووچەڵکردنەوە و گۆڕانکاری و رەخنەکردن و هەڵسەنگاندنی هەمیشەیین. ناتوانین هیچ رۆڵێک لەوانە بەپێی مۆدێلێکی دیاریکراو دابمەزرێنینەوە. هیچ کاتێک لە هیچ زەمینەیەکەوە ناتوانین لە سفرەوە دەستپێبکەینەوە. ئێمە لە هەموو کایەکاندا میراتگری رابردووین و پشت دەبەستین بە داب و نەریتەکان، هەرچەندە رێگەی پێشکەوتن لە هزرئازادی و هزرینی تازەدایە .

بە کورتی لە تێڕوانینی پۆپەردا ((بنەمای ئەزموونگەرایی زانستی ئۆبژێکتیڤی هیچ جۆرە رەهایەتییەکی نییە. زانست لەسەر گاشەبەردەکان بینانەکراوە. پێکهاتەی تیۆرە زانستییەکان لەسەر زەلکاودا دەردەکەوێت، وەکو پێکهاتەیەکە لەسەر پایەی خۆڵ وەستابێت. خۆڵەکان لەسەرەوە دەڕژێنە نێو زەلکاوەکەوە، بەڵام هیچ کاتێک بە پایە و بنەمای لەپێشدراو و سروشتی ناگەن. ئەگەر دەبینە رێگر لەبەردەم رژانی زێتری خۆڵەکان، ئەوا بەو هۆیەوە نییە بە زەوییەکی گران و پتەو گەیشتووین. ئێمە تەنها کاتێک بە راستی دەوەستین، کە دڵنیا بین خۆڵەکان بە ئەندازەیەکی پێویست پتەون، کە بیناکە بپارێزن)) . لە شوێنێکی دیکەدا پۆپەر بەمجۆرە دەبێژێت: ((پێویستە وێنای بوونی سەرچاوەی مەبەستداری زانین وەلاوە بنێین و دانی پێدابنێین تەواوی زانین مرۆییە و ئەم زانینە پێکهاتووە لە هەڵەکان دەمارگرژییەکان،

خەونەکان و ئومێدەکانی ئێمە. تەنها دەتوانین کوێرانە رووەو حەقیقەت بزوێین، هەرچەندە حەقیقەت لە ئێمەوە دوورە دەسنبێت. لە تەواوی کایەکانی زانست و زانیندا هیچ ئارگیومێنتێک نییە لەدەرەوەی رەخنە بێت... حەقیقەت لە دەرەوەی هەنگاوی مرۆڤدایە و دەبێت ئەم وتەیە بە بەهادار بزانین، لەبەرئەوەی بەبێ ئەوە هیچ پێوەرێکی ئۆبژێکتی بۆ توێژینەوە و رەخنەی گومانەکانمان بوونی نییە...)) .

لەبارەی رەتکردنەوەی مێتۆدەکان و ئایدیۆلۆژییە شۆڕشگێڕییەکان و هیستۆریسیزم

یەکێک لە ئامانجە کۆتاییەکانی کۆمەڵگەی کـراوە و دوژمنانی روونکردنەوەی بنەما فەلسەفەییەکانی تۆتالیتاریزم و فاشیزم و هۆی مەیلی جەماوەرە بۆ ئەوانە. گرنگترین هۆکاری سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی هاتنە ئارای تۆتالیتاریم راکردنی خەڵکییە لە ترسی ئازادی و بەرپرسیارێتی نەخوازراو و حەزیان بۆ ئاساییش. دوای دەرچوونی مرۆڤ لە چڤاتی نەریتی ئۆتۆرینەخواز و داخراو و گەیشتنە نەریتی رەخنەگرانە، ئەو هەل و مەرج و پێویستییە نوێیانەی روویاندا، کە بوونە هۆی نیگەرانی و گرژی قوڵ لە مرۆڤدا، بە جۆرێک ئارەزووی گەڕانەوە بۆ منداڵدانی ئاساییشی لەدەستچووی تێدا بێدار بووەوە. لە چڤاتی مۆدێرندا نەریت و هیرارشی و ئاین رووەو پشتیوانێکی ئاساییشی تاک دەکەون، توانستی رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە و هەڵبژاردنی رێگە جۆراوجۆرەکان و بێ پێشینەکانی ژیان دەستەبەر دەبێت و گومان لە زانراوە کۆنەکان دەکرێت. چڤات بەهۆی کاریگەری فشارەکانی شارستانێتی رووەو دابڕان هەنگاو دەنێت و تاک لە ئازادهزرین ەوە بۆ دۆگماتیزم و لە ئازادییەوە بۆ ئاساییش پەنا دەبەن. ریشەی مەیلی خەڵکی بۆ چڤاتی داخراو، کە لە کۆنەوە لە بەرانبەر مەیلی شارستانێتی بۆ ئازادی و رەخنەکاری پەیدا بووە، هەر ئەمەیە: خۆزیای یۆتۆپیای هێمن و ئاساییش،

خۆزیای چڤاتێکی داخراو و دوور لە دەستی ئازادی هزر و رەخنەکاری. کۆنەپارێزی و ئایدیالیزم، واتا پەنابردنە بەر نەریتەکانی رابردوو و گەڕان بە دوای یۆتۆپیا لە ئایندەدا، هەردوویان لە یەک رەگەزن و هەردوویان پشت بەستن بە توندوتیژی بۆ ریشەکێشکردنی هزری ئازاد. هەردوویان دژە گۆڕانکاری و خوازیاری چڤاتێکی وەستاون. هەردوویان دەگۆڕێن بۆ تۆتالیتاریزمی (راست و چەپ)، کە دیمەنی پراکتیکیان یەکەمیان فاشیزم و ئەویدیکەیان کۆمۆنیزمە. بە تێڕوانینی پۆپەر هەندێک لە فرەزانترین و ئاگامەندترین فەیلەسوفان بە مەیلە مرۆییەکانیان و هەستی نیازپاکیان، واتا بۆ چاککردنی چڤاتی مرۆیی، پلاندانەری کۆمەڵگەی داخراو و دوژمنی کۆمەڵگەی کراوە و ئازادی و رەخنەگرتن و گۆڕانکاری بوون. بە تێڕوانینی پۆپەر پێشەنگی فەیلەسوفە کۆنەپەرستەکان پلاتۆنە و گرنگترین هزرڤانی یۆتۆپیای ئایندە کارل مارکسە. پۆپەر، بە پێچەوانەی رەخنەگرانی رابردوو، ناکەوێتە رەخنەگرتن لە پنتە لاوازەکانی هزرینەکانی ئەم فەیلەسوفانە، بەڵکو لەتەک لەخنەکردنی پنتە بەهێزەکانیاندا خەریک دەبێت، لە کاتی پێویستدا، لۆجیکی ناوەکی ئەو فەیلەسوفانە بە مەبەستی خستنەڕووی پنتی بەهێزیان دادەمەزرێنێتەوە و وایلێدەکات شیاوی بەرگریکردن بێت، خۆی دووردەگرێت لە جەختکردنەوە لەسەر پنتە لاوازەکان. بەمجۆرە کاتێک دەکەوێتە رەخنەکردنی بناغە پتەو و بەڵگاندنە بنەڕەتییەکانی ئەم فەلسەفانە، ئیدی هیچ بەڵگاندنێک بۆ بەرگریکردن لە دەستی لایەنگرانی ئەم فەلسەفانەدا نامێنێتەوە.

پۆپەر لە هزری پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسدا بە دوای ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕی تۆتالیتاریزم و هیستۆریسیزم (مێژووگەرایی)دا دەگەڕێت. ئۆتۆریتاریانیزم دەسەڵاتداریەتی (اقتدارگرایی) پلاتۆن و ئیزێنتیالیزم (جەوهەرگەرایی) ئەریستۆتێلیس بنیادی ئەم دووانەن. فەلسەفەی یۆتۆپیای

پلاتۆن فەلسەفەیەکە بۆ پارێزیکردنی چڤاتی داخراو و دەوڵەتی تۆتالیتێر و رێگرتن لە گۆڕانکارییەکانیان. پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس بانگەشەکاری فەلسەفەی غەیبوێژانە بوون، کە هێگل میراتگری بوو. ((شێوازی هزری سکۆلاستیکی و میستیک]ی[ و نائومێدی لە وابەستەبوون - هەمووی دەرەنجامی ناچارەکیانەی رێبازی ئیزێنتیالیزمی پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسە، و هەڵچوونی ئاشکرای پلاتۆن لە بەرانبەر ئازادی، دەگۆڕێت بۆ شۆڕشی نهێنی ئەریستۆتێلیس بەرانبەر بە ئاوەز)) . ئەم دووانە رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە ((دەرکەوتنی فەلسەفەی هێگل، کە پیری هیستۆریسیزم و تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆیە)) . لە سەدەکانی نێڤینیشدا ((کڵێسا بە شوێنپێی تۆتالیتاریزمی پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسدا رۆیشت و ئەم رەوتە دواجار لە ئەنگیزاسیۆندا گەیشتە لوتکە. بە تایبەتی سەرچاوەی ئەنگیزاسیۆن (دادگای پشکنینی بیروباوەڕ)، تیۆرییەکەی پلاتۆن بوو)) . دوای ئەوە، فەلسەفەی هێگل سەرچاوەی هەموو رێبازەکانی هیستۆریسیزمە لەم سەدەیەدا. ((باڵی چەپی توندڕەوی مارکسیستەکان و میانەڕەوە کۆنزێرڤاتیڤەکان و فاشیستە راستگەرا توندڕەوەکان-هەموویان ]فەلسەفەی[ هێگل بە بنەمای فەلسەفەی سیاسیی خۆیان دادەنێن)) . ((هێگل... لەنوێوە ئیدێکانی پلاتۆنی دۆزییەوە، کە پاڵپشتی هەڵچوونی هەمیشەیی بوون لە بەرانبەر ئاوەز و ئازادیدا. فەلسەفەی هێگل وەکو دووبارە هاتنەئارای تریبالیزمە (قبیلەپرستی)... وەکو دەبێژن ئەو ئەڵقەی بزربوونی نێوان پلاتۆن و فۆرمی ئەمڕۆیی تۆتالیتاریزمە. لایەنگرانی ئەمڕۆی تۆتالیتاریزم... هەموویان لە کەشی داخراوی فەلسەفەی هێگلەوە هاتوون، و فێری ئەوە بوون دەوڵەت و مێژوو و نەتەوە بپەرستن)) . هێگل بە فەلسەفەکەی خۆی ئایدیالەکانی شۆڕشی فەرەنسی وێراندەکات و لە پلەی فەیلەسوفی فەرمی و خزمەتگوزاری دەوڵەتی پروس ((خودا و پروس بەیەکەوە پاساو دەدات)) و ((لە لایەکەوە پەرستنی پلاتۆنیستیانە و

پروسویستیانەی دەوڵەت و لە لایەکی دیکەوە، پەرستنی مێژوو و کۆیلایەتی لە بەرانبەر سەرکەوتن لە مێژوودا، دەکاتە جێگرەوەی تۆخمی ئازادیخوازی و ناسیۆنالیزم)) و ((هێشتاش لە سەردەمی ئێمەدا رێبازی هیستۆریسیزمی شێتئامێزانەی هیگڵ، وەکو ئەو هەوێنەیە، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی خێرای تۆتالیتاریزم . نزیکەی تەواوی ئێگە گرنگەکانی تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆیی، راستەوخۆ لە هێگلەوە بە میراتی ماونەتەوە)) . ئەم ئێگانە بریتین لە: ناسیۆنالیزم لە واتا رەگەزپەرستییەکەیدا. بەرزڕاگرتنی دەوڵەت و جەنگ، لادانی دەوڵەت لە بەرپرسارێتی مۆراڵی، یەکێتی ستەم و ماف، ستایشکردنی رێبەران و کەسێتی جیهان-مێژوویی . سەرەنجام پۆپەر دەربڕینەکەی شۆپێنهاوەر بەمجۆرە دەهێنێتەوە: ((ئەگەر رۆژێک گەرەکت بوو گەنجێک گەمژە بکەیت و توانستی هەرجۆرە لێهزرینێکی بە تەواوەتی لێوەربگرییەوە، باشترین رێگە ئەمەیە کتێبەکانی هێگلی بدەیتێ بیخوێنێتەوە)) .

واپێدەچێت داوەریکردنەکەی پۆپەر سەبارەت بە مارکس، لە بەرانبەر بە بۆچوونە وروژێنەرەکانی لەبارەی هێگل، هاوسەنگتر و بێلایەنانە و تەنانەت هاوڕایانە بێت. هەڵبەتە ئەو جیاوازی دادەنێت لە نێوان لێهزرینەکانی مارکس و مارکسیزمدا. بە تێڕوانینی پۆپەر مارکسیزم ((پەتیترین، پەرەسەندووترین و ترسناکترین فۆرمی هیستۆریسیزم بووە)) . بە تێڕوانینی ئەو سەرچاوەی هزری مارکسیزم و فاشیزم هەردوویان یەک شتە، هەرچەندە ((مارکس ] تیۆرییەکەی خۆی[ تاقیکردەوە و لەتەک ئەوەی لە تیۆرییە سەرەکییەکانی بەهەڵەدا چوو، ئەوا تاقیکردنەوەکەی بێهوودە نەبوو)) ، بەڵام ((مارکس لەتەک بوونی هەموو شایستەییەکانی، ئەوا پێغەمبەرێکی درۆزن بوو. ئەو پێشبینی رەوتی مێژوویی کرد و پێشبینییەکانیشی راست دەرنەچوون... ئەو دەیان کەسی هۆشمەندی گومڕا کرد و باوەڕی پێهێنان بەوەی رێگەی زانستیانەی بەریەککەوتن لەتەک گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشبینییەکی مێژووییە . ئەو

بەهۆی ئەو فێربوونەی لە فێرگەی هێگلدا دەستی کەوتبوو، بە سەختی کەوتە ژێر کاریگەری جیاوازی دێرینی نێوان نۆمینا(شت لەخۆدا) و دەرکەوت و جیاوازی نێوان جەوهەری و ناجەوهەری . ئەو پێشکەوتنەی وایدادەنا سەبارەت بە هێگل (و کانت) بەرهەمیهێناوە ئەمە بوو، کە نۆمینا یان ریالیتی لەتەک جیهانی ئەستوورییدا، وەکو مێتابۆلیزمی مرۆڤ، بە یەک شتی دادەنا و دەرکەوت یان دیاردەی بەیەک شت دەزانی لەتەک جیهانی ئیدێکان)) . بە تێڕوانینی پۆپەر ((مارکس جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە لە نێوان مێتۆدی تەواو هیستۆریسیزمیانەی خۆیی و هەرجۆرە شرۆڤەیەکی ئابوری بە مەبەستی پرۆگرامسازی ئاوەزمەندی، وێکچوویی بوونی هەیە)) و ئەمەش بنەڕەتی لەبەرچاونەگرتنی گرنگی سیاسەتە. ((تیۆرییەکەی ئەو ]مارکس[ سەبارەت بە ناتوانایی هەر بەشێکی سیاسەت و باوەڕیشی لەبارەی دیموکراسی ]وەکو فۆرمێکی دیکتاتۆری چینایەتی[ بە تێڕوانینی من نە تەنها هەر هەڵەیە، بەڵکو هەڵەیەکی کوشندەیە . بەپێی تیۆرییەکەی مارکس خۆی ]بە پێچەوانەی مارکسیستەکان[ ئێمە ناتوانین داکەوتی ئابوری بە خواست و ویستی خۆمان بگۆڕین، وەکو ئەوەی لە ریفۆرمیزمی مافدا دەتوانین. سیاسەت جگە لەمە شتێکی دیکە نییە، کە «ژانی لەدایکبوون کورتتر و ئاسانتر بکات» . لە دەرەنجامدا ئەو تێڕوانینە، کەمئامێزەی مارکس سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسیی هەیبووە، نە تەنها لە داڕشتنی تیۆرییەک لەبارەی گرنگترین ئامرازی پۆتێنسیال(هێزەکی) ی باشترکردنی رەوشی هـەژاران، بەڵکو لە گەورەترین مەترسی هێزەکی بۆ ئازادی مرۆڤیش خۆی خافڵ کردووە. تێڕوانینی سادە و ساکارانەی ئەو لەبارەی ئەوەی لە چڤاتی بێچین دا دەسەڵاتی سیاسیی هیچ رۆڵێکی نییە و دەوڵەت ئەرکی خۆی لەدەسندەدات و «دەژاکێت و وشکدەبێتەوە» بە روون و ئاشکرایی نیشانیدەدات، کە هەرگیز لەوە تێنەگەیشتووە دەسەڵاتی سیاسیی دەتوانێت چ کارێک بۆ خزمەتی ئازادی و مرۆیی بکات و گەرەکە بیکات)).

به ئێرڕوانینی پۆپەر پێشبینیکردنی دەرکەوتنی چڤانی بێچین، نە تەنها لەتەک ئەو پێشەکیانەدا ناگونجێت، کە مارکس خستوونیەتە روو، بەڵکو ((بۆ زۆرێک لە خەڵکی جۆرێکە لە هەڵاتن، رێگەیەک دروست دەکات بۆ هەڵاتن لە بەرپرسیارێتییەکانی هەنوکە و سپاردنی بە بەهشتی ئایندە)) . زیانبارترین تۆخم لە مارکسیزمدا، لە روانگەی سیاسەتی پراکتیکییەوە، هەمان پێشبینیکردنی شۆڕشێکی توندوتیژئامێزە . بە ئێڕوانینی پۆپەر ((هۆکاری نشوستهێنانی ئەو ]مارکس[ لە پلەی پێغەمبەری و پێشبینیدا، هەژاری رێبازی هیستۆریسیزمەکەیەتی، واتا ئەم داکەوت (واقعیەت)ەی ئەگەر ئەمڕۆ سەرنجی شتێک بدەین، کە وەکو مەیلێک یان پرۆسیسێکی مێژوویی دەردەکەوێت، ناتوانین بزانین ئایا سبەینێش وەها دەردەکەوێت یان نا)) . لەتەک ئەمەدا پۆپەر سەبارەت بە لێهزرینەکانی مارکس لایەنی راست لە دەستنادات و رایدەگەیەنێت: ((لە ناکۆکی نێوان ئایدیالیزم و ماتەریالیزم دا زێتر لەتەک مارکسدا هاوڕام. ئامانجی من نیشاندانی ئەم پنتە بوو، کە لێکدانەوەی ماتەریالیستییانەی مارکس بۆ مێژوو ، لەتەک هەموو ئەو بەهایانەی دەشێت هەیبێت، ئەوا نابێت زۆر بە جدییەوە وەربگیرێت)) ، هەروەها دەبێژێت: ((بە ئێڕوانینی من باوەڕ(ایمان)ی مارکس لە بنەڕەتدا باوەڕ بوو بە کۆمەڵگەی کراوە . بەپێی پرەنسیپە مۆراڵییەکانی مارکس، ئێگەکانی وەکو ئازادی و یەکسانی لە هەموو شتێک گرنگتر بوون)) . ] تەنانەت[ ((کاریگەری مارکس لە ئاینی کریستیانیدا ]لە روانگەی ریفۆرمە مۆراڵییەکانەوە[ لەوانەیە بتوانین بەراوردیبکەین لەتەک کاریگەری لۆتەر لە ئاینزای کاتۆلیکیدا... مارکسیزمی سەرەتا بەو وردبینی و شێلگیرییە پراکتیکییەی لە پرسە مۆراڵییەکاندا دەیکرد، هەروەها ئەو جەختکردنەوەی، کە لەسەر کردەوە دەیکرد، نەک قسە، لەوانەیە گرنگترین هزری چاکسازی رۆژگاری ئێمەی ختسبێنە روو)) . بە ئێڕوانینی پۆپەر ((ئەگەر لە ]مارکس[یان

پرسیبا: ئایا ئێمە دەبێت دروسنکەری چارەنووسی خۆمان بین، یان تەنها باوەڕ بە پێشبینییەکەی بکەین؟ ئەو دروسنکاری بەسەر پێشبینیدا قبوڵدەکرد)) . لەتەک هەموو ئەمانەدا پۆپەر لە شرۆڤەکردنی کۆتاییدا تێڕوانینی وایە، کە ((لە نێوان ئاکتیڤیزمی مارکس و باوەڕبوونی بە هیستۆریسیزم گرفتێکی گەورە هەیە و تیۆرییەکەیشی لەبارەی ئەمەی چارەیەکی دیکە نییە، جگە لە خۆدانە دەست هێزە نائاوەزییەکانی مێژوو، ئەوا ئەم گرفتە بەرفراوانتر دەکات . مارکس هیستۆریسیزمی لە هێگل وەرگـرت، بەڵام دواتر بەم ئەندازەیە بەسی نەکرد و مۆڵەتی ئەوەی دا هیستۆریسیزم زاڵبێت بەسەر ئاکتیڤیزمدا ]یان بە باوەڕی ئەو بە کاریگەری کردە[)) .

بەشێوەیەکی پوخت گرنگترین بانگەشەی مارکسیزم ئەمەیە، کە مێژوو و چڤات ملکەچی یاسا زانستییە ناچارەکییەکانن و دەشێت لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە ئاییندەی مێژوو و چڤاتی مرۆیی پێشبینی بکەین. هەنگاوی دژ بەم کردەی ئەم یاسایانە نەشیاوە، واتای سۆسیالیزمی زانستی لە بەرانبەر سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی هەر ئەمەیە. هەڵبەتە پۆپەر هزری مارکس بە یۆتۆپیایی ئەژمار ناکات، هەرچەندە مارکسیزمی سەدەی بیستەم لە فۆرمی کۆمیونیزمدا وەها تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە. ئەو زانستیبوونەی هزری مارکس رەتناکاتەوە، واتا بە سەرنجدانی ئەوەی خاوەن ناوەڕۆکێکی یاسامەندە، بە پووچەڵنەشیاوی نازانێت. بەم هۆیەوە بە تێڕوانینی ئەو دەبێت بیروباوەڕەکانی مارکس تاقیبکرێنەوە، کە تاقیکراونەتەوە و بە گشتی پووچەڵ و رەتکراونەتەوە. بەمجۆرە بەپێچەوانەی تێڕوانین و پێشبینییەکانی مارکس، کۆمیونیزم لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان دەرنەکەوتووە، پرۆلیتاریا رۆڵی نەبووە لە شۆڕشە کۆمیونیستییەکانی سەدەی بیستەمدا، کرێکاران لە چڤاتە پیشەسازییەکاندا پۆشتەتر بوون و ئاگایی چینایەتیان لەدەستداوە. چڤاتی سەرمایەداری پێشکەوتوو لە نێوان دوو جەمسەری بـۆرژوازی و

پرۆلیتاریادا دابەشنەبووە، بەڵکو چینی ناوەڕاست گەشەی سەندووە، کەواتە تیۆری زانستی مارکس پووچەڵبووەتەوە. ((مارکسیزمی زانستی مرد، بەڵام دەبێت دوو شت تێیدا بە زیندوویی بمێنێتەوە: یەکێکیان هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئەوی دیکەیان خۆشەویستی بۆ ئازادی)) .

بە تێڕوانینی پۆپەر مارکسیزم تەنها نموونەیەکە لە تیۆریاکانی هیستۆریسیزم. بەهۆی ئەمجۆرە تیۆریانە مێژوو بەگوێرەی یاسا ناچارەکی و دیتێرمینییەکان چەند قۆناغێک دەبڕێت و بەگوێرەی هەمان ئەو یاسایانە، ئایندەی چڤات شیاوی پێشبینیکردنە. هەموو ئەو تیۆریانەی لە هەوڵی دۆزینەوەی ئاراستە ناچارەکییەکانن لە پرۆسیسی مێژوودا، ئەوا هیستۆریسیزم(مێژووگەرایی)ن. لە وەها تێڕوانینێکدا مێژوو گشتێکە، کە بەشەکانی بەگوێرەی یاسا هەمەکییەکانەوە بەیەکتربییەوە بەستراونەتەوە. لە تێڕوانینی پۆپەردا ئایدیۆلۆژییە شۆڕشگێڕییەکان هەم هیستۆریسیزم و هەم هۆلیست (گشتگەرا)ن . لەوێشەوە کە مێژوو بە هاوتای پلان و نەخشە دەزانن، ئەوا ئامانج، یان یۆتۆپیایشی بۆ وێنادەکەن. بە تێڕوانینی پۆپەر تیۆریاکانی هیستۆریسیزمی مێتافیزیکی و فەلسەفەیی و زانستی هەموویان یەک تۆخمن. بە پێچەوانەی ئەمجۆرە تیۆریانە، پۆپەر پێیوایە وەرچەرخانی مێژوو ملکەچی یاسا دیتێرمینییەکان نییە، بەڵکو دەرەنجامی هەوڵدانی ئێمەیە بۆ شیکاری پرسیارەکان و چارەسەری کێشەکان. مێژوو خۆی لە خۆیدا داهێنەری مەبەست و ئامانج و ئاراستەیەک نییە، بەڵکو کارەکانی ئێمە ئەم جۆرە شتانەی پێدەدات. هەڵبەتە گەشەسەندن و وەرچەرخانی مێژوو، ملکەچی گەشەسەندن و پەرەسەندنی زانستی ئێمەیە، بەڵام شێوەی پەرەسەندنی زانستی ئێمە لە ئایندەدا شیاوی پێشبینیکردن نییە. هەرکەسێک بتوانێت ئەمڕۆ بەهۆی ئەو ئامرازە زانستیانەی هەن دۆزینەوەکانی سبەینێ پێشبینی بکات، هاوکات دەستی بەو دۆزینەوانە دەگات، و ئەمە بە واتای کۆتایی

پرۆسیسی گەشەسەندنی زانینە و ئەگەرنا لە بنەڕەتدا بە دۆزینەوە ئەژمار نەدەکران. لە پەراوێزی ئەم تێگە هەمەکییەدا، نەشیاوبوونی پێشبینیکردنی وەرچەرخانەکانی چڤاث و پرۆگرامسازی تەواو بۆ چڤاث هەیە. کارەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، و کاری سیاسیی بەتایبەتی، کاریگەری وای هەیە، کە لە دەرەوەی نیازی سەبژێکنەکەیە (یان بکەرەکەیە).

لە تێڕوانینی رەخنەگرانەی پۆپەردا، تێڕوانینە یۆتۆپیایی، یان شۆڕشگێڕییەکان بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، یان ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی پشت بەستە بە نازانستث، یان لێهزرینی نائاوەزمەندی. لەم رووەوەیە، کە هەوڵدان بۆ بەدەستەبەرکردنی ئایدیۆلۆژییە هۆلیستث و یۆتۆپیایی و هیستۆریسیزمەکان کارەساتبار و زیانبارە. بەمجۆرە هەر یاسایەکی سروشتی ناجەختی و پووچەڵشیاوە، یاسا و گریمانە چڤاتۆلۆجییەکانیش ، تەنانەث ئەوکاتەی بەڵگەی سەلمێنەریشیان هەیە، هەر دەبێث بکەونە بەردەم ئەزموونی پووچەڵکردنەوەوە. هەر لێرەوە دەردەکەوێث هاتنەئارای خواستە یۆتۆپییەکان بۆ ئاواکردنەوەی تەواوی چڤاث لە رووی لۆجیکییەوە نەشیاوە. ((بە بەڵگەیەکی زۆرەوە ناتوانین تەواو یان بە نزیکەیی تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان رێکبخەین، لانیکەم لەبەرئەوەی پراکتیزەکردنی هەر سیستەمێکی تازە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆمەڵێک پەیوەندی نوێ دادەهێنێث، کە دیسانەوە دەبێث رێکبخرێنەوە)) . کاتێک روانینی یۆتۆپیایی بۆ ئەندازیاری کۆمەڵایەتی لە رووی لۆجیکییەوە نەشیاوە، ئەوا لە کەموکورتی و نەسازی تێڕوانینە هۆلیستەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێث، لەبەرئەوەی ئەم زانستانە تایبەتمەندی هەڵبژاردن و هەندەکی بینینەکان لەبەرچاو ناگرن، و لێکۆڵینەوەی چڤاتی وەکو گشتێک دادەنێن.

پۆپەر لە نێوان دوو ڕێگەچارەی ئەندازیاری یۆتۆپیایی، یان هۆلیست و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلە، تەنها دووەمیان بە شیاو دەزانێت. باوەڕداران بە یۆتۆپیا ((ئەوەی لە بنەڕەتدا پلە بەپلەیە بێئێبینیکردن و نەزانانە بەکاردەهێنن)) . ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هۆلیست، یان یۆتۆپیایی، تیۆرییەکە لەبارەی چڤات و بەشە دیاریکارەکانی لە پشتەوەیە، کە سەرەنجام پشت بەستە بە گومان. لە بەرانبەردا ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلە دەبێت هەلومەرجی پێویست لە روانگەی ئەزموونییەوە لەبەرچاو بگرێت. ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بەبێ توانستی رەخنەگرتن لە ئامانج و مێتۆدەکانی ناکاریگەرە. ((پێشکەوتن بە گشتی وابەستەیە بە هۆکارە سیاسییەکانەوە، واتا پەیوەندی بەو دامەزراوانەوە هەیە، کە پارێزەری ئازادی هزرن)) . دەبێت توانستی رەخنەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەر جۆرە ئەندازیارییەکی کۆمەڵایەتی پارێزراو بێت. ئەم تێگەیە بەو جۆرەی بینیمان، دەرەنجامی تیۆرییەکەی پۆپەرە سەبارەت بە گەشەسەندنی زانست وەکو پرۆسیسی لابردنی هەڵە. سەرباری ئەمە، رەخنەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت لەبەر چەند هۆیەکی دیکە پێویستییە و لەوانە، کە کاری سیاسیی هەمیشە دەرەنجامی ناخواستە دەخاتەوە. پۆپەر چەند بەڵگەیەک دەهێنێتەوە لە پێوانە فراوانەکەیدا بۆ رەتکردنەوەی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هۆلیست(گشتگەرا): یەکەم لەم جۆرە ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییەدا، لەبەر ئـەوەی بـەردەوام هەنگاوی فـراوان و گشتگیر ئەنجامدەدرێت، ناتوانین بە ئاسانی دیارییکەین، کە کام یەکێک لەم هەنگاوانە لە بەرهەمهاتنی دەرەنجامەکاندا کاریگەر بووە، کەواتە ئەمجۆرە مێتۆدە دەستخستنی زانینی ئەزموونگەریانە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی نەشیاو دەکات. بە تێڕوانینی پۆپەر، تەنانەت ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلەش، هەمیشە نابێتە هۆی دەستخستنی زانینی ئەزموونگەری پێویست

لەبارەی چڤاتەوە. ((زۆرێک لە تاقیکردنەوە زۆر خوازراوەکان، لەتەک ئەوەی یۆتۆپیایی نین و ناوەڕۆکێکی پلە بەپلەیان هەیە، ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر لە سنووری خەون و خەیاڵدا دەمێننەوە. لە پراکتیکدا (ئەندازیاری کۆمەڵایەتی) گەرەکە بە گشتی پشت بەست بێت بەو تاقیکردنەوانەی، کە لە هۆشدا تاقیکراونەتەوە)) ، بەڵام ئەمە بەم واتایە نییە مێتۆدێکی باشتر وێناکرابێت لە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پلە بەپلە. دووەمیان ئەمەیە، کە بە تێڕوانینی پۆپەر پرۆگرامسازی و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هۆلیست، یان یۆتۆپیایی ناتەواون، یان بە دەربڕینێکی باشتر، ناتوانن رێگربن لە بەردەم دژایەتیکردنی ئامانجەکانی خۆیان. بە گشتی هەوڵدان بۆ دامەزراندنەوەی هەمەکیانەی چڤات لەتەک چەندین دژایەتی فراواندا رووبەڕوو دەبێت، لەبەرئەوەی لەتەک بەرژەوەندییە جێگرەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەریەکدەکەون. سەرباری ئەمە کۆدەنگبوون لەبارەی ئامانجەکانی ئەمجۆرە هەنگاوە یۆتۆپیایی و هۆلیستانە زۆر دوورە. لە دەرەنجامدا ئەندازیارانی کۆمەڵایەتی، یان شۆڕشگێڕان گەرەکە نەیارانیان سەرکوت بکەن، و یان بێدەنگ و ملکەچیان بکەن. لەم رووەوە حکومەت ناوەرۆکێکی ئۆتۆریتەخوازانە وەردەگرێت و ناچاردەبێت دژایەتی هەرجۆرە رەخنەگرتن و نەیارییەک و ئۆپۆزیسیۆنێک بکات. وەها حکومەتێک پەیوەندی خۆی لەتەک چڤات لەدەستدەدات، تەنانەت ناتوانێت لە سنووری گونجاندنی پرۆگرامە رەچاوکراوەکانی خۆی تێبگات. سەرەنجام شۆڕشگێڕان دەگۆڕێن بۆ چینی ئەریستۆکراتی نوێ و ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە بۆ داپۆشینی سەرمافییەکان(امتیازات)ی خۆیان بەکاردەهێنن: ((ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕی دەبێت بە تلیاکی گەلان)). شۆڕشگێڕان کاتێک بۆ رزگارکردنی رۆژەڤە شۆڕشگێڕی و یۆتۆپیاییەکانی خۆیان دەستەڵاتێکی تـەواو بەدەستەوە دەگرن، بۆ پاراستنی ئەوە دەست بە هەنگاونانی خێرا، یان پرۆگرامسازی

پرۆگرامنەسازاو دەکەن. بەمجۆرە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی یۆتۆپیایی، ناچارەکیانە نشوستی بە ئامانجەکانی خۆی دەهێنێت.

ئایدیۆلۆژییە یۆتۆپیایی و شۆڕشگێڕییەکانیش، کە لە هەوڵی دامەزراندنی جیهانێکی ڕەوان و بێ وێنە و خەیاڵین، لەبەرئەوەی شتی نوێ و بێوێنە بە تەواوەتی نەشیاوە، هەر ئایندەیەک بنەڕەتی لە ئێستا و رابردوودا هەیە. ئاواکردنی (یان دامەزراندنی) یۆتۆپیای بێوێنە نەشیاوە، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو کارەی ئێمە دەتوانین ئەنجامی بدەین ئەمەیە، کە لەسەر ڕەوشی ئامادە کاربکەین و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەین. شۆڕشگێڕان و باوەڕدارانی یۆتۆپیا بە گۆڕانکاری هەندەکی ناڕەزامەندن، و خوازیاری گۆڕانکاری هەمەکی پێکهاتەی چڤاتن. بە دەربڕینێکی دیکە، دەرگیری ئەو دژوازییەن، کە گەرەکیانە بەر لەوەی شتێک لە هەندەکییەتدا گۆڕان پێبدەن، دەخوازن تەواوی رژێم بگۆڕن. سەرباری ئەمە، شۆڕشگێڕان و لایەنگرانی یۆتۆپیا پروپاگەندەی ئەوە دەکەن، کە زانیاری و زانینی تەواویان سەبارەت بە چڤات هەیە، کە ئەمە خۆی نەشیاو و وێنانەکراوە، هەروەها ئەم وێناکردنەش بێ بناغەیە، کە دەبێژێت مێژوو ئامانجی هەیە، لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی ئەوەی پێدەگوترێت ئامانج، دیسان گۆڕانکاری تێداروودەدات و ئامانجی دیکە دەخاتەوە، کەواتە مێژوو داخراو نییە، ناتوانین رایبگرین. هەرچی زێتر بچینە پێشێ ئاسۆی نوێی دیکە دەکرێنەوە، و هیچ کاتێک ناتوانین بگەینە کەناری ئارامی و کۆتایی ئاسۆکە. پارادۆکسێکی دیکەیش هەیە و ئەویش ئەمەیە، کە شۆڕشگێڕەکان و خەیاڵاتەکانیان کاریگەر دەبن بە چڤات و ڕەوشی باو و ئەو شتەی بەشێک لە ڕەوشی باو ناشێت لەنێو ببرێت. ئاواکردنی چڤاتێکی تەواو نوێ و بێوێنە وابەستەیە بە وێرانکردنی ڕەوشی باو، بەڵام وێرانکردنی ڕەوشی زاڵ بە واتای نەشیاوبوونی هەر پراکتیزەکردنێکە، کەواتە جگە لە هەنگاوەکان و

بزووتنەوە هەنگاو بەهەنگاو و پلە بەپلەکان (کە دەبنە هۆی گۆڕانکارییە بنەڕەتی و بناغەییەکان)، ڕێگەیەکی دیکە بوونی نییە. تەنانەت ئەگەر بتوانین چڤات تەواو لەسەر بنەمای پلان و نەخشە ئاوابکەینەوە، دیسانەوە ئەمە لە دەستی پلاندانەران و نەخشەسازان دەترازێت و بەهۆی کاریگەری وەرچەرخانە ناچارەکییەکان دەگۆڕێت. بە شێوەیەکی گشتی لە تێڕوانینی پۆپەردا گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕی و هەمەکی و رادیکالەکان لەو چڤاتانەی دامەزراوەیەکی پێویستیان نییە بۆ ڕەخنەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت، زۆر دژوارە. ڕەوشی لەبار بۆ وەها ڕەخنەکردنێکی سیاسەت و حکومەت هاوتەرییە بە پرۆسیسی چارەسەرکردنی کێشە لە ڕێگەی لابردنی هەڵەوە لە زانستدا. لە تێڕوانینی پۆپەردا ڕەوشی ڕەخنەی زانستی و لابردنی هەڵە تەنها لە حکومەتە دیمۆکراتیک و لیبراڵەکاندا هەیە و گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکان لەم هەل و مەرجانەدا کێشە و کەموکوردتی دروستدەکەن.

### لەبارەی بەرگریکردن لە دیموکراسی و کۆمەڵگەی کراوە

بەوجۆرەی بە ڕۆشنی بینیمان، تیۆرییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی پۆپەر لە تیۆرییە ئێپستمۆلۆجییەکەوە، کە بنەڕەتی فەلسەفەی زانستی ئەوە، سەرچاوە دەگرێت. بابەتی سەرەکی کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی بریتییە لەوەی، کە دەبێت بۆ بنەڕەتی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە لێهزرینەکان و تیۆرییە فەلسەفەییەکاندا بۆی بگەڕێین. بە تێڕوانینی ئەو پرەنسیپی ڕەخنەگرانەی ئاوەزمەندی، کە لەبارەی تیۆریا زانستی و مێتافیزیکییەکاندا بەکار دەهێنرێن، دەبێت بە هەمان ئەندازە لەبارەی تیۆریا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار بهێنرێن. بەڵگاندنەکانی هەردوو کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی و هەژاری هیستۆریسیزم لە تیۆریی ئێپستمۆلۆجی کتێبی لۆجیکیی دۆزینەوەی زانستی سەرچاوەیان

گرتووە. رەخنەی ئاوەزمەندی وەکو ئەوەی بنەمای گەشەکردنی زانستە، ئەوا تایبەتمەندی سەرەکی کۆمەڵگەی کراوەیشە.

پۆپەر لە کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانیدا بە شێوەیەکی سانا بەرگریدەکات لە دیموکراسی و یان بە دەربڕینێکی باشتر لە سۆسیال-دیموکراسی. لەسەر بنەمای فەلسەفەی مێتۆدۆلۆجی ئەو، واتا لابردنی هەڵە، باشترین شێوەی گەیشتن بە چڤات، باشترین چارەسەر پلە بەپلەی کێشەکانە، کە چڤات گرفتاری بووە. هەروەکو ئەوەی لە زانستدا پێشکەوتن پێویستی بە رەخنەکردنی هەمیشەیی هەیە، ئەوا لە سیاسەت و چڤاتیشدا رێگەی گەشەکردن و پێشکەوتن بەستراوە بە ئـازادی رەخنەکاری و خستنەڕووی پێشنیارەکان و رێگەچارە جۆراوجۆرەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و دەستەبەرکردنی گۆڕانکاری بەپێی ئەو بنەمایانە. نهێنی پێشکەوتنی دیموکراسییەکانی خۆرئاوا لە سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو دیموکراسیانەدا نادۆزرێنەوە، بەڵکو لە پێشزەمینەی ئازادی هزرین و رەخنەکاریدایە. بە دەربڕینێکی دیکە، دیموکراسی هۆکاری سەرەکی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئابوری خۆرئاوا بووە. دیموکراسی توانستی ئەمە دەستەبەردەکات، کە سیاسەتەکانی دەوڵەت وەکو گریمانەیەکیان لێبێت و دەبێت بەردەوام دەستکاری و ریفۆرمیان تێدا بکرێت. سیاسەتڕێژی خۆی لەخۆیدا لەخۆگری هەندێک پرسی پێشبینی نەکراوە، هەرچی هزرینی پێشوەخت و لێکۆڵینەوە و رەخنەگرتن لەبارەی ئەوە زێتر بێت، ئەوا توانستی سەرکەوتنی زۆرە. رەخنەگرتن شیمانەی لابردنی هەڵە زۆر دەکات. لە سیاسەتڕێژیدا تەنها نیازپاکی بەس نییە و بڕیارە سیاسییەکان گەرەکە بەردەوام تاقیبکرێنەوە، نە بەو مەبەستەی ئاستی سەرکەوتنیان دەرکەوێت، بەڵکو بە مەبەستی دیاریکردنی ناتەواوی و نەسازییەکانیان. بە پێچەوانەوە سیاسەتڤانان بەگشتی جەخت لەسەر بەڵگەکانی سەرکەوتنیان دەکەنەوە و

له گەڕان بەدوای هەڵەکانی بڕیارەکانیان خۆیان دەپارێزن، ئەمەش خۆی گرنگترین هۆکاری شکستهێنانە. هەڵە لە بڕیارە سیاسییەکاندا، هەر وەکو تیۆرییە زانستییەکان، کاتێک ئاشکرا دەبێت، کە رەخنەگرتن هەبێت و ئەمە خۆی پێویستی بە بوونی کۆمەڵگەی کراوە و پلۆرال هەیە. چڤاتی کراوە چڤاتێکە تێیدا سیاسەتەکانی دەوڵەت بەگوێرەی رەخنەکارییەکان بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت. هەڵبەتە گۆڕان لە سیاسەتەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی بەردەوام پێویستی بە گۆڕانی ئەنجومەنی دەسەڵاتداران هەیە. لەم رووەوە بوونی ئۆپۆزیسیۆنی رێکخراو و ئەگەری گواستنەوەی ئاشتیانەی دەستەڵاتی دەوڵەت لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە مەرجی بەدیهاتنی چڤاتی کراوەیە، کەواتە دیموکراسی تەنها بە واتای مێتۆدێک، کە بەپێی ئەوە زۆرینە دەستەڵاتداران هەڵدەبژێرن، ئەوە دیموکراسییەکی راستەقینە نییە. لەوانەیە زۆرینەی خەڵکی، بەو جۆرەی لە دیکتاتۆری شۆڕشگێڕیدا روودەدات، دەسەڵاتدارانێک هەڵبژێرن، کە دوژمنی چڤاتی کراوە، رێکخراوە سڤیلی و ئازادەکان و رەخنەکاری بن. وەها تێگەیشتنێک لە دیموکراسی تێگەیشتنێکی فۆرمالی(صوری)یە. لەوانەیە چڤاتی کراوە نەتەنها لە لایەن ستەمکاران و کەمینەکان زیانی بەربکەوێت، بەڵکو لەوانەیە لە لایەن زۆرینەوەش زیاندیدە بێت، کەواتە راستییەکەی دەشێت لە بەرانبەر ئەم زۆرینانەش بەرگری لە کۆمەڵگەی کراوە و دامەزراوە ئازادە دیمۆکراتیکەکان بکرێت. لەبەر ئەوە ئەو دێماگۆگ و دیسپۆتیستانەی بە چەندین شێوەی تایبەتی جەماوەریان هاوڕیای خۆیان کردووە و بە ناوی پارێزگاریکردن لە خەڵکی کۆمەڵگەی کراوە و دامەزراوە دیموکراتیکییەکانیان لەنێو بردووە. هەڵبەتە مەرجی سەرەکی کۆمەڵگەی کراوە تۆلێرانسی (لێبوردەیی) سیاسییە. لەتەک ئەمەدا، لێبوردن لەهەمبەر ئەو گروپانەی ئانتی تۆلێرانس(دژەلێبوردەیی)ی دیمۆکراتیکن خەسارە بە بنیادی کۆمەڵگەی کراوە دەگەیەنێت. کەواتە لە

کاتی ناچاری و بوونی هەڕەشەی ترسناک، دەبێت دوژمنانی تۆلێرانس و هەوادارانی کاری توندوتیژی سەرکوت بکرێن.

لە روانگەی سیاسەتە ئابوورییەکانەوە، پۆپەر لایەنگری جۆرێک سۆسیال-دیموکراسییە. بە تێڕوانینی ئەو ئازادیی ئابوریی بێ سنور و گەڕەلاوژە خەسارە بە ئازادی و دیموکراسی دەگەیەنێت. پۆپەر بەرگری لە دەوڵەتی خۆشگوزەران و ئاواکردنی (یان بیناکردنی) دامەزراوەکان دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە چینەکانی خوارەوە و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابوریدا. بە تێڕوانینی ئەو دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابوریدا هەرچۆنێک بێت کردەیەکی ناچارەکییە. دەوڵەت هەر هەڵوێستێک وەربگرێت، چ دەستێوەردان و چ جگە لەوە، ئەوا جۆرێکە لە دەستێوەردان لە کاروباری ئابوریدا. هەرچۆنێک بێت لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا ئازادی تەواوی بازاڕ بوونی نییە، لەبەرئەوەی ئەگەر دەوڵەتیش دەستنێوەرنەدات، ئەوا مۆنۆپۆلیستەکان هەلومەرجەکانی کێبەرکێ بە تـەواوی لەنێو دەبەن. بە کورتی دەوڵەت دەبێت بۆ دابینکردنی ئازادیی ئابوریی هەمووان، بەرنامەڕێژی و دەستێوەردان ئەنجامبدات. بە دەربڕینێکی دیکە، ئامانجی دەستێوەردانی ئابوریی دەوڵـەت پێویستە گەرەنتی زۆرینەی ئازادیی ئابوری بێت. دەستێوەردانی کەمتر یان زۆرتر لە ئاستی پێویست بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، خەسارە بە ئازادی، واتا ئامانجی سەرەکی ژیانی سیاسیی دەگەیەنێت. لەم بارەیەوە پۆپەر هۆشیارمان دەکاتەوە ((بێگومان گەورەترین مەترسی دەستێوەردان-تایبەت دەستێوەردارنی راستەوخۆ-ی زۆربوونی دەستەڵاتی دەوڵـەت و بڵاوبوونەوەی بیرۆکراسییە. شتێکی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی ئەمەیە کەمتر کەسێکی لایەنگرانی دەستێوەردان نەنگییەک لەم بابەتەدا دەبینن... گەرەکە هەم بۆ هێمنی و هەم بۆ ئازادی بەرنامەڕێژی بکەین، لەبەرئەوەی تەنها ئازادی هێمنی

دابین دەکات)) . بۆ دابینکردنی ئەم مەبەستە، دەسەڵاتی سیاسیی دەبێت پەرش و بڵاو بێت، لەبەرئەوەی هەرجۆرە سێنترالیزەبوونێکی دەسەڵات مەترسی دیکتاتۆری هەیە. لەم رووەوە پرسی سەرەکی لە ژیانی سیاسییدا پەیوەست نابێت بە ناوەڕۆک و ژمارەی دەسەڵاتداران (بەمجۆرەی لە فەلسەفەی کۆندا خرابووە روو)، بەڵکو پرسی سەرەکی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە و رێگەی نەهێشتنی دیسپۆتیزمیش رێگرتنە لە پراکتیزەکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانە. پرسی سەرەکی بریتییە لە ((چۆن دەتوانین دامەزراوە سیاسییەکان وەها رێکبخەین، کە تەنانەت دەسەڵاتدارە خراپەکان، یان ناشایستەکان نەتوانن خەسارە بە چڤات بگەیەنن)) .

لە کایەی سیاسەتیی ئابووریدا دروشمی پۆپەر لە بەرانبەر تێڕوانینی لایەنگرانی سوودمەندخوازی، کە بەرگریان دەکرد لە زۆرترین شادی بۆ زۆرینەی تاکەکان، ئەمەیە دەبێت هەژاری و بەدبەختی خەڵکی نەهێڵین. بە دەربڕینێکی دیکە، پێویستە لە جیاتی هەوڵدان بۆ ئاواکردنی یۆتۆپیا، هەوڵی نەهێشتنی کەموکورتییە باوە کۆمەڵایەتییەکان بدەین. پۆپەر لە کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانیدا وەها دەبێژێت: لە نێوان هەموو ئایدیالە سیاسییەکاندا لەوانەیە ئایدیالی شاد و خۆشبەختکردنی خەڵکی مەترسیدارترین ئایدیال بێت. ئەمجۆرە ئایدیالە ئامانجەکەی دەگۆڕێت بۆ سەپاندنی بەها باڵاکانی ئێمە بەسەر خەڵکانی دیکەدا، بۆئەوەی ئـەوان لەوە تێبگەن، کە ئـەوەی بە تێڕوانینی ئێمە زۆرترین گرنگی هەیە بۆ بەختەوەرکردنیان... وەها ئایدیالێک دەگۆڕێت بۆ یۆتۆپیانیزم (یۆتۆپیاگەرایی) و ئاراستە رۆمانتیکییەکان. ئێمە دڵنیاین هەمووان لە چڤاتی تەواو و جوان و ئەندێشەیی (خیالی) ئێمەدا خۆشبەخت دەبن، بەڵام هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بەهەشت لەسەر رووی زەوی، دەبێتە هۆی دامەزراندنی دۆزەخ، دەبێتە هۆی هەڵنەکردن، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی

شەڕی ئاینزایی، بە دابینکردنی رزگاربوون لە رێگەی دەستەبەرکردنی، ئەوا دەزگای ئەنگیزاسیۆن (پشکنینی بیرورِا)ی لێدەکەوێتەوە)) .

بە تێڕوانینی پۆپەر شێوەی دروستکردنی یۆتۆپیا و دابینکردنی خۆشبەختی تەواو بۆ خەڵکی شتێکی نەزانراوە، بەڵام شێوەی کەمکردنەوە و نەهێشتنی کەموکورِی و زیانە کۆمەڵایەتییەکان تا ئاستێک زانراوە. نەهێشتنی بەدبەختی و زیان پاڵنەرێکی پراکتیکی و سۆزداری بەهێزتر لای ریفۆرمیستە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات، نەک دابینکردنی خۆشبەختی و کامەرانی، کەواتە لە جیاتی قسەکردن لەبارەی دابینکردنی زۆرترین شادی بۆ زۆرینەی خەڵکی (بە شێوازەکەی بێنتهام)، دەبێت قسە بکرێت لەبارەی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی زۆرترین رەنج و بەدبەختی زۆرینەی خەڵکی.

لەبارەی پەیوەندی نێوان لۆجیکیی فەلسەفەی زانست و ئێپستمۆلۆجیی پۆپەر لەتەک هزرە سیاسییەکەی چەندین بۆچوونی ناکۆک بوونی هەیە. رەخنەگرانی پۆپەر بڕوایانوایە تیۆرییە زانستییەکەی شۆڕشگێڕییە (بەو واتایەی جەخت لەسەر پووچەڵکردنەوە دەکاتەوە)، لە کاتێکدا تیۆری ئەندازیاری پلە بەپلەی ئەو ریفۆرمیستانەیە. بۆ نموونە یەکێک لە رەخنەگرانی بە ناوی مایکل فریمان بڕوایوایە ئێپستمۆلۆجیی پۆپەر پووچەڵشیاوە، بەڵام فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی دۆگماتیستیانەیە. بە تێڕوانینی فریمان ((لە ئاستی ئێپستمۆلۆجیدا، رەخنەی پۆپەر لە یۆتۆپیانیزم ئەوەیە، کە وەها تێڕوانینێک یاساکانی زانست رەت دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی تێڕوانینی خۆی یاسا زانستییەکان هەمیشە ناجەخت و ناکۆتان. ئەمە خۆی لە دوو لایەنەوە رەخنەی یۆتۆپیانیزم لاواز دەکات: یەکێکیان دانانی هەر تیۆرییەکیی کۆمەڵایەتی بە یۆتۆپیا گەرەکە هەمیشە ناجەخت (نایەکلاییکەرەوە) بێت، و دووەم ئەمەیە لەبەرئەوەی پۆپەر خۆی ئەمە دووبارە دەکاتەوە مەرجی گیانی زانستیانە بەدەستهێنانی بەردەوامی بەڵگە

پووچەڵکارەکانی یاسا ناجەختەکانە، پێدەچێت تیۆرییەکەی ئەو لەبارەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی زانست و زانین ئاقیکردنەوە یۆتۆپییەکان یاساغ نەکات، بەڵکو لەوانەیە هانیشیان بدات)).

ئێرنێست گێلنەر، یەکێکی دیکەیە لە رەخنەگرانی، بڕوایوایە ((لە نێوان فەلسەفەی زانست و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکەی پۆپەر هەم هاوسەنگی و یەکێتی و هەم ناهاوسەنگی و گرژی بوونی هەیە. فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی لایەنگری فەزیلەتی کرانەوەیە، کە هاوتای کۆمەڵایەتی پووچەڵشیاوە... بەڵام گرژییەکی دیاریش بوونی هەیە، لە زانستدا کرانەوە بە واتای زۆرترین خۆ لەقەرەدانی مەترسی، بەڵام لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا پێچەوانەکەی رێپێدراوە)).

**سەرچاوە:**

**-حسین بشیریە: تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم (لیبرالیسم و محافظـەکاری)، جلد دوم، چاپ هشتم، نشرنی، تهران، 1387، فصل اول و فصل دوم.**

# گرنگی و کاریگەریی پۆپەر
# ماریۆ بارگاس یوسا

**لە فارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد**

ماریۆ بارگاس یوسا یەکێک لە گرنگترین نوسەرانی ئەمریکای لاتین و جیهانی ئیسپانی زمانە و لە ساڵی 2010 خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبیاتدا وەرگرتووە.

ژیانی ئەدەبی ئەو لە ئەوروپا دەستی پێکرد، بەڵام ژینگەی زۆربەی رۆمانەکانی لە وڵاتی (پیرۆ)ی نیشتمانیدایە، ئەگەرچی دەنگی نەیاری یوسا لە بەرامبەر ستەمی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی سیاسی و پیاو سالاری و رەگەزپەرستی نەژادی و توندوتیژی لە هەموو نوسینەکانیدا بە گوێماندەگات، بەڵام بڕوای بەوەشە کە هونەرمەند دەبێت خۆی دووربگرێت لە ئامۆژگاریی و نابێت ئامانجەکانی هونەر بە هاندان و راگەیاندنی ئایدۆلۆژی ئاڵودە بکرێت.

یوسا ساڵی 1936 لە پیرۆ لە دایکبووە، لە هەمان وڵاتدا کۆلێژی ماف و ئەدەبیاتی خوێندووە و ساڵی 1959 بە نوسینی کتێبێک لەبارەی گابرێل گارسیا مارکیز لە زانکۆی (مەدرید)، پلەی دکتۆرای وەرگرتووە، پاش ماوەیەکی کەم لە فەرەنسا خەریکی کاری رۆژنامەوانی بووە، لە دەیەی 1960 بەدواوە، جارجار لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمەریکا وانە دەڵێتەوە.

سەرەڕای نوسینی باسە فکری و فەلسەفییەکانی، دەربارەی روانگەی میتۆدی و فیکری لە ئەدەب و رۆمانیشدا نوسین و ئامادەیی بەرچاو و کاریگەری هەیە، گرنگترین رۆمانەکانی (گفتوگۆ لە کاتێدراڵا)، (جەنگی ئاخر زەمان)، (مەرگ لە ئاند) و (میوانداری بزن).

ئەو وتارەی کە ئێستا وەرگێڕدراوە، دەقی وتاری (ماریۆ بارگاس یۆسا)یە لە شوباتی 1991 لە زانکۆی نیویۆرک، ئەم وتارە نیشانیدەدات، کە بارگاس وێڕای ئەدەبی کە هونەرمەند و نوسەرێکی ئەدەبی مەزنە، لە جیهانی ئەندێشە و فەلسەفیشدا توانای بە هێزی هەیە.

## ئازادی رەخنە و هەڵە

بە بڕوای پۆپەر، هەل و ئەگەری هەڵە و گوناە، هەمیشە بوونی هەیە، تەنانەت لە پایەدارترین ناسین و زانینیشدا بەرچاو دەکەون، ئەم ئاگایی و هۆشیارکردنەوەیە لەم مەتەڵا و بۆسەیە، بێگومان بەومانایە نییە، کە راستی (حەقیقەت) بەدەست نایەت، بەڵکو بەوشێوەیە مانا دەدات، کە بۆ گەیشتن بە راستی، مرۆڤ هەمیشە ئامادەی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی سەرلەنوێ بێت و بڕواکانی خۆی راستبکاتەوە و بەرگەی بیروڕای ئەو کەسانەش بگرێت، کە راستییە بە دەست هاتووەکان دەخەنە بەرامبەر گومان و پرسیار.

ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤ بەدەستی هێناوە و لە زۆرێک لە مەیدانەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگە و سیاسەتدا پێی ئاشنا بووە، خودی بوونی حەقیقەت دەسەلمێنن، مرۆڤ هەڵەی کردووە و لەوانە پەندی وەرگرتووە و بەم هۆکارە و لەم رێگەیەدا بە شێنەیی لە گەڵا سروشت و خۆیبوونی زیاتر و زیاتر ئاشنا بووە، ئەم رەوتە کۆتایی نییە و کاروانی گەڕانەوە و هەڵبەزودابەزەکان رەتناکاتەوە، تەنانەت گریمانە و تیۆرە درۆکانی زانیاری و هۆشیاریش لەم کاروانەدا بەشدارن و ئێمە زیاتر لە حەقیقەت نزیک دەکەنەوە، مەگەر لە پزیشکی و ئەستێرەناسی و فیزیکدا لەم رێگەیانەوە پێشڕەویمان نەکردووە؟ دەربارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتیش، دەتوانین نزیک لە هەمان مانا بیربکەینەوە، فەرهەنگی دیموکراتیک لە کۆمەڵگە

کراوەکاندا لە ڕێگەی هەڵە و چاککردنەوەی هەڵەکان هەلومەرجی مادی و فەرهەنگی باشتری بۆ مرۆڤ دەستخستووە و هەلی زیاتری داوەتێ هەتا خۆی چارەنووسی خۆی دیاریبکات (ئەوە هەمان ((شێوەی هەنگاو بە هەنگاو))ە، کە مانای هەڵبژاردنی پلە بە پلە و ریفۆرمیستانەیە لە بەرامبەر بڕوای شۆڕش کە نیاز و دڵخوازی پۆپەرە).

پۆپەر ڕەخنە- واتا سود لە ئازادی بە بونیادی پێشکەوتن دەزانێت

بەبێ ڕەخنە، بەبێگومان و (بەتاڵا کردنەوە)ی هەر یەقینێک، کەسێک ناتوانێت لە زانست، یان لە باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ڕێگەی بۆ ئاکامێک بەرێت، کاتێک هەندێک لە ڕاستیەکان نەچنە ناو ئەزموون و هەڵەوە، کاتێک ئازاد نەبین کە دروستی و شایستەیی هەر تیۆرێک بخەینە بەر گومان و بەراورد، میکانیزمی ناسینمان لە کار دەکەوێت و ڕێگە بۆ پێناسە و ونبوون دەگرێتەوە لەم ڕەوشەدا، لە جیاتی ڕاستییە عەقڵانیەکان، ئەوەی کە دەستمان دەکەوێت ئەفسانە و پشکنینی بیروڕاو کتێب سوتاندن و سێدارەی هەڵگەڕاوان و سیحر و جادو دەبن، هەروەکو لە ڕابردودا بینیمان مرۆڤ کەسێکی ئازاد و ژیر نییە، بەڵکو بونەوەرێکی کۆیلە و مێگەلیە و بوونی ئەو زیاتر نییە، کە یەکێکە لە جیهانی خێڵا و جیهانێک، کە کاری ناعەقڵانی و خورافە و سەخت ئەندێشی (دۆگمایی) بەڵگە و دەسەڵاتی مەرجەعییان دەبێت ئەم ڕەوتە لەوانەیە، هەروەکو لە ناو بونیادگەرەکاندا هەیە، ڕوخسارێکی ئاینیی پەیدا بکات، کە هیچ کەس نەتوانێت شتێک لە دژ یان ڕەخنەی ڕاستییە (پیرۆزەکان) بڵێت و گومانیان لێبکات، یان وەکو لە ناو کۆمەڵگە تۆتالیتارەکاندا هەبووە (لانیکەم پێش پیرسترۆیکا) ڕوخساری دنیایی بە خۆوە دەگرێت، کە لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕاستییە ڕەسمی و دەوڵەتیەکان بەناوی (ئامۆژگاری زانستی) مارکسیزم-لینینیزم قەدەغە دەکرێت، ئەنجامی هەردوو ڕژێمەکە، وەکو نازیزم و فاشیزم، وازهێنانی زۆرەملێ، یان

خوازیارییە (زۆرەملێیی و بژاردەیی) لە مافی پرسیار و رەخنە، کە بەبێ ئەم مافە، عەقڵانیەت وندەبێت و فەرهەنگ و هەژاری و زانست دەبێتە خورافە و ئەفسونگەری، بەناوی مرۆڤی شارستانییەوە، ئاژەڵ یان دڕندەیەکی سیحرلێکراوی سەردەمە تاریکەکان دێنەوە ناو جیهانی ئێستا.

بۆ پێشکەوتن هیچ رێگایەک نییە، جگە لە کەوتن و هەستانەوەی بەردەوام و نوچدان و سەرهەڵدان، هەمیشە سەرهەڵدانەوە هەڵە و گوناه هەن، بۆیە هەڵبژاردنی راست و دروست لەگەڵ ئەوان ئاوێتەن لە جەنگەڵی فراوانی هەڵە و فریو و ناتوانایی و گومان و ئەزموونەکان، کە لەئەواندا سەرگەردانین، تەنها هۆکارێک کە حەقیقەت بتوانێت رێگەی خۆی بە هاوکاری ئەو بکاتەوە، رەخنەی عەقڵانی و رێکخراوە لە هەر زانین و ناسینێک، یان هەرشتێک کە بە ناسین بناسرێت، ئەم شێوەیەی رەخنە بەیانکەری ئازادییە، بەبێ ئەو مرۆڤ خۆیبوونی بەرەو چەوسانەوە دڕندەیی و تاریکبینی ئیدانە دەکات.

لەوانەیە هیچ بیرمەندێکی دیکە وەکو پۆپەر ئازادی وەکو پێویستیەکی ژیانی بۆ مرۆڤ نەناسیبێت، ئازادی نەک تەنها دابینکەری شێوە شارستانیەکانی زەمینەی ئەفراندنی فەرهەنگییە، بەڵکو شتێکی لەوانیش کاریگەرتر و بنەڕەتی تریشە، واتا بونیادی مەعریفەت، یان زانستیشە، ئازادی یارمەتی مرۆڤ دەدات لە هەڵە و گوناهەکانی خۆی پەند فێربێت، میکانیزمێکە ئەگەر نەبێت، ئێمە هەروەکو باپیرانمان تەوتەم پەرست و مرۆڤ کوژ دەبین و لە نەزانی و پەرێشانی ناعەقڵانیدا ژیان بەسەر دەبەین.

زانین ناسی پۆپەر گرنگترین ئاڕاستە و سەلماندنی فەلسەفی بەهای ئەخلاقی لێبوردن، یان هەڵکردنە، کە فەرهەنگی دیموکراسی زیاتر لە هەرشتێک بەئەو نایاب دەبێت، ئەگەر بەها ئەزەلی و ئەبەدییەکان بوونیان نەبێت، ئەگەر تەنها رێگەی پێشکەوتن لە زانین و ناسیندا هەڵکردن و

چاککردنەوەی هەڵەکان بێت، سەرئەنجام دەبێت لەوە تێبگەین کە ئەوەی لەلای ئێمە حەقیقەتە لەوانەیە حەقیقەت نەبێت، ئەوەی بەدیدی ئێمە وەکو گوناهی دوژمنان خۆی دەنوێنێت، لەوانەیە حەقیقەت بێت بە هەمان ئەندازە ئەگەرەکانی هەڵە لەلای ئێمە و راست و دروستی لەلای ئەوانی دیکە، بەرەو ئەو باوەڕە دەچێت، کە لەرێگەی باس و دانوستان و گفتوگۆ و هاوژیانی هەڵەکانی پێشکەوتن زیاتر دەبێت، نەک لە رێگەی سەپاندنی بیروباوەڕی رەسمی و ناچارکردنی هەمووان بۆ پەیڕەوی و، سزادان و بێ ئابڕووکردنی خەڵک و بەدواکەوتوو نیشاندانیان.

**کۆمەڵگەی داخراو و جیهانی سێ**

لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی، تاک بوونی نەبووە، تەنها خێڵ هەبووە و کۆمەڵگەی داخراو جیهانی مێگەلی ئاڵۆز لە خۆیدا هەوڵەکانی دەدات و بڕوا و نیگای بەرەو جانەوەران و هەورە بروسکەیی و گیانە پیسەکان و هۆکارە بێشومارەکانی ترس و نیگەرانی مرۆڤی سەرەتایی، بە رق و زۆرەوە داخستبوو، تاکی سەربەخۆ و ئازاد لەو جیهانەدا، بونەوەرێکی تازە پەیدابووی مرۆڤایەتییە و پەیدابوونی ئەو تاکە لەگەڵا سەرهەڵدانی رۆحی رەخنەیی، واتا لەگەڵا کامڵبوون و گەشانەوەی عەقڵانیەت و مافی سوود وەرگرتن لە عەقڵی سەربەخۆ بەرامبەر دەسەڵاتی ئاینیی و سیاسی ئەو سەردەمە دەستپێدەکات.

لە وەرچەرخانی مێژوویدا، لە ئەنجامی رێکەوت، یان بە پێی رەوتی ئاڵۆزی ژیان، بەشێک لە مرۆڤەکان سەرپێچیان کرد لەوەی، کە مەعریفە کارێکی سیحراوی و کۆمەڵێک لە بیروباوەڕی پیرۆزبێت لە ئابڵوقەی قەدەغەکراوەکان، گیانی رەخنەییان بەرەو گەردوون واڵاکرد و تێپەڕین بەرەو ئەم جیهانە نوێیە، دەبێت بە ئاکامی گەشانەوەی بەهێز و زانست و هونەر و

تەکنیک و سەراپای هێزی داهێنانی مرۆیی چاک یان خراپ (چونکە بە هیچ ڕێگایەک، ناتوانین بیسەلمێنین، کە ئەم بزاڤی ئاسودەیی کردۆتە ئامانجی ژیانی مرۆڤ) مرۆڤ وازی هێنا لە ژیانی عەقڵی و بیرکردنەوەی خێڵایەتی و ئەم ڕەوتەی تا ئەو رادەیە خێراکرد، کە هەندێک کۆمەڵگە بەرەو خولگەی پێشکەوتنی بەردەوام و ڕێکخراو بباث، سەرەتای سەردەمی عەقڵانیەث و ڕەخنەیی بەو مانایە بوو کە، لەو خاڵە بەدواوە، ئەوەی کاریگەری بڕیاردەری لە کۆمەڵگەدا دەبێث، جیهانی سێ بێث، نەک جیهانی یەک یان جیهانی دوو.

لە هەموو ئەو ناونان و دابەشکردنە بێشومارانەدا، کە بیرمەندان و دێوانەکان بەکاریانهێناوە، هیچیان وەکو شەفافیەتی ناونانی پۆپەر ڕۆشن نین، جیهانی یەک لە شتەمادییەکان یان کاڵاکان دروستبووە، جیهانی دوو دنیایی کەسێتی و دەروونی مێشکە، جیهانی سێ لە ڕەنگدانەوەکانی ڕۆحی مرۆڤ پەیدابووە، جیاوازی جیهانی دوو لەگەڵا جیهانی سێ، کە جیهانی دوو لە زەینیەتی تایبەتی تاکەکان، واتا ئایدیا و ئاماژە و هەسث و هەستیارییەکانی تایبەتی هەر تاکێک دروسث بووە، لە کاتێکدا کە ڕەنگدانەوەکانی جیهانی سێ، ئەگەرچی لە زەینیەتی تاکانەدا دێنە مەیدانی بوونەوە، بەڵام پرسێکی گشتی و هەمووانییە و هەربەو شێوەیە تیۆرەکانی زانستی، دامـەزراوە حقوقیەکان، بنەماکانی ئەخلاقی، کەسایەتییە داستانیەکان، کارەکانی هونەری و تەواوی هەموو میراتی فەرهەنگی بەسەر جیهانەکاندا دابەشبوون.

زۆر وتن نابێـث، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە لە سەرەتاییترین قۆناغەکانی شارستانیدا، جیهانی یەک بەسەر ژیاندا دەسەڵاتدار بوو ژیان لە تـەوەری هێز و توندوتیژیەکانی سروشث- بروسکە و وشکەساڵی و تاعوندا- ڕێکخرابوو، کە مرۆڤ لە بەرامبەریان بێچارە و ناتوانا بوو، لە هەر کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتیدا، سنوری نێوان جیهانی دوو، جیهانی سێ باریک و بەردەوام نابێث و زۆربەی کاث بە ئاسانی نامێنێث، سەرۆکی خێڵا یان

دەسەڵاتی ئاینیی (کە زۆربەی جار هەردوکیان یەک کەسن) بیرکردنەوەی خۆی لە پلەی دەسەڵات و هەژموونندا دادەنێت و پەیڕەوانی ناچار دەکات، کە دەست لە بیرکردنەوەی خۆیان بشۆن و جیهانی سێ هەتا بێت لە ڕەوشی کەوتن و وەستان و بێدەنگیدا دەمێنێتەوە ڕێسا و یاسا وشک و بێ بەزەییەکانی بیروڕای گشتی، بە بەردەوامی و دووبارەبوونەوەی هەلومەرجەکە دەپارێزن.

بەرجەستەترین تایبەتمەندی ئەم کۆمەڵگەیانە ترس و نیگەرانی زۆرە لە گۆڕانکاری ئەوەی کە هەست و بیرکردنەوەی گشتی دەسازێنێت، ئەوەیە کە هەر نوێسازییەک، یان بیرکردنەوەیەکی نوێ ترسناک دەبێت و ئاماژەیە بۆ هێرشی هێزەکانی دەرەوە یان دوژمن.

گیانی ڕەخنەیی هەر لە سەرەتاوە، لە دیوارە داخراوەکاندا کەلێنی دروستکرد و مرۆڤی خستە بۆتەی ئەزموونی نەناسراوەوە، واتا بەرپرسیاریی تاکەکان.

ئازادی کە هەم و کچ و هەم دایکی عەقڵانیەت و گیانی ڕەخنەییە، بارێکی گرانیشی خستە سەر شانی مرۆڤ، مرۆڤ وایلێهات کە خۆی دیارییبکات و بڕیار بدات، کە چ شتێک سوودمەندە و چی زیانبارە؟ ئایا کۆمەڵگە دروست بەڕێوەدەچێت، یان دەبێت بگۆڕێت؟ چۆن دەبێت لەگەڵ ئاستەنگە بێ پایانەکاندا دەست و پەنجە نەرم بکات، پۆپەر دەڵێت هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەبوو، کە بە تەریبی لەگەڵ لە دایکبوونی کۆمەڵگەی کراوەدا، کەسانێک لە ئاڕاستەی پێچەوانەدابوون و هەوڵیاندا ڕێگەی لێبگرن و خودی ئەم پرسە بە گومڕاو خراپ بناسن و هەناسە و گیانی تازە بکەنەوە ناو قەوارەی کۆمەڵگەی خێڵایەتی.

لەو ساتە ڕازدارەدا کە جیهان لە زنجیری خواکان و ئەهریمەنانی سەردەمی بت پەرستی ڕزگار بوو، بەرەو ئاستەنگی هەمیشەیی بۆ عەقڵی

بوونەوەرانی سەربەخۆ و ئازاد وەرچەرخا، و لێرە کاروانی مرۆڤایەتی گۆڕانکاری کرد و جیهانی سێ پڕ لە رەنگدانەوەکانی هێزی رۆحانی، داهێنانێکی پەیداکرد، کە لە کۆتی پشکنین و سانسۆر رزگاری بوو، بەرەو هەنگاوی ناو رۆژ لە دوای رۆژ کاریگەری زیاتری لە جیهانی یەک و جیهانی دوو وەرگرت، هەڵبەت عەقڵانیەت و راستییە زانستیەکانیش لەم رێگایەدا بێبەش نەبوون لە ناکامی و سەرلێشێوان، بەڵام وردە وردە بەرامبەر زۆرداری و توندوتیژی و دۆگمایی ئاینیی و خورافاتی نا عەقڵانی راستبوونەوە و گۆڕان بۆ ئامرازەکانی حوکمڕانی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا و هەر بەمشێوەیە، بونیادی فەرهەنگی دیموکراسی- واتە کۆمەڵگەی کراوە لەگەڵ مرۆڤی سەربەخۆ و دەسەڵاتدار بەسەر خۆیان و یەکسان لە بەرامبەر یاسادا - پێکهات.

بەڵام ترس لە گۆڕان و ترس لە نەزانراوەکان و نیگەرانی لە بەرپرسیاریی ناسنوردار، یارمەتی کۆمەڵگەی داخراودا لە ژێر چەندین ماسک و سەرپۆشدا، هەتا ئەمڕۆ درێژە بە خۆی بدات، تەنانەت بەسەر دیموکراسیەکانیشدا زاڵابێت، ئەم نەبەرد و خەباتە، نەک تەنها سەرکەوتو نەبووە، بەڵکو لەوانەشە هەرگیز پیرۆز نەبێت ((بانگەوازی خێڵ)) هێشتا لە ناو میللەت و نەتەوەکاندا (تەنانەت لە ناو کۆمەڵگە کراوەکانیشدا) کەسان و گروپی وایان هەیە، کە هەرگیز کۆڵ نادەن بۆ رێگاگرتن لەو کۆمەڵگەیانە و نابوودکردنی فەرهەنگی ئازادیی کراوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە لەوانەیە وێنای بکەین، سەرسەختترین نەیارانی روناکبیری کۆمەڵگەی کراوە لە ناو ئەو کەسانەدا پەیدابوون، کە زیاتر لە هەمووان لە گیانی رەخنە سوودمەندبوون. بە بڕوای پۆپەر لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی) سەرمەشقی فەیلەسوفانی تۆتالیتار، کە هەتا (ئۆگست کۆنت) و هیگڵ بەردەوام بوون و لەگەڵ مارکسدا بە لوتکە گەیشت، مەزنترین فەیلەسوفی سەردەمی دێرین (لەوانەیە هەموو سەدە و

سەردەمەکانیش)، ئەفلاتوون لەوانە بوون. ئەم دیدگا و بەڵگانە، هەندێک پەسەندیان نەکرد و نەیاربوون بەرامبەری، بەڵام رابردوو لە وردبینییەکانی ئەندێشەی پۆپەردا بەدروستی بەرەو مەبەست دەڕواٹ، هەر بەومانایە فێڵزانترین و کاریگەرترین دوژمنی فەرهەنگی ئازادی، (مێژووگەرایی)) یان ( پەیڕەوی بنەمای مێژوویی)یە.

## مێژووگەرایی و داستان نوسی

ئەگەر باوەڕتان وابێت کە مێژووی مرۆڤ، پێش روودانی چارەنوسەکەی دیارە، ئەگەر باوەڕتان وابێت کە ژیان میکانیزمی کۆمەڵایەتی و ئابورییە، کە تاکەکان هیچ، یان تا رادەی نەبوون کاریگەری و هەژموونیان تیایدا نییە، ئەگەر وابیر بکەینەوە کە پێشکەوتنی مرۆڤ عەقڵانی و هاوئاهەنگە، هەر بۆیەش پێشبینی کراوە، سەرئەنجام ئەگەر بڕواتان وابێت مێژوو مانای نهێنی و پەنهانی هەیە، کە بە هۆی بوونی فرەیی و جۆراوجۆری بێ کۆتایی کاروانی مێژوو، سیستمی هاوئاهەنگ و لۆجیکی دەبێت- وەکو (میکانۆ) کە هەموو پارچەکانی لە جێگای دروستان- لە ئاکامدا، هەروەکو پۆپەر بڕوایوایە، ئێوە یەکێکن لە پەیڕەوانی مێژووگەرایی لە مێژوو بتنان دروستکردووە و دەیپەرستن و، لەوانەیە بزانن یان نا، بە پەنهانی لە ئازادی دەترسن و نیگەران دەبن لەوەی، کە پەسەندی بکەن، ژیان پێویستە سەرلەنوێ دروستبکەنەوە و بەرپرسیارێتی پەسەندکردنی ئەم مانایە بخەنە سەرشانتان، مێژوو نەسیستمی هەیە و نە لۆجیک، نە مانا، لە هەموو باڵاتر ئەوەیە هیچ جۆرێک ئاڕاستەی عەقڵانی نییە، کە کۆمەڵناسان و ئابووریناسان و ئایدیۆلۆژیستەکان بتوانن بە رەوشی زانستی لە پێشەوە پەی پێبەرن، مێژوونوسان سیستەم و سامان دەبەخشن بە مێژوو، بەشیکردنەوە و هاوکاری دیدگای جۆراوجۆر دەیانەوێت هاوئاهەنگی و شایستەیی بە تێگەیشتنی

مێژوویی ببەخشن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن، کە هەمیشە بڕواکانی ئەوان کاتییە و کاریگەری درێژماوەی نابێت هەرکەس بڕوای بەوەبێت، کە ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان پێشبینی ئایندە و پێشوتنی مێژووە، دەبێتە قوربانی گومان و بیری پووچ، چونکە ئەو ئامانجە بەدەستنایەت.

تەکامولی مرۆڤ مۆڵەت ناداتت هیچ کاروان، یان ئاڕاستەیەکی تایبەتی لەو هەڵێنجان بکەین، ئەوەی وا بیربکاتەوە، کە ئەم کارە شایانی کردنە، نەتەها لە دیدی مێژوویی، بەڵکو لە روانگەی لۆجیکیشەوە گریمانەیەکی بێ پایە و گومڕایە، چونکە بەوتەی پۆپەر، پێشبینی رەوتی گەشە و تەکامولی ئایندەی مەعریفەت، کارێکی مەحاڵە لەم رونگەیەدا، لەبەرئەوەی کە کاروانی مێژوو بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە دۆزینەوە و داهێنانی هونەر و زانست و تەکنیکی دیاریدەکەن، کە ناتوانین پێش ئەوان دەربارەیان بە ئاگابین، یان ناتوانین کاروانیان پێشبینی بکەین.

یەکێک لە بەڵگە بەهێزەکانی پێشبینی نەکردنی کاروانی مێژوو، رووداوەکانی ئێستایە دە ساڵا پێش ئێستا چ کەسێک دەیتوانی پیرۆسترۆیکا و دارمانی کۆمۆنیزم پێشبینی بکات، کۆمۆنیزمێک کە لەلای ئەوان زۆر بەهێز لە رواڵەتدا راوەستابوو! یان پێشبینی ئەوەیان بکردایە کە پێشکەوتنی سەرسامی هۆکارەکانی دەنگ و بینین بە شێوەیەک بێت کە کۆنترۆڵکردنیان رۆژ لە دوایی رۆژ دژوارتر بێت، گورزێکی ئاوا مەرگبار لە سانسۆر چاودێری بیروڕاکان بوەشێنێت؟

لەگەڵا هەموو ئەمانەدا، نەبوونی یاساکانی مێژوو بەو مانایە نییە، کە هیچ بڕوا و ئەمگۆیە بۆ تێگەیشتن لە کاروانی مێژوو لەلای مرۆڤ پەیدا نابێت، ئایندە شایانی پێشبینی نییە، بەڵام دیسان ئەم کارە بەو مانایە نییە، کە هەر شێوەیەک پێشبینی کۆمەڵایەتی مەحاڵا بێت، زانستی کۆمەڵایەتی دەتوانێت لە زەمینە تایبەتەکاندا نیشانی بدات، کە لە هەندێک هەلومەرجی

دیاریکراودا، ڕوودانی هەندێک ڕووداو ناچارییە بۆنموونە زیادەڕۆی لە چاپی پارەدا بەرەو هەڵاوسانی ئابوری دەچێت.

هەروەها لە زەمینەکانی مافی نێودەوڵەتی، ئازادی، بێگومان دەتوانرێت پێشکەوتنەکان بە هێڵی ڕاست لە سەرەتاوە، تا ئێستا بزانین، ئەنانەت سەرئەنجام لەم زەمینانەشدا، کارێکی عاقڵانە نابێت کەسێک گریمانەی ئەوە بکات، کە پێشکەوتنی ئایندە پرسێکی ناچاری، دەبێت هەمیشە ئەو ئەگەرە هەیە، کە مرۆڤ بۆ دواوە بگەڕێتەوە و بکەوێت و هەموو پێشکەوتنەکان لە دەست بدات.

لەگەڵ ئەوەشدا، گریمان ئەرکی مێژوونوس تەنها گواستنەوەی باس و نوسینی ڕووداوە دیاریکراوەکان بێت نەک دۆزینەوەی یاسا و حوکمە گشتیە چاودێرەکان، بەسەر چالاکیەکانی مرۆڤدا، سەرئەنجام کەسێک ناتوانێت بەبێ هیچ دیدگا، یان دوورنما یان شیکردنەوەیەک، لە نوسین یان تێگەیشتنی مێژوودا بە ئاکام بگات، بەڵام پۆپەر دەڵێت: هەڵەی مێژووگەرایان لەوەدایە کە شیکردنەوەی مێژوویی لەگەڵ تیۆری یان یاسای شتەکاندا تێکەڵ دەکەن. شیکردنەوە سنوردارە و ناتوانێت کاریگەری گشتی و سەرانسەری هەبێت، هەر لەبەر ئەمەش، سوودی دەبێت بۆ مەبەستی بەخشینی سیستم بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە بەشێکن لە مێژووی مرۆڤ یان ڕەوشی شەیدایی و نەزانی جیهان.

شیکردنەوەی مێژوو وەکو خەباتی نێوان چینەکان، یان نەژادەکان یان بیروڕای ئایینی و مەزهەبی، یان نەبەردی نێوان کۆمەڵگە داخراو و کۆمەڵگە کراوەکان، لەو کاتەدا دەتوانێت ڕۆشنایی بەخش بێت، بەڵام بە مەرجێک بۆ هیچ یەکێک لەم شیکردنەوانە بەهای گشتی، یان پاوانکراو پەسەند نەکەین لە مێژوودا، بۆ هەموو شیکرنەوە ناکۆک و یارمەتیدەر و هەندێکجار هاوڕاکان، جێگا پەیدا دەبێت، بەڵام نەک وەکو (یاسا) یان مانای تاکانە و ناچاری.

مێژووگەرایان یان شیکردنەوەکانی خۆیان بەرادەیەک بە شایستە دەزانن، کە دەبێت وەکو یاسا تەماشایان بکرێت و مرۆڤ دەبێت بێ پرسیار و بێگومان تەسلیمیان بێت، هەروەکو چۆن شتەکان پەیڕەوی دەکەن لە یاسای راکێشانی زەوی، یان هەڵکشان و داکشانی دەریا لە جوڵانی مانگ لە مێژوودا، هیچ یاسایەک بەم مانایە بوونی نییە، چونکە چاک یان خراپ (بەبڕوای پۆپەر و زۆرێک لە ئێمەش) مێژوو ئازادە و زادەی ئازادیی مرۆڤەکانە، بەدوور نازانرێت، بە وتەی پۆپەر لە دواهەمین بەشی کتێبی (هەژاریی مێژووگەرایی): ((گوایە مێژووگەرایان هەوڵیانداوە لە جیاتی لە دەستدانی جیهانی هەمیشە گۆڕاو، بەو ئیمانە پەیوەست بن، کە ئاڵوگۆڕ پێشبینیکراوە، چونکە یاسای گۆڕان بەسەر جیهاندا باڵادەستە.))

تێگەیشتنی پۆپەر لە مێژووی نوسراو بە تەواوی وەکو هەمان وێنای منە، کە هەمیشە لە باسی رۆماندا بڕوام پێیەتی، بەو پێیەی کە رۆمان شێوەیەک سیستم و ساماندانە بە واقیعیەتی مرۆیی بۆ پاراستنی مرۆڤەکان لە هەژان و پەرێشانی، کە لە ئاکامی ناسین و بینینی ئەوان لە جیهان و ژیان پەیدا دەبێت، کە فراوان و بێسنورن لە بێ سامانی و پەرێشانیدا.

هەر رۆمانێک ئەگەر بتوانێت توانای رازیکردنی خوێنەری هەبێت، دەبێت لەبەرئەوە بێـت کە پێکهاتە و سیستم و جیهانی تێگەیشتنی شایان پەسەند کردن بێت و بەشەکانی ئەو رۆمانە لە سیستمی هاوئاهەنگ و پەیوەست و پەیوەنداردا بێت، رۆمانێک کە وابێـت دەتوانێت ئاستێکی باڵاتر و واڵاتر بدات بە هۆشیاری خوێنەر و زانینی و ئاگایی فراوانتر بکات، ئەوەی کە پێگەیشتن و کامیاری (نبوغ) تۆڵستۆی و هێزی جیمز و پرۆست و ڤاگنەر پیشاندەدات، تەنها لە هێزی کەسایەتی داستان و هەلومەرجی دەروونی پەرێشان و تورەیی پاڵەوانەکان، پەخشانی نوسین و جوانکاری و بەیانی پێچاوپێچ هێزی نوسین و داهێنانی نوسەردا نییە، بەڵکو پێش

هەموو ئەمانە رۆمانی ئەوان و توانای داهێنەرانەیان لە دایکبووی تەلاری هاوئاهەنگ و بینای تۆکمە و جوانی و خۆشی جیهانی داستانی ئەم سیستمە راوەستاوە و شایانی تێگەیشتنە، کە ژیان تیایدا لە کاروانی نەتقی و ناچاریدا بەرەو پێش دەچێت و لەوێدا هەموو بەرجەستەبوونەکانی رۆحی مرۆڤ دەستدەکەون، ئێمە دڵخۆش و سەرسام دەکات، لەبەرئەوەی کە دڵنیایی دەبەخشێت، ئەم رەوشە ناخۆئاگایە، یان ئەم نەستانە لە سەرانسەری جیهانی واقعیدا بڵاودەکەینەوە، بۆئەوەی هیچ نەبێت بەشێوەیەکی کاتیش بێت لەسەر گێژە و شەیدایی و چاڵا و رێگەی وێڵی پووچیەکان رزگار بین، و بێ نیزامی و پەرێشانی بەرەو هارمۆنی و پەسەندی عەقڵا و سیستم بگۆڕین، دڵنیایی و پشتیوانمان بۆ بگەڕێنەوە کە هیچ شتێک دژوارتر نییە لە وازهێنان، یان رەهاکردنی ئەو هەستانە- دڵنیایی بۆ ئەوەیە کە ئێمە کێین، لە کوێین، لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە، بەرەو کوێ دەڕۆین!

کارێکی بە رێکەوت نییە، کە ساتەکانی لوتکەی رۆمان پێش ئاشود بە مەزنە مێژووییەکان پەیدا دەبن، ئاوسترین سەردەمەکان بۆ نوسینی داستان و رۆمانەکان ئەو کاتانەن کە بڕوا گشتی و کۆمەڵایەتیەکان- ئیمانی ئاینیی، یان سیاسی، یان کۆدەنگی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی- هەڵدەوەشێتەوە یان سەرنگون دەبن لەم کاتانەدایە کە مرۆڤە سادەکان جێگەپێی بەهێز و راوەستاوی رابردو لە دەستدەدەن و سەرگەردان دەمێننەوە و، پەنا بۆ داستان- مانانی هاوئاهەنگی و سیستمی جیهانی داستانی - دەبەن، هەروەها بێگومان بە رێکەوت نییە، کە بەهێزترین و ردترین و تواناترین و رێکخراوترین و لۆجیکیترین نیزامەکانی رۆمان- سیستمی دنیای مارکی دوساد، کافکا، پرۆست، جۆیس، دایستۆفیسکی و تۆلستۆی- لەو کۆمەڵگەیانەدا هاتوونەتە بوونەوە کە دوچاری توندترین لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و نیهادی و ئەخلاقی بوون.

ئەو تەلارانەی کە ئەوان بڵندیان کردووەتەوە لە دنیایی خەیاڵا و وێنادا لە تەنگانەکانی مرۆڤ فراوانتر دەڕوا و دەڕوانێت (وەکو ئەو بەرهەمە سەرسامانەی زانست و لێکۆڵینەوە و فراوانی دید و پەخشانی دڵپەسەند و خەیاڵدان دروستیان کردووە: مێژووی نوێی «هیرۆدۆت»، مێژووی شۆڕشی فەرەنسای «میشلە» یان دارِزان و دارِمانی ئیمپراتۆری رۆمای «رۆم گیبن») و لە ئاسۆدا گەواهی بۆ ئەو مانایە دەدات، کە گومانی ئەوی چارەنوسی مرۆڤ لەگەڵا ئیعجازی ئازادیدا دەبێت و لە دڵیاندا ئەمە هەراس دەکات، خۆشبەختانە ترس لە ئازادی نەک تەنها بە پەیدابوونی ستەمگەرانی توند و تیژ و فەلسەفە تۆتالیتارەکان و ئایینە دۆگماکان ئەنجامی داوە، بەڵکو زەمینەی ئەفراندنی رۆمانە ناوازە و مەزنەکانیش بووە.

### ریفۆرم خوازی

پۆپەر لە جێگای مێژووگەرایی، رەوشی هەنگاو بە هەنگاو یان ریفۆرم پێشنیار دەکات، لە کتێبی (هەژاریی مێژووگەرایی)دا دەنووسێت: ((دەبێت ئەوە بزانین کە توانای هێنانەدی بەهەشتمان لە رووی زەویدا نییە و تەنها دەتوانین شتەکان کەمێک باشتر بکەین، هەروەها دەبینین کە پرسەکان تەنها لەوانەیە هێدی هێدی، یان کەم کەم باشتر بکەین، ئەمەش بە مانای: مانای بە رێکخستنی بەردەوامی بەشەکان، نەک لە رێگەی سازدانەوەی هەموو کۆمەڵگە، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەیە کە پێش هەر هەنگاوێک، دەتوانین دەسکەوتەکان هەڵبسەنگێنین و گوناهەکان چاک بکەینەوە و لە هەڵەکان پەند وەربگرین مێتۆدی شۆڕشگێڕی- واتا رەوشتێک کە مێژوو، یان گشتی بوون دەکاتە بنەما- ئەم هەل و ئەگەرە نابینێت، یان رەتی دەکاتەوە، بەچاوی سووک تەماشای پرسی بەشەکان دەکات، بەهۆی خەریکبوون بە وەسواسی و دیدگای بەردەوامی بۆ گشتی

بوون، ناتوانێت نزیک بێتەوە لەگەڵ پرسی واقیعی و بینراوەکان ڕەوشی شۆڕشگێڕی لەبەرئەوەی لەسەر مۆدیلی لێکدابڕاو و گشتی بنیاتنراوە و پشت بە ئەزموون نابەستێت، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ واقیعەتدا بڕاوە. ئەم ڕەوشنە تێدەکۆشێت واقیعەتی کۆمەڵایەتی بەهەرجۆرێک بێت لەگەڵ ئەو مۆدێلە دابڕاوەدا جووت بکات، بەڵام ئەم هەوڵە بە فیداکرنی هەموو شتەکان ئاکامی دەبێت، هەر لە عەقڵانیەتەوە تا ئازادی و هەندێک جاریش هەتا هەستی ئاسایی دەکاتە قوربانی بۆچوونی گشتی و سەرانسەری.

مێژووگەرایی لە چەمکی بەرنامە ڕێژیدا ئەنجامی دەبێت، گریمانەکەی لەسەر ئەوەیە کە کاروانی مێژوو نەک تەنها پێشبینی کراوە، بەڵکو وەکو کارە ئەندازیارییەکان شایانی ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و بردنی بۆ ئایندەیە، ئەم یۆتۆپیایە مەترسی هێنەرە، چونکە لە دەروونی خۆیدا تۆتالیتاریزم لە کەمیندایە ناسین، یان زانین لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵدا پەراگەندەن، و هیچ ڕێگایەک نییە کە بتوانێت هەموو زانینانە لە یەک جێگادا کۆبکاتەوە یان پەی بباتە بەخواست و ئارەزو و نیاز و پابەندی و بەرژەوەندییەکان و پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ کاروانی مێژوودا دیاریبکات، بەرنامە ڕێژی کاتێک بەرادەی توندڕەوی دەگات، بەرەو ناوەندێتی دەسەڵات ئەنجامدەدات، هێزی ناوەندی وردە وردە جێگای گەشەی هەموو هێز و ئەلگۆکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە و بە ڕەفتاری توند و سەرەڕۆیی دەزگا و خەڵک و تاکەکان کۆنترۆڵدەکات، بەرنامە ڕێژی بۆ گەشە و تەکامولی کۆمەڵایەتی بیرکردنەوەیەکی مەحاڵە، هەر کاتێک بسەپێنرێت، ئەنجامەکەی دەبێتە نابوودی ئازادی و جێگیربوونی ڕژێمە تۆتالیتارەکان.

لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا سازمان و ڕێکخراوەکانی (بەرنامە) بوونیان هەیە، کۆتاییش بە ئازادییە مەدەنیەکان ناهێنن ، بەڵام لەبەرئەوەی کە تەنها بە شێوەی ڕێژەیی یان نمونەیی ((بەرنامە دەڕێـژن)) و لە سنوورەکانی

ڕێنمایی گشتی و زانیاری و ئاگایی سازی دەربارەی چالاکیە ئابورییەکان تێناپەڕن و نایانەوێت سیاسەت و ئامانجەکانیان بسەپێنن بە پێچەوانەی ئەندازیاری یۆتۆپیا، یان ئەندازەی گشتی و سەرانسەری، ئەندازیاری لایەنگری هەنگاو بە هەنگاو لەوە تێدەگات، کە هیچ ڕێگەیەک پەیدا نابێت بۆ زانینی گشتی و پێشبینی و کۆنترۆڵی هەموو جووڵەکانی کۆمەڵگە، مەگەر هەموو شت پاشکۆی ڕژێمی دیکتاتۆری بکرێت، کە هەر ڕەفتار و کردارێک بەهۆی سانسۆر و هێزی توندو تیژەوە بە زۆر لەگەڵا سەرچاوەکانی دەسەڵاتدارێتی بەرنامە و نەخشەکاندا بگونجێنرێـت، تاکی ریفۆرمخواز بەش دەخاتە پێش گشت و ئێستا بە گرنگتر دەزانێت لە رابردوو، لە جیاتی سەرابی نادیار و تاریک، واتە ئاییندەی مرۆڤایەتی، خەریکی کێشە و نیازەکانی ژنان و پیاوانە لە ئێستا و ئێرەی ژیاندا و مەبەستی نییە هەموو شت ئاڵوگۆڕ بکات، بە پێی بەرنامەی دووردەست و گشتی هەموو پرسەکان کارناکات، نایەوێت بۆ ئاسودەیی هەموو مرۆڤ بکاتە ئامانج، چونکە دەزانێت کە ئاسودەیی پەیوەستە بە تاکەکانەوە نەک بە دەوڵەتەوە، ناتوانێت لە پێناوی ڕێسا و بیروڕا تاک ڕەهەندەکان، پلۆرالیزم و فرەیی نایەکسان کە ناوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بخاتە مەترسی و چارەنووسی نادیارەوە.

بۆچی ریفۆرمخوازان بڕوایان بە چاککردن و هەموارکردنەوەی و بەرنامە و پڕۆژەی ئایندە هەبێت؟ چونکە، هەروەک پۆپەر دەڵێت: (لە یەکێک لە گرنگترین وتارەکانی((هەستەکان و ڕەخنەکان)) گەشەی زانینی زانستی و کارکردنی دەزگاکان، تەنها پەیوەست نین بە پێکهاتە و بەرپرسیارییەکان و بەرپرسی دامەزراوەکان، بەڵکو هەروەها پابەندیشن بە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەشەوە، لە گرنگترین قەوارە و چوارچێوەی ئەخلاقی و هەستی قووڵی دادپەروەری و هەستیاریی کەمەڵایەتییە، کە کۆمەڵگە بە درێژایی مێژووی خۆی بەدەستیهێناون و لەناوچونیشیان ئەستەمە ڕەوشی دەروونی

و پێکهاتەی مەعنەوی قووڵی کۆمەڵگە لەسەر هەموو ئەمانە دامەزراوە و ناتوانرێت بەوشێوەیەی کە شۆڕشگێڕان دەیانەوێت، لەیەک ڕۆژدا لە ناوببرێت، یان شتێکی دیکە بخرێتە شوێنیان، زەمانەتی سەرکەوتن، یان شکستی دەزگا کۆمەڵایەتیەکان لە کۆتاییدا سازگاری، یان ناکۆکی یان لەگەڵ چوارچێوەی ئەخلاقی کۆمەڵگەدا بەیان دەکات، سازگارکردنی بەردەوامی دام و دەزگاکان لەگەڵ ئەو زەمینە نەریتی و ئەخلاقیانەدا ئاڵوگۆڕ و گەشەدەکەن، کە زۆر هێواشترن لە گەشەی دامەزراوەکان و، ئەمەش تەنها لە ڕێگای ئەندازەی هەنگاو بە هەنگاودا مەیسەر دەبێت.

ریفۆرمخوازی لەگەڵ ئازادیدا هاوڕاو سازگارە، گرنگتر لەوەش، وابەستەیە بە ئازادییەوە، چونکە یەکەمین ئامڕازی ئەم ریفۆرمە لەکار، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بەردەوام دەبێت، ڕەخنە ئەو یارمەتییەی ریفۆرمخوازان دەدات بۆئەوەی هەمیشە هاوتاکردنی نێوان تاک و دەوڵەت بپارێزن و نەهێڵن دەسەڵاتی دەوڵەت بگاتە ڕادەی تێکشکاندنی تاک، هەڵبەت هەندێک بەشداری و دەخالەتی دەوڵەت، تەنانەت لە ئازادترین کۆمەڵگەشدا پێویست دەبێت، بۆئەوەی ئازادی کاری تاک سنوردار بکرێت بە هەندێک یاسا و ڕێساوە، ئەگەر وانەبێت کۆمەڵگە بە ناچاری دەکەوێتە ئاستەنگی بگرە و بەردە و یاسای جەنگەڵەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەش، دەبێت هەر سیاسەتێک سنوری هەبێت، چونکە ماکی دەسەڵاتداریێتی و هەژمونخوازی، هەڕەشە لە ئازادی تاکەکان لە ناوەڕۆکیاندا شاراوەن.

## دیکتاتۆری زمان

بەشێکی مەزن لە ئەندێشەی هاوچەرخی خۆرئاوا، دەربارەی سنوور و توانای دەروونیی زمان بووە، بە شێوەیەک دوچاری وەسواسی بووە، کە لە دەیەی 1970 دا بەرچاو دەکەوت. هەموو زانستە مرۆڤایەتیەکان-

له فەلسەفە تا مێژوو و لە مرۆڤناسی هەتا سیاسەت- وردە وردە بەرەو بەشەکانی زمانناسی دەگۆڕێن، واژە و زاراوەکان بە تەرتیب لە دوای یەکەوە دێن، بە نەمانی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول، شتێکی وای لە فەرهەنگی رۆژئاوا نەهێشتۆتەوە، جگە لە مادەیەکی لینج و بێشێوەی پێکهاتوو لە تیۆرسازی زمانناسی مێژوویی و نیشانەناسان و رێزماننناسان تەنها خەریک بوون بە زمان و بەیان و پێکهاتە رووکەشەکانی هەموو زانست و زانینەکان، بابەتی گرارنمایە و مەزنەکانی دۆڕاندووە و لە نێوی بردووە و لە زەمینەی تەڕدەستی و توانای وتەبێژیدا نادیاری کردوون.

پۆپەر هەرگیز لەم بیروباوەڕەدا هاوبەش نەبووە، زۆر کات لەبەرئەوەی لەسەردەمی درێژخایانی گەشە و تەکامولی فیکری خۆیدا، هیچ کات لەناو فەیلەسوفانی مۆدێلی رۆژدا نەبووە شیکردنەوە و زانین لە ناو خودی زماندا وەکو شتێکی دابڕاو و جیاواز لە واقعیەت، هەوەسبازی، پێکهاتە و بونیادیش بە مانای گەڕان بەدوای حەقیقەتدا دەبێت، ئەگەر هەر زانین و ناسینێک لەمە ئاگادار نەبێت تەنها لە زەمینەی واژە و زاراوەکاندا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت، کە ئەو حەقیقەتە بەرهەم بهێنێت، کارەکەی تەنها دەبێتە ئاگاداری و راگەیاندن.

لە وتارێک بە ناونیشانی (دوو روخساری عەقڵی باش) لە کتێبی (مەعریفەی بابەتی) دا پۆپەر دەنوسێت: «بە بڕوای من، یەکێک لە ئەرکە ئەخلاقیەکانی روناکبیران ئەوەیە، کە ئامانجیان سادە و رۆشن بێت و نارۆشنی گوناهکاری و خۆنواندن و فەزلا فرۆشی و ئاوانبارییە» بە بڕوای ئەو سادەیی مانای سوود وەرگرتنە لە زمان، بە شێوەیەک کە واژە و زاراوەکان دەبێت رۆشن بن و ئەندێشەکان لەناویاندا بەبێ ئەوەی سیمای تایبەتیان ون بێت، دەبێت شایانی تێگەیشتن بن، لەگەڵ ئەوەشدا پۆپەر خۆی ناکات بە قوربانی بۆ کەم بایەخکردنی شێوەی بەیانکردن، بڕوایوایە

کە زمان ناتوانێت تەنها لەناو خۆیدا خاوەنی ئامانج بێت، هەروەها ئەو بڕوایەی پۆپەر دەربارەی رووناکبیرانی ناودار بە تەواوی راستە و هەندێک لەو رووناکبیرانە خەریکبوون بە وەسوەسەی وازهێنان لە بابەت و پرسی مەزن و گرنگ و لە جیاتی ئەوە خەریکی کاری لاوەکی بوون. پۆپەر تەواو خۆی لەم رەوشە پاراست و زمان و شێوەکانی بەکارهێنانی زمانی خستە خزمەتی بیر و ئایدیاکانەوە.

واژە و زاراوەکان هەمیشە گرنگن، ئەگەر کەم بەها تەماشا بکرێن، سەرئەنجام تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، لە هەر وتار یان دیدگایەکدا دەیانەوێت لە خڵتە و ناڕۆشنی بە دوور بن، تەنانەت ناشیانەوێت تەنها یەک مانا ببەخشن لەم زەمینەیەدا پۆپەر هەندێکجار ناڕۆشنە زاراوە و فۆرمولەکانی ئەو هەمیشە لەگەڵا مانا و مەبەستدا، هاوتا نین و زۆرجاریش بە خراپ شیدەکرێنەوە، ناونانی بیروڕای ئایدۆلۆژیک و دیدگای تۆتالیتار، سەبارەت بە مێژوو بە ((مێژووگەرایی)) دەبێتە جێگای پرسیار، چونکە وەها دەخاتە مێشکمانەوە، کە مەبەست لەم زاراوەیە رەخنە، یان رەتکردنەوەی مێژوو بێت، ئەم دیدگایەش لەگەڵا فەلسەفەی پۆپەردا زۆر دوورە لەوانەش خراپتر ئەوەیە، کە پۆپەر زاراوەکانی( ئەندازیاری هەنگاو بە هەنگاو) و ( ئەندازیاریی یۆتۆپیا) فردریک هایک لە بەکارهێنانی واژەی( ئەندازیار) بۆ ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی رەخنەی هەیە، چونکە دەڵێت لە سەردەمی ستالیندا نوسەران بە ئەندازیاری گیان و دەروون دەناسران و ئەوانە بوون کە ئەم زاراوەیان بە ستالینزم بە خشی، بێگومان ئەم رەوشەی پۆپەر دەبێتە مایەی رەخنە و ناکۆکی، چونکە فەیلەسوفێک کە خۆی چەندین رەخنە و گومانی لە پرسی بەرنامە رێژکراوی ناوەندی هەبێت، کەچی خۆی بە ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی بڵێت ئەندازیار.

لە ناسینی زماندا پرسی بنەڕەتی لەوەدایە، کە هیچ فەلسەفە یان زانستێک لە شیکردنەوەی زمانیدا نەیتوانیوە بە ڕۆشنی ئەمە بەیان بکات، مەبەست لە پەیوەندی زمان و ئایدیا لەوەدایە کە ئەم کارە بەندە بە خودی دنیای روناکبیرەوە و لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندیدارە بەوەی کە هەر بیرمەندێک دەبێت ئاگای لە شێوەی بەیانکردنی بیروڕاکانی بێت و واژە و زاراوە و زمان دەبێت لە دەستی خۆیدا بێت و خۆی نەکات بە کۆیلەی بێدەسەڵاتی زمان، بەرهەمەکانی پۆپەر زۆرترین بیر و ئەندێشەیان تێدایە و بە ریفۆرمیسترین کارەکانی ئەم سەردەمە ئەژمار دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو لاوازییەی هەیە کە باسمکرد ئەو وشە و زاراوە بە کەم سەیر دەکات و گرنگیان بۆ دانانێت، بەڵام لە بەرامبەریشدا هەندێک جار زارەوەکان ئەندێشە رەسەن و قوڵەکان دوچاری خواری و نارۆشنی دەکەن، خودی پۆپەریش نەیتوانی وەکو پێویست بە دروستی و وردی زیروبەمەکانی پێویست بۆ زمان بەیان بکات.

رۆلان بارت (1915– 1980) رەخنەگری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی فەرەنسی کە بڕوای لەبارەی زمان و وتار نەیار و ناکۆکە بەرامبەر بڕوای پۆپەر، دەنووسێت: « لە قەڵەمڕەوی مەعریفەدا، بۆئەوەی شتەکان چۆن هەن یان چۆن دەبن، جۆرێک چەشتن و کەمێک مەزەی واژەکان پێویست دەبن، ئەوەی کە مەعریفە قووڵ و بە پێز دەکات، مەزەی زاراوەکانە» لە زمانی پۆپەردا کە تەنها کەڵکی بۆکار هەیە، مەزە و نمەکی زاراوەکان بوونیان نییە.

بەراوردی پۆپەر و بارت سودمەندە، چونکە لە زەمینەی زماندا، هەریەک لەوان نوێنەری یەکێکە لە دوو جەمسەری شایانی سەرزەنشت، واتە توندڕەوی بەرامبەر بەهای سەنگینی زمان، پۆپەر بڕوایوابوو، کە زمان هیچ گرنگیەکی نییە، بارت بە پێچەوانەی ئەو، وابیری دەکردەوە کە لە کۆتاییدا

تەنها زمان گرنگی هەیە، چونکه ئەوەرەی دەسەڵات، یان رۆشنتر بڵێین ئەوەرەی هەر دەسەڵاتێک، بریتیی له زمان، بارت نوسەر و وتارنوسێکی به توانا و زۆر به ناوبانگ بوو، که زۆر بیری له خۆی دەکردەوە چێژی لەوە وەردەگرت، خۆیبوونی خۆی ئاشکرا بکات، لەسەرپۆشی زاراوەسازیدا خەریکی یاریکردن به زمان وەسفی درەخشانی زمان بوو، بارت بانگەوازی ئەوەری دەکرد و به بڕوای خۆی دەیسەلماند- که مرۆڤەکان خۆیان قسه ناکەن، بەڵکو له رێگای زمانەوە دەدوێن و زمان بۆخۆی دەدوێت و لەم زەمینەدا دەنووسێت: ((زمان نه کۆنه پەرستە، و نه پێشکەوتووخواز، بەڵکو به رۆشنی و سادەیی زمان مناشیستە، چونکه فاشیزم رێگه له قسەکردنی ئێمه ناگرێت، بەڵکو ناچارمان دەکات که بدوێین)) تەنها بەدیهێنەری بەرهەمێکی ئەدەبی که له کۆت و بەندی زمانی جێگیر و سەقامگیر رزگاری دەبێـت و زمانێکی نوێ دەسازێنێت، به شێوەی کاتی له شەڕی ئەم دیکتاتۆریە رزگاری دەبێـت به بڕوای بارت، ئازادی تەنها لەوانەیە له دەرەوەی سنورەکانی زماندا بێت (پرسیار ئەوەیە، که ئایا ئازادترین مرۆڤ ئەوەیە، که نوقم بێت له وەهم و خەیاڵدا و تەنها لەناو خۆیدا بێت؟) کاتێک ئەندێشەی بارت له بۆتەی نوسینە دڵفریوەکانی جیادەکەینەوە و لەوان دەری دەهێنین، لەنەکاو لەوان سەرسام دەبین و تێدەگەین، که سادە و کەم مایه و شەیتانی و یاری کردنە به وتە و زارەوەکان و سەرئەنجام بێمانا دەمێننەوە بەڵام کاتێک که لەناو نووسینەکاندا مامەڵە لەگەڵا بیرەکانی دەکەین و ئەندێشەکانی بەو پەخشان و جوانکاری و ناسک بینانەدا دڵڕفێنمان دەکات و هەستدەکەین که لەگەڵا راستی قووڵا و باڵادا رووبەڕووین، بەڵام له راستیدا هیچ کات بەمشێوەیە نییە، ئەوەی که ئێمه مامەڵەی لەگەڵا دەکەین، سەرابی جوانی رەوان بێژییە.

ئەوە راست نییە که زمان بوونیادی هەر دەسەڵاتێک بێت، ئەم شتە جگە له سەفسەتە شتێکی دیکە نییە، دەسەڵاتی واقیعی تێدەکۆشێت

زاراوەکان مەلول بکاٹ، یان جادوویان لێبکاٹ و بیان جوڵێنێٹ پەخشانی جوان و پڕ مرواری بارٹ، ئەندێشەی رووکەش و ٹێپەڕ وەکو بەهێزی و بەٹینی خۆی دەنوێنێٹ، بەڵام لەلای پۆپەر زمان و بەیانی ئەو کە هەرگیز بە چاکی و جوانی و بە سودی چەمکی پەیامی نەبووە، لە دەسەڵاٹی ٹۆڕی قووڵا و فراوانی بیر و دیدگاکانیدا ون دەبێٹ، دەبێٹ ئەوەش بڵێین، کە بە پێچەوانەی بیروڕای بارٹ، ئەندێشەکان ٹەنها لە زاراوەکان دروسٹناکرێن، بەڵام ئەگەر زاراوەکان نەبن بۆ ئەوەی ئەندێشەکان بەرجەسٹە بکەن و ڕایان بگەیەنن، ئەندێشەکان هەرگیز بە ٹەواوی ناٹوانن بەیان بکرێن، یان بەو شێوەیە هەبن کە دەبێٹ ببن.

**لیبڕالیزمی ئەمڕۆ**

پۆپەر لە ساڵی 1902 لە نەمسا هاٹۆٹە دنیاوە، لە نەوجەوانیدا پەیڕەوی بیروڕای مارکسیسٹی بووە، پاشان لە مارکسیزم نیگەران و دڵسارد بووە، بەڵام ساڵەها لە ناو پارٹی سۆسیال دیموکراٹدا کاری کردووە، کاٹێک سۆسیال دیموکراٹەکانی بەجێهێشٹ، ئەو کاٹە بوو کە ئەندێشەی هاوبەشی بوون و لایەنگیری لە کۆنٹڕۆڵی دەوڵەٹ بەسەر ئەواندا زاڵا بوو، پۆپەر سەرئەنجام لەوان دابڕا و بڕوای وابوو، ئەگەر سۆسیال دیموکراسی بەبێ وەهمەکانی سۆسیالیسٹی و ((مێژووگەرایی)) مارکسیسٹی بڕوای خۆیان بوونیاد بکردایە، بیروڕای خۆی لەگەڵا ئەواندا ناهاوئاهانگ نەدەبوو.

کۆنەپارێزان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد، کە پۆپەر لە ریزی ئەواندایە، چونکە پەیڕەوی هەنگا و بە هەنگاوی ئەو لەگەڵا خواسٹی ئەوان بە سازدانی ئاشٹی لەگەڵا مۆدێرنێٹە و ٹەکامولدا هاوئاهەنگ و دابڕاوە لەگەڵا ئاشووبی ژیانی کۆمەڵایەٹیدا، بیروڕای پۆپەر بە رادەیەک دەوڵەمەندە، کە دەٹوانرێٹ وەکو سەرچاوە و کانگای هەموو کانیاوەکانی قەڵەمڕەوی فراوانی فەرهەنگ

و دیموکراسی، چاوی لێبکرێت.

بەڵام بێگومان پۆپەر لیبڕاڵە، فەیلەسوفێکە کە لە پەیڕەوی مەزنی ئادەم سمیس و جۆن ستیوارت میل و بیامین کۆنستان و ئەلکسی دوتوکڤۆیل هەڵقوڵاوە، کە ئەم بیروڕایانە کۆڵەکەی سیاسەتی مۆدێرنن، ئەم سیاسەتەس سەرەتا لە ئەوروپا، پاشان لە سەرانسەری جیهان بە دەستی ئەوان بوونیادنراوە هەڵە و درۆ نابێت ئەگەر بڵێین ئەوەی، کە زیاتر و پێش هەموو شتێک فەرهەنگە ئازادی لە جیهانی ئەمڕۆدا دەوڵەمەند کردووە و کردوویەتی بە پەیڕەوی ئەم سەردەمە، ئەندێشەکانی پۆپەر و کەسانی وەکو لۆدویک فۆن میزس و فردریک هایک و ریمۆن ئارۆنە.

سەرئەنجام کەسێک ئەگەر تایبەتمەندی ((لیبراڵا)) بۆ پۆپەر بەکار بهێنێت، بێگومان گوناهێک دەکات کە پۆپەر هەمیشە دەیخواست لەو تایبەتمەندییە دووربکەوێتەوە، دەبوت ئەمە ناڕۆشنی و نادیارییە لە وتاردا لە زاراوە سیاسییە هاوچەرخەکاندا ((لیبراڵا)) بە مانای جیاواز و زۆرجار دژبەیەک بەکارهاتووە، بۆ نمونە لە وڵاتانی ئەنگلۆ ساسکۆن، مەبەست لە لیبراڵا، کەسێکی پێشکەوتوخوازە کە لە سۆسیال دیموکراسی و تەنانەت سۆسیالیزم لایەنگیری لێدەکەن، بەڵام لە فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئەمەریکای لاتین، لە نێوان لیبراڵا و کۆنەپارێزیدا تارادەیەک جیاوازی ناکەن، لەم وڵاتانە ئەو پارت وسیاسەتمەدارانەی کە بە لیبراڵا دەناسرێن، پشتیوانی هەلومەرجی هەبوو و دەسەڵاتداران: واتا ئەو رژێمانەی، کە چەند سەرچاوەیەکیان هەیە، کە بناغەیان لەسەر بەشداری دەوڵەت لە بازاڕدایە و لایەنگیری لە پاوانخوازی و ناسیۆنالیزمی ئابوری دەکەن، زۆر بە وردی نەیارن بەرامبەر ئەوەی کە لیبرالیزمی کلاسیک بە پەسەند و بەڵگەنەویستی داناوە.

ئەو دوو کتێبەی کە لیبرالیزمی کلاسیکی ژیاندەوە- رێگەی کۆیلەیی لە نوسینی هایک و کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی کە بەرهەمی پۆپەرە- لە

یەک کاتدا و لە ناوەڕاستی1940 بڵاوبوونەوە، هەرچەندە زۆربەی خوێنەران لەو دوو کتێبە بێ خەبەرن و دەزگای رووناکبیری و سیاسی لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا گرنگییان پێنەدا، بەڵام بیروڕا و ئامۆژگاریەکانی لیبرالیزم بە هۆی ئەم دوو کتێبەوە سەرلەنوێ ژیانەوە و لە خێری ئەم ئامۆژگارییانە وڵاتانی خۆرئاوا و ژاپۆن و وڵاتانی پەراوێزی زەریای ئارام، کە پەیڕەویان لەو مۆدێلە کردووە دەستیان گەیشت بە گەشە و بەهرە و پێشکەوتن لە باری مادی و کۆمەڵایەتی، کە هیچ شارستانیەک تا ئێستا پێیان نەگەیشتووە.

کۆتایی جەنگی سارد و لەناوچوونی ئیمپراتۆریای شـورەوی، وا پیشاندەدات، کە سەردەمی ئارامی و بەختەوەری دەست پێبکات کە لە ئایندەدا بەرەو هەوڵا و تێکۆشانی شێنەیی هەموو نەتەوەکان، نەک بۆ چەکداربوون، بەڵکو بەرەو پاراستنی ژینگە و گەشەپێدانی دیموکراسی و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژی لە رێگای ئاشتیدا هەنگاو دەنێن.

ئایا هێنانەدی ئەم دوورنما جوانە سەردەگرێت؟ مێژوو لەگەڵا رووداوە ناکاوەکانی چەند ساڵی دوایی- لەناویاندا جەنگی کەنداوی فارس و پەیامە پێشبینی نەکراوەکانی- هۆشداریدەدات بە ئێمە، کە ئاگاداربین و قوربانی خۆشبینی کەسانی وەکو فرانسیس فۆکۆیاما نەبین، کە خەیاڵا دەکات بەرەو پیرۆزی کۆتایی لیبرالیزم و کۆتایی مێژوو بە دەربڕینی هیگڵا، گەیشتووین.

هێشتا سەرکەوتن بە پێوەری جیهانی نەهاتۆتە دی، بەشێکی دنیا کە بەجیهانی سێیەم ناسراوە، وێڕای هەندێک هەڵاواردن، هێشتا وەحشیگەری حوکمڕانە، هەموو شت حیکایەتی ئەوە دەکەن، کە بەراستی تا ماوەیەکی دیکەش بەردەوام دەبن داڕمانی رژێمە کۆمۆنیستەکان لە ئەورووپای ناوەند، ئەگەرچی رووداوی باش بوون بۆ سوودی ئازادی، بەڵام هێشتا سەرکەوتنی

لیبرالیزم لەم وڵاتانەدا بۆ ماوەیەکی دیکە دوادەکەوێت و حەقیقەت ئەوەیە، کە زۆرێک لەو وڵاتانە- لەناو خودی یەکێتی سۆڤیەتیشدا- ئەمڕۆ هەندێک لە ئەهریمەنانی بەد و شەڕ، وەکو توندڕەوترین و بەرچاو تەنگترین ناسیۆنالیستەکان و دوژمنانی یەهود و بوونیادگەرایی ئاینیی، دووبارە لە وێرانەکانی کۆمۆنیزمەوە سەر بڵند دەکەن.

دەبێت ئەوەش بڵێین، کە لەوانەیە گرنگترین و راوەستاوترین بنەمای لیبرالیزم ئەوەیە، کە هەرجۆرێک سەرکەوتنی کۆتایی رەتدەکاتەوە تەنها ئەگەری بوونی سەرکەوتنی سنووردار و کاتی بوونیان هەیە، کە ئەوانیش هەمیشە روبەڕوون لەگەڵا مەترسی شکست و پاشەکشە و رێگاگیران مادام مێژوو هەیە، لەوانەیە هەمووشت لەو مێژووە رووبدات، بۆیە مێژوو تەنها ناتوانێت بەرەوپێش بچێت و لەوانەشە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.

نەبەرد لە پێناوی ئـازادی، خەباتی بـەردەوام و تێکۆشانە لە زۆرێک لە بەرەکاندا هەرچی بەرەو هاندان و بەهێزبوونی دژی ناوەندێتی دەسەڵات بڕوات، باشن، لە ناویاندا گەشەو بڵاوبوونەوەی خاوەندارێتی تایبەتی، پەیداکردنی بازاڕە ئازادەکان لە جیاتی پاوانکردن، گواستنەوەی سەرمایەگوزاری و کار و پڕۆژەکان لە دەوڵەتەوە بۆ کەرتی تایبەتی.

بەڵام هیچ کام لەمانە بە راستی ئامانجی ئازادی بەرەوپێش نابات، ئەگەر کۆمەڵگە لە هەمانکاتدا کەموکورتی بکات لە پەیداکردن و پەرەوەردەی گیانی رەخنەیی بەبێ رەخنە و گیانی رەخنەیی هاووڵاتیان لە بەرەو پێشبردنی ماف و هەڵبژاردنەکانی خۆیان ناتوانا دەبن، مەخابن تەنانەت پێشکەوتنی سیاسەتە ئابوریەکانی لیبرالیزمیش لەم زەمینەیەدا ئەو کۆمەکەی بە هاووڵاتیان نەکردووە، کە دەبێت ئەو نەخشەیە ببینن و بۆ ئەم پرسە هۆشیارتر بن، بەپێچەوانەوە لە ئەنجامدا سەرگەردانی و ونبوونی ویژدانی هاولاتی و بڵاوبوونەوەی هەستی نابەرپرسیارێتی لاوان بەرامبەر ژیانی گشتی

و روو وەرگێڕانی، تا رادەیەک گشتی لە کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە قازانجی چینێکی سیاسی بچوک ئەنجامی دەبێت و ئەم چینە پرسە گرنگەکانی تەواوی کۆمەڵی لە دەستدەبێت، بەرهەمی هەموو ئەم پێشکەوتنە مادی و ئابوری و پایەدارکردنی دیموکراسییە لە کۆمەڵگەکانی خۆرئاوادا، ئەگەر نەڵێین رق و کینەی سەبارەت بە جیهانی سیاسەت کـردووە، لانیکەم شێوەیەک لە هاوڕەنگی گشتی لەگەڵا کۆمەڵدا سازکردووە، هۆکارەکانی پەیوەندی گشتی لە جیاتی هاندانی هێزی خەیاڵان و داهێنان و نیگای رەخنەیی، بەرەو بێهیز بوونی ئەوانە و هەڵتۆقانی پان و بەرینی بەرهەمە نیمچە فەرهەنگیەکان رۆیشتووە، ئەم رەنگدانەوە درۆییانە، ژیانی فەرهەنگی بەرەو داکشان و گومڕایی و نا راسنگۆیی بردووە، ئایا ئەم هەلومەرجانە بەباشترین شێوە لایەنگری تیۆری پۆپەر نییە؟ کە دەڵێت ئازادی تەنانەت لە دڵی پایەدارترین قەڵای بەهێزدا، لەوانەیە لە مەترسیدابێت؟ لە ئایندەی نزیکدا، نەبەردی ئازادی لە وڵاتانی دیموکراتی، بەرامبەر بە دوژمنانی نادیار و فێڵباز دەبێت، نەک بەرامبەر ئەو ئایدۆلۆژییە تۆتالیتارانەی بەرەو گومڕایی و هەڵوەشانەوە دەچن، بەڵکو دیسان بەرامبەر ئەو کێشانە دەبێت، کە شکست هێنانیان زۆر دژوار دەبێت، وەکو بێزاری و تەمەڵی، دڵساردی و بێدەربەستی، کەموکووڕی مەینەوی و فەرهەنگی، هەوەسبازی و سەرسەرێتی، هاوڕەنگی لەگەڵا کۆمەڵا، رەوشی نەبوونی جیاوازی و ماندوهێنەری ژیان، کە بەهرەمەندانی ئازادی لە زیندانیاندا ئەسیر دەبن.

**سەرچاوە: فلسفه و جامعه و سیاست، گزیده و نوشته و ترجمەی عزت الله فولادوند، نشر ماهی، تهران 1387، لە ل 173-191**

# لێبووردەیی و بەرپرسیارێتیی هزری پۆپەر

**لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**

له سەرەتادا پێناچێت لێبووردەیی لایەکەمی له وڵاتانی دیموکراسی و ئەوروپا و ئەمەریکای باکور و ئوسترالیا و نیوزیلاندا تەڵەزگە بێت. لەکۆمەڵگەی کراوە، یان نیمچه کراوەکانی خۆرئاوادا، روونه که هەموو تاکێک خۆی له کایەی لێبووردەیی بەرانبەردا دەبینێتەوە و تا رادەیەکیش هەموو کەسێک باوەڕی به لێبووردەیی هەیه و رەنگه ئەو باوەڕەی له باوەڕی به دیموکراسی بەهێزتر بێت. به دڵنیاییەوە خەڵکەکه هێنده باوەڕیان به لێبووردەیی بەهێزە، که گرفتێکی نوێیان خوڵقاندووە: ئاخۆ گرفتی ئێمه له پەیوەستبوونماندا به لێبووردەییەوە سنوری پێویستمان نەبەزاندووە؟ ئاخر ئەوەتا له ترسی ئەوەدا، که نالێبووردە بین، وامانلێهاتووە دەمانەوێت لێبووردەیی له شێوە یاساییەکەدا، هێنده فراوانبکەینەوە، ئەوانەیش بگرێتەوە نالێبووردەن، ئەوانەی دەیانەوێت ئایدیۆلۆژیای دژە لێبووردەیی بڵاوبکەنەوە: واته ئەو ئایدیۆلۆژیانەی دەڵێن هەرکەس له هاوڕێکانی جیابووەوە دەبێت بەهێز لەناوببرێت، چونکه به تاوانکاریان دادەنێن. من لێرەدا ئەم حاڵەته به مەترسیدارترین گرفت دادەنێم که روبەڕوومان دەبێتەوە، نەک لەڕووی تیۆریەوە، بەڵکو له رووی کرداریشەوە، بۆیه ئێمه له زیادەڕەویماندا دەرهەق به لێبووردەیی لەوەدایه ئازادی و لێبووردەییشی لەگەڵدا وێران بکەین.

من نامەوێ پێشنیاری ئەوە بکەم، که مەترسییەکه هاتوەته ئارا، بەڵام بوونی دەسەڵات له دەستی جۆرەها دیکتاتۆریەتی تۆتالیتاری و دیکتاتۆریەتەکانی لینین و مۆسۆلینی و ستالین، وێڕای رووخانی چیکوسلۆڤاکیای

دیموکراسی لە ساڵی 1948 و داگیرکاریەکەی ساڵی 1968 و زۆر نموونەی تر..هەموو ئەمانە ئەوەمان پیشاندەداث، کە ئەگەر هەیە چی رووبداث و چۆنیش رووبدەن، بێگومان ئەرکمانە کە لەو رووداوانەوە پەند وەربگرین، دەبێث لە مێژوو و هەڵەکانمانەوە شث فێربین.

ترسی زیاد لە پێویستمان بەوەی، ئێمەی بڕوادار بە لێبووردەیی نالێبووردە بین، تووشی ئەو هەڵوێستە هەڵە و مەترسیدارەی کردین، کە دەبێث لەگەڵ دژانی لێبووردەیی و توندڕەویی، هەر شتێکیشدا گەر بە رادەیەکی کەمیش ببێتە هۆی توندڕەوی لێبووردە بین. ئەم هەڵوێستەمان بە جۆرێک لە جۆرەکان روون و جێی سەرسامیە، چونکە لەو دیدەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە بنچینەی سەرلەبەری لێبووردەییدایە: ئەو دیدەی پێیوایە هەموومان هەڵە دەکەین و دەشێث بانگەشەیش بۆ هەڵەکردن بکەین، ئەو دیدەی دەڵێث رەنگە من هەڵەبم و تۆ ڕاسث بیث و دەبێث خۆم فێربکەم، تا بەو هەستە رەمەکییە مەترسیدارە، یان بەو قەناعەتە فریو نەخۆم، کە پێمدەڵێث: تۆ هەمیشە راسث و بێ هەڵەیث. دەبێث ئاگاداری ئەو هەستە بم، چەندە هەستێکی بەهێزیش بێث، چونکە چەندە هێزی زیاتر بێث، ئەوەندەیش مەترسیی بەدگومانکردنی خۆم بە خودی خۆم و ئەگەری نالێبووردە بوونیشم زیاتر دەبێث.

کەس هێندەی ڤۆڵتێر هەموو ئەمانەی بە روونی نەبینیوە و کەسیش وەک ڤۆڵتێر گوزارشتی لێ نەکردووە، کە لە کتێبی (فەرهەنگی فەلسەفە) بابەتی (لێبووردەیی)دا دەڵێث:» لێبووردەیی چییە؟ بێگومان دەرەنجامێکی هاوبەندی کەینونەی مرۆڤایەتیمانە، ئێمە هەموومان زادەی لاوازیین: هەموومان خواستی هەڵەکردنمان هەیە، بۆیە با لە یەکتری ببوورین و دەرهەق بە شێتیەکانی خۆمان لێبووردە بین. ئەمە بنەمای یەکەمی یاسای سروشتە، بنەمای یەکەمی هەموو مافەکانی مرۆڤە».

من زۆر بەو داڕشتنەی ڤۆڵتێر سەرسامم، چونکە بە راستی بەڵگەکانی یەکانگیرن و بەرمەبنای دیدێکی سوکراتین کە دەڵێت:» دەزانم کە نازانم.. بە زەحمەتیش ئەوەم زانی». ئەمەمان بەسە بۆئەوەی داوا بکەین لە ئاستی یەکتریدا لێبووردەیی بنوێنین، بەڵام بۆ ئەوە بەس نییە، کە بەرگری لە لێبووردەیی بکەین هەرکات، کەوتە بەر هەڕەشە و هێرشی کرایە سەر.

ڤۆڵتێر دڵنیابوو لەوەی دەبێت لێبووردە بەرانبەرەکەیشی لێبووردە بێت. ئەو پێشبینیی هاتنە ئارای کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی نەدەکرد، کە تیایدا لێبووردەیی ببێتە بنەمایەکی قبوڵکراو، نەک هەر لە رووی لێبووردەیی ئاینییەوە، بەڵکو لێبووردەیی سیاسیش. هاوکات پێشبینیی ئەوەیشی نەدەکرد لەنێو ئەو کۆمەڵگە دیموکراسییەدا کەمینەیەک بێتە ئارا لەبەرانبەر لێبووردەیی زۆرینەدا ئەوان لێبووردە نەبن.. کەمینەیەک تیۆری نالێبووردەیی و توندوتیژیی قبوڵبێت و بە پێویستی بزانن. هێندەیش هۆکارمان هەیە، بێینە قەناعەتە بەوەی ئەوجۆرە کەمینانە، ئەگەر توانییان بۆ یەک رۆژیش بێنە سەر دەسەڵات، دەتوانن دیموکراسی و ئازادیی دەربڕین و لێبووردەییش نەهێڵن.

گرفتەکەیشمان لێرەدایە: ئایا دەبێت لە ئاستی ئەو کەمینانەیشدا لێبووردە بین؟ ئەگەر لێبووردە نەبین، واتە فێڵمان لە بیروباوەڕی ئایبەتی خۆمانکردووە و سازشمان بۆ نالێبووردەیی کردووە، ئەوکات دوو روو دەبین..ئەگەر لێبووردەییشمان نواند ئەوکات بەرپرسیاردەبین لە کۆتایی هێنان بە دیموکراسی و لێبووردەیی.

بە دڵنیاییەوە هیچ کام لە گەورە داکۆکیکاران لە لێبووردەیی، لە ئیرازمۆسەوە تا جۆن لۆک و جۆن ستیوارت مل، پێشبینیی گەیشتنیان بەم هەڵوێستە نابەدڵە نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێم، کە جۆن لۆک و جۆن ستیوارت مل و زۆرینەی بیرمەندانی دوای ئەوانیش، هێندە پەرەیان

بەتیۆری لێبووردەیی داوە، کە وەڵامێکی زۆر تەواوی ئەم پرسیارە بدرێتەوە: دەبێت لەم دۆخە نوێیەدا چی بکرێت؟ چونکە ئەوان دڵنیابوون کە لێبووردەی نابێت بێ سنور بێت.

بە لایەنی دۆخی ئێستامانەوە، بێگومان وەڵامەکە لە بۆتەی تەواو کرداریدا بەم شێوەیە دەبێت: تا ئەوەندەی ئەو کەمینە نالێبووردانە وەک پێشنیاری عەقڵانی قسە لە تیۆرەکانیان بکەن و بڵاوی بکەنەوە، دەبێت بەوپەڕی ئازادی ڕێگەیان پێبدرێت، بەڵام دەبێت ئاگاداریان بکەینەوە، کە لێبووردەیی دوو لایەنەیە و ئەرکی لێبووردەیی ئێمە لەوێدا کۆتایی پێدێت، کە ئەوان دەست بە توندوتیژی دەکەن. لێرەیشدا پرسیارێکی تر دێتە ئارا: ئاخۆ مشتومڕی عەقڵانی لەکوێدا کۆتایی دێت و توندوتیژی دەست پێدەکات؟ لە راستیشدا بە ئاسانی لە مومارەسەکردندا ئەم پرسە دیاریناکرێت، چونکە توندوتیژی نواندن دەشێت لە شێوەی هاندانا بێت بۆ توندوتیژی، یان لە شێوەی پیلاندا بێت لەدژی دیموکراسیی دەستووری و رووخاندنی، بێگومان نە هاندان بۆ توندوتیژی نواندن و نە پیلانیش بۆ رووخاندنی دیموکراسی هێندە بە ئاسانی جیاناکرێنەوە تا بە لێبووردەیی بەرەنگاریان بینەوە. ئەم پرسەیش بە لایەنی پەیوەندییەوە بە یاساوە جۆرەکی دەبێت. بۆ نموونە، رەنگە کوشتنی بە ئەنقەست بە زەحمەت لە کوشتنی نائەنقەست جیابکرێنەوە، یان بێتوانایی تەواو لە تێکدانێک ئامانج لێی تێکدەری بووبێت.

من پێموایە لە رووی بیروباوەڕەوە دۆخی مەعنەوی و تیۆری تەواو روون دەبێت.. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرێک لە خەڵکی لە ئیش و کاریاندا هەست بە زەرورەتـی لێبووردەیی دەکەن، تا ئەو رادەیـەی حەز ناکەن جیاوازیی بکەن لە نێوان حزبێکی سیاسیی بە مانا دیموکراسیەکەی( حزبێک بەردەوام ئیش لەسەر رێسا دیموکراسیەکان بکات، تەنانەت گەر زۆرینەیشی بەدەست هێنابێت) و حزبێکی تردا کە( ئاشکرا بێت، یان ژێربەژێر) پیلان

لە دژی دیموکراسی بگێڕێت. ئەگەر پیلانەکەیش بە شێوازێکی دیموکراسی جێبەجێ بکات، یان بە هەر شێوازێکی تر بێت، گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە نەهێشتنی دیموکراسی لە هەموو بارەکاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی و زۆرەملێ. ئێمە نابێت مل بۆ ئەوجۆرە حزبانە کەچ بکەین، تەنانەت گەر زۆرینەیشیان بەدەستهێنابێت. دەربارەی ئەو پرسیارەی پەیوەستە بەوەی ئاخۆ حزبی لەوجۆرە مافی ئەوەی هەیە لێبووردەیی دەرهەق بنوێنرێت، پێموایە تیۆرەکان وەڵامی روونیان هەیە: نەخێر. لە ئاستی هەڕەشەکاری بە نالێبووردەیی ناکرێت لێبووردەبین، بە تایبەتی کە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بێت.

دەبێت و بێگومان دەشتوانین هەموو تیۆرەکانی ئەوانە پووچەڵبکەینەوە، کە دەیانەوێت پاساو بۆ توندوتیژی بهێننەوە، هەموو ئەو تیۆرانەیش بەردەوام لە گەوهەریاندا هاوشێوەن و بەرمەبنای ئەوەن گوایە دیموکراسی و لێبووردەییەکەمان ناتەواوە و ئێمەی بانگەشەکاران بۆ لێبووردەیی، یەکەم کەس بووین توندوتیژیمان لە هەموو کاتەکاندا بەکارهێناوە.. بێگومان ئەم قسە و قسەڵۆکانە بەردەوام دەکرێن.. لەبیریشم ناچێت ساڵانی 1918، 1919دا ئەم قسانە دەکران گوایە سەرمایەداری بەهۆی توندوتیژیی بەردەوامیەوە بەرپرسیارە لەو قوربانیانەی رۆژانە دەکەوتنەوە کە لە قوربانیەکانی هەموو مێژووی شۆڕشی سۆسیالیستی زیاتر بووە. ئەوەیشم لەبیر ناچێت، کە خودی خۆیشم چەندین هەفتە باوەڕم بەو ئەفسانەیە هێنا، بەرلەوەی بگەمە تەمەنی حەڤدە ساڵی و بە چاوی خۆم ژمارەیەک لە قوربانیانی شۆڕشی سۆسیالیزم ببینم. ئەوەیش ئەزموونێک بوو بۆ هەمیشەیی بە توندی رەخنە لەو بانگەشانە، هەر بانگەشەیەکی تری پاساودەری توندوتیژی بەکارهێنان بگرم لە هەر لایەکەوە بێت. بەتەواوەتییش رای خۆم گۆڕی کاتێک دوای سەرکەوتنی نازیەکان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا گوێم

له (گۆرنگ) بوو دەیوت پشتگیری لە هەموو سەربازێکی هێزەکانی زریان دەکەم، کە ناچاربن توندوتیژی دەرهەق بە هەر کەسێک بەکاربێنن؛ تەنانەت گەر هەڵەیەکی بچووکیش بکات و کەسێک دەستگیر بکات کە داواکراویش نەبێت. دواتر «شەوی خەنجەرە درێژەکان» داهات کە نازیەکان بەر لە ڕوودانی ناوەکەیان لێنا و لەو شەوەدا خەنجەر و تفەنگەکانیان نەک لە دژی ڕکابەران و جوولەکەکان، بەڵکو لە دژی دیارترین سەرکردەی میلیی خۆیان بەکارهێنا، واتە دژی ڕکابەرانی هیتلەر، کە دۆست و پشتگیری خۆی بوون، وەک «ڕۆهم» و زۆرێکی تر لە هاوڕێکانی.( بەراوردی ئەم حاڵەتەی هیتلەر بکەن لەگەڵ ئەو دادگاییەی ستالین تا ڕادەیەک بەر لە جەنگی دووهەمی جیهانی، لە هەمانکاتدا بۆ تێکشکاندنی پاسەوانانی دێرین و دۆست و هاوڕێ هەرە دڵسۆزەکانی بەکاریهێنا، دواتریش لە دژی ئەوانەی دڵسۆزانە خزمەتیان کرد، تا ئەوکاتەی خۆیشی ـ وەک هەندێک پێیانوایە ـ بە دەستی ئەو خونکارە کۆتایی پێهات، کە بۆ لەناوبردنی دژانی یارمەتیدا، هەروەها بەراوردی بکەن بە چۆنێتیی بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن ڕۆبسپێرەوە لە دژی هاوڕێکانی خۆی، تا ئەو ساتەی خۆیشی لە سێدارە درا).

کەواتە لە دوای ئەو ڕووداوانەی ئەڵمانیا ناچاربووم دەستبەرداری بە ڕەهایەتی پەیوەستیم بە ناتوندوتیژیەوە بێنم، چونکە بۆم دەرکەوت لێبووردەیی سنوری هەیە، بەڵام ئەمڕۆ دەتوانین بەچی وەڵامی ئەوانە بدەینەوە کە ئێمە بە «سەرمایەداری» و بەکارهێنەری توندوتیژی تا حاڵی حازریش ناودەبەن؟

پێموایە دەبێت بە تەواوی متمانەوە بەوەی بە هەقیقەتی دەزانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بۆیە دەبێت بەوجۆرە بەرەنگاری ڕکابەرانمان بینەوە، کە کامەن هەڵەکانمان و پیشانمان بدەن و چۆنیش کراون. لە زەینمدا وادەردەکەوێت، کە کۆمەڵگەی خۆرئاوایی ئازادترین، لێبووردەترین،

دادپەروەرترین کۆمەڵگەن و لە هەموو کۆمەڵگەکانی تر کەمتر روو لە توندوتیژی نواندنن: مەگەر کۆمەڵگەی ئەسکیمۆی بەر لە سەدەی بیستەمی لێهەڵبوێرین، چونکە لەو کۆمەڵگەیەدا کوشتنی بە ئەنقەست و نائەنقەستیش هەبووە، ئیتر هێندەی زانیاریمان هەبێت، توندوتیژیی تریان نەبووە. ئەسکیمۆکان تا ڕادەیـەک بێ حکومەت بوون و رەنگە بتوانین راڤەی توندوتیژیەکەیشیان بگێڕینەوە بۆ جوگرافیای بەرفراوانی ناوچەکانیان لەچاو کەمیی دانیشتوانەکەیان.

پێشتر وتوومە کۆمەڵگەی خۆرئاوایی، تا ئەم ساتەیش باشترین کۆمەڵگەی سەر زەوین و تاوان، دەبێت مرۆڤ ئەم هەقیقەتە نەڵێت ئەگەر باوەڕی پێی هەبێت، بگرە بەوپەڕی تواناوە نەیڵێت، بۆیە دەبێت لەدژی ئەوانە بووەستینەوە، کە دەیانەوێت قەناعەت بە کەمینەکان بکەن، گوایە لە نەهامەتیدان و ئێمە لە جیهانێکی ترسناکدا دەژیین، کە بە دۆزەخی سەرمایەداری دادەنرێت، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ئێمە لە جیهانێکی زۆرجوان و ئازاد و کراوە و سەرسوڕهێندا دەژیین. بە دڵنیاییەوە لەمڕۆدا وەک مۆدێلێکە ( کە پێشبینی دەکرێت لە رۆشنبیران و هەر ئەوەیشیان لێ داوا دەکرێت) پێچەوانەکەی بڵێن و سکاڵا لە نەخۆشیەکانی کۆمەڵگە و زوڵم و ستەمی کەڵەکە بووی ئەم کۆمەڵگەیە بکرێت، بە تایبەتی لە ئاستی جیاوازیە مەترسیدارەکان (رەنگە هەڕەشەکردنیش هەبێت بە نزیکبوونەوەی ئەو رۆژەی لە پای تاوانەکانمان لەسێدارەمان دەدەن). دیارە ئەمانە راست نین.

راستە زۆر راستە خەڵکانێکی کەم هەن زۆر دەوڵەمەندن، بەڵام ئەوە چ زیانێکی بۆ من و تۆ تێدایە؟ بێگومان کەس ئەوەندە خەفەت ناخوات لەوەی خەڵکێکی کەم زۆر دەوڵەمەند بن؛ گەر باس لەوەیش نەکەین بەشێک لەو خەڵکە کەمە دەوڵەمەندە پارەیەکی باش لە دامەزراندنی زانکۆ و کۆمەک

بەخشین و دانانی کورسیی فێرخوازی و دروستکردنی پەیمانگەی پسپۆڕی لە توێژینەوەکانی نەخۆشیی شێرپەنجەدا خەرجدەکەن، ئەمە وەک نموونە.

لە راستیدا کۆمەڵگەکانمان، وێڕای ئەوەی دیموکراسیەتی خۆرئاوایی دوورە لە تەواوکاری، بە تاکە کۆمەڵگە دادەنرێت رادەیەکی زۆر ئازادیی دەستەبەر کردبێت و هەوڵی زۆریشی تێدا دەدرێت بۆ سەرخستنی دەستکورتان و ئاستێکی بەرزی یەکسانیی تێدایە لەبەردەم یاسا، لەگەڵ بوونی رادەیەکی زۆرباشی لێبووردەیی، بێگومان هێشتا دوورین لەوەی بگەینە کۆمەڵگەی تەواوکار، چونکە هێشتا جگەرە و مەی و مادەی هۆشبەر بە شێوەیەکی مەترسیدار بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئازادی لامان شیرینە، خۆ لادان لەو شتانە کارێکی ئاسان نییە. لێرەدا پێشبینی دەکەم کەسێک بڵێت: بەڵام ئەو شتانە دەرەنجامێکی ئاماژەن بۆ نەهامەتیی نەوەی نوێ دەرهەق بە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و بێکاری. ئەگەر مەبەستتان ئەوەبێت خەڵکێک هەن سامانی زۆرتریان هەیە، دەڵێم گرنگ نییە مادام خەڵکانی تر ژیانێکی رەوا دەژین.. بێگومان بێکاری پرسێکی زۆر جیاوازترە. دەزانم بێکاری نەخۆشیەکی راستەقینە و ترسناکی کۆمەڵایەتی و بگرە گەورەترین قەیران و تەڵەزگەی نێو تەڵەزگە کۆمەڵایەتیەکانە، بێگومان نازانم چۆن ئەم دەردە کۆمەڵایەتییە کوشندەیە چارەسەر دەکرێت. لە نێو هاوڕێکانمدا ئابورریناسی ناودار هەن، بەڵام ناتوانم بڵێم ئەوان لەبارەی رێگەکانی چارەسەرکردنی بێکاریەوە لەنێو خۆیاندا جیاواز و ناکۆک نین، بەڵام دڵنیام لەوەی: ئەگەر دەرمانێکی زانراو بۆ بێکاری هەبوایە بێکاری هەر نەدەبوو، چونکە هیچ حکومەتێک هەلی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا لەدەست خۆی نادات، ئەگەر بێکاریی پێ چارەسەر بکرایە.

دووبارەی دەکەمەوە کۆمەڵگەکانمان بێ کەموکورتی نین، بەڵام قسەکردن لەبارەی هەڵەکانەوە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیی خۆرئاوادا پێشوازیی

لێدەکرێت و هەنگاوی کرداری دەنرێت بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان.. لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا زیاتر لە هەموو کات و شوێنەکان، هەنگاوی تریش لە پێشدایە. وەک هەوڵێکی کەسێنیی خۆم بۆ بە دادپەروەری وەڵامدانەوەی ئەوانەی نەنگی لە دیموکراسی و لێبووردەییەکەمان دەگرن، ئەم پرسیارە دەکەم: ئایا دیموکراسیەکەمان بە حوکمێکی سنەمکاریی شاراوە دادەنرێت، تەنانەت گەر بەوجۆرەیش دەربکەوێت؟ دەتوانین بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە:

با هەژمونی رای گشتی لە دیموکراسیی پەیڕەوکراوی ئەمەریکادا بکەینە نموونە. ئەوە رای گشتی بوو رێگەی بە حکومەت نەدا چەکی ئەتۆمی بەکاربێنێت لە شەڕی دژ بە کۆریا و ڤێتنام، کە دەکرا بەکاربهێنرێت و ببێتە هۆی سەرکەوتنی ئەمەریکا، لەبریی نیوە دۆڕاوی لە شەڕی یەکەمی دژی کۆریا و دۆڕانی تەواو لە شەڕی دووەم دژی ڤێتنام.. هەر ئەو رای گشتییە بوو سەرۆک ریچارد نیکسۆنی ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە کرد. بێگومان رای گشتی کاتی دەوێت بۆ بەرجەستەبوون، بەڵام بۆ یەکەمین جاریش لە مێژوودا بە بێ هەڵبژاردن سەرکەوتوو بوو لە وەستاندنی شەڕێکی بەردەوامدا، کە ئامادە نەبوو کۆمەکی و پشتگیریی بۆ دەستەبەر بکات. من رووداوێکی تری مێژوویی لەوجۆرە شک نابەم بووبێتە هۆکاری سەرکەوتنێکی لەوشێوەیە، کە دەتوانین بە دەرچەی رزگاربوونی لە جەنگ ناوبنێین. دەتوانین ئەم قسەیە بکەین بێئەوەی حوکمی ئەوە بدەین ئاخۆ رای گشتی مافی خۆی بووە، بەتایبەتی  ئەگەر رووداوەکانی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا دوای کشانەوەی ئەمەریکا لەبەرچاو بگرین. ئەو نموونانەی باسیاندەکەم، بەڵگە هێنانەوەن بۆ ئەوەی دیموکراسی نەنگی نییە، بەڵام نموونەکانم بۆ ئەوە نییە، کە رای گشتی هەمیشە لەسەر هەقە، یان لەو حاڵەتانەدا لەسەر هەق بووە، یان لە ئایندەدا لەسەر هەق دەبێت. ناشتوانین ئەمە لەبارەی هەموو رایەکەوە

دەربخەین، رای گشتی بێت، یان دەسەڵاتگەری و لێرەدا ئەمەیان جێی مەبەست نییە، بەڵکو مەبەستەکە پرسیارە لەوەی ئایا دیموکراسی نەنگییە یان نا . هەموو بەڵگەکانیشم دەریدەخەن، کە دیموکراسی نەنگیی نییە و هەر ئەمەیش وەڵامە بۆ مشتومڕی ئەو کەمینانەی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن.

دەتوانین یەک دوو وشە لە بارەی پرسێکی کەمتر جێ بایەخ بێنینەوە. لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا، دوای هەڵوەشانەوەی تیۆری مێژووی مارکسیزم، هەندێک لە فۆرمەکانی مارکسیزم گۆڕان، تەنها بە سکاڵای ئاڵۆز لە خراپییەکانی جیهان و ژیان، بەتایبەتی لە ئاکامی بەناچاری ژیان و گوزەران لە دۆزەخی سەرمایەداری دا. بەوجۆرەیش لە بریی هێنانە مەیدانی تیۆرێکی دیاریکراو، بووە بەرزکردنەوەی دروشم، بە تایبەتی دروشمەکان لەبارەی «نامۆبوونەوە»: سکاڵاکەیش ئەوە بوو، کە سەرمایەداری لە شێوازی ژیانی سرووشتی نامۆمان دەکات و ژینگەی سرووشتیمان لێزەوت دەکات.

ئەمڕۆ ئامادەم دان بەوەدا بنێم، کە هەندێک بینا و پەرەسەندنە بیناسازیەکان، بە تایبەتی ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مارکس، جێی سەرنجن، بێگومان پەیوەندن بە جۆری ئەو بەرهەمهێنانەی مارکس بە «سەرمایەداریی» ناودەبرد. من ئامادەم دان بەوەیشدا بنێم، بارودۆخ و هەلومەرجی کرێکاران لە سەردەمی مارکسدا لە سایەیدا دەڕەنجان ترسناکتر بوو. بۆ دانپێدان، هەلومەرجی کار لە زۆر شوێندا هێشتا هەر خراپە و دەبێت باشتر بکرێت، با لە زۆر شوێنی تردا تا رادەیەک باش کرابێت.

بەڵام ناتوانم سکاڵای مارکسیەکان لە خواستی گشتی بەرەو نامۆکردن زۆر بە جدی وەربگرم: واتە نامۆکردنمان لە ژینگەی سروشتی، لەبەرئەوەی ئەو خواستە یەکێکە لە خواست و ئاڕاستە بنچینەییەکانی ژیان و کردەی هەڵکردن.. ئەی یەکەم «جین»ی رووت کە لە نێو ئەنزیمەکاندا ژمارەیان زۆر بووە ( بە گریمانەی ئەوەی شتێکی لەم بابەتە هەبووە)، ئەو جینە

یەکەم شتێک نەبوو خۆی لە ژینگەی سروشتی و شوێنی هەڵبژێردراوی خۆی نامۆ کرد؟ ئەویش دوای ئەوەی لەڕێی گۆڕانەوە توانیی هەر بە ئەنزیمەکان خۆی داپۆشێت و بەو کارەیشی ژینگەی تایبەتی بۆخۆی دروستکرد، بێگومان ژینگەیەکی سەقامگیرتر، نامۆبوونیش بە شێوەیەکی گشتی هەمان کار دەکات. ئێمەیش کە ئەمڕۆ لە ڕۆژانی باراندا پاڵتۆ لەبەردەکەین و ڕۆژانی گەرمایش جلی تەنک دەپۆشین و بۆ ڕێگەوبانیش پێڵاو لەپێدەکەین، لە فەراهەمکردنی ژینگەی تایبەتەوە خۆمان لە ژینگەی سروشتیمان نامۆ دەکەین، ئەوەی لێرەدا دەلالەتی خۆی دەبێت ئەوەیە، پاڵتۆکەمان باران نەگێڕێتەوە و پێڵاوەکەمان شڕو بێکەڵک بێت، ئەگەر وایش بن، بێگومان هەوڵی چاککردنیان دەدەین، پرسی چاککردنی ئەو پێڵاوەی دەیکڕین پرسێکی تەواو تایبەتە: لەوجۆرە تەڵەزگانەیە ژیان بەهۆی گۆڕانێکی ترەوە چارەسەری دەکات، واتە لە هەنگاوێکی ترەوە بەرەو نامۆبوون و گواستنەوە. سکاڵا لەنامۆبوون لەوپەڕی پووچیدایە، وەک سکاڵا وایە لە فێستیڤاڵ و تاقمی ددان و..هتد، لەبریی ئەوەی ئێمەی مرۆڤ دڵخۆش بین بە دەستکەوتنیان و هەوڵی بەردەوام بۆ چاککردنیان ئەگەر پێویستییان بە چاککردن بێت.

دەگەڕێینەوە سەر پرسی لێبووردەیی: لێبووردەیی و دیموکراسی و هەوڵە زۆرەکانمان بۆ چاککردنی هەلومەرجەکانی ژیان، ڕووبەڕوی هێرشی بەردەوام دەبنەوە، ئەگەر ئەو هێرشانە لە سنووری ڕەخنەی ڕەوادا بمێنن دەبێت پێشوازییان لێبکەین، ئەگەر هەڵەیش بن، دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە.. بە تایبەتی ئەگەر لەلایەن کەس و لایەنێکەوە بێت سود لە لێبووردەی وەربگرن، بێئەوەی خۆیان ئامادەبن ڕۆڵی لێبووردەیی ببینن، یان داوای مافەکانی خۆیان بکەن و ئامادە نەبن مافی ئەوانە دەستەبەر بکەن، کە داوای مافەکانی خۆیانیان لێدەکەن. لەوجۆرە دۆخانەدا، نەک هەر هەقی

خۆمانە، بەڵکو ئەرکی سەر شانمانە لە ئاستی ئەوانەدا لێبووردە نەبین، کە دەیانەوێت خودی لێبووردەیی تێکبشکێنن.. لەم حاڵەتەدا بەرپرسیارێتیەکی زۆر مەترسیدارمان دەبێت. لێرەدا دەبێت ئەم خاڵە کورت و پوخت بکەینەوە: ئێمە بۆئەوەی بەرگری لە لێبووردەیی بکەین لە دژی دوژمنانی، دەبێت بەرگری لە دیموکراسی و دام و دەزگا و دەستکەوتەکانی بکەین، بەڵام پێشنیاردەکەم کە لەمەدا دەبێت بە شێوەیەک لە شێوەکان دوورتریش بڕۆین. لاوازی و دوودڵیمان لە بەرگری نەکردن لە دیموکراسی و کۆمەڵگەی کراوە و ترسمان لەوەی دواجار ئێمەیش لە ئاستی نالێبووردەکاندا نالێبووردە بین، ئەو ترس و لاوازیە لەم واقیعەدایە: لەڕاستیدا ئێمە پەندمان لە وانەکەی ڤۆڵتێر وەرگرتووە، کە زۆر بە جوانی دایڕشتووە و پێیوایە هەمیشە ئەگەری ئەوە لەئارادایە بەهەڵەدا بچین، چونکە مرۆڤین و شایستەی هەڵەکردنین. پێدەچێت زۆرێک لە ئێمە لەوەوە گەیشتبینە ئەو دەرەنجامەی هەموو شتێک ئاساییە و دەکرێت هەموو شتێکیش شایستەی بەرگری لێکردن بێت. گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە نەک هەر دەبێت بە دادپـەروەری گوێ لە هەمووکەسێک بگرین، بەڵکو هەر هەڵوێستێک لە هەڵوێستەکەی تر و لە هەڵوێستەکانی ئێمەیش باشتر بێت، بۆئەوەی عەقڵانییش بین، هەر ئەوەندەمان لەسەر نییە لێبووردەبین و دۆگمایی نەبین، بەڵکو دەبێت تەواو بێلایەن بین، تەنانەت لە ئاستی شتە هەرە خراپەکانیشدا، دان بەوەیشدا بنێین هەموو شتێک شایانی بەرگری لێکردنە و هەموو راوبۆچوونەکانیش یەکسانن، دیموکراسی بن یان تۆتالیتاری؛ یان تەواو دڵڕەقانە و دۆگمایی بێت. لە تۆتالیتاریدا شتێک هەیە (بێگومان راستیشە)، تەنانەت لەوەیشدا کە مناڵ فێر بکرێن چۆن دڵڕق بن هەر شتێک هەیە(بێگومان ئەمیان راست نییە).

ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە فەیلەسوفان ناوی «هۆیەکی»یان لێناوە.

خەڵکێکی زۆریش هەن هەست بەوە دەکەن، گەر بمانەوێت بنەمای» ئێمە شایستەی هەڵەکردنین»مان قبوڵ بێت، ئەوکات دەبێت هۆیەکێنیشمان قبوڵ بێت و هەمان رەوتی ڤۆڵتێر بگرینە بەر لەدوو پرسدا: شایستەیی مرۆڤ بە هەڵەکردن و لێبووردەیی.

پێموایە وەڵامدانەوەی هۆیەکەیەتی و پووچەڵکردنەوەی پرسێکی زۆر گرنگ و هاوکات ئاسانیشە. توانستی مرۆڤەکان بۆ هەڵەکردن ماناکەی ئەوەی دەشێت هەریەک لە ئێمە هەڵە بکەین و نابێت پشت بە هەموو شتێک ببەستین، کە لای خۆمان بە راست و دروستی دەزانین، یان لەڕووی ئاکاریەوە بە راستی دەزانین، چونکە دەشێت نە راستیەکەی بێت و نە لە رووی ئاکارییشەوە درووست بێت، بەڵام ئەمە بوونی شتێکی وەک راستی و هەقیقەت و کرداری ئاکارییانەی راست گریمانە دەکات، بێگومان توانای هەڵەکردن ئەوەمان پێدەڵێت، کە زۆرکات راستی و هەقیقەت بە زەحمەت دەبن، بۆیە دەبێت هەمیشە ئامادەی ئەوەبین بۆمان دەربکەوێت، کە هەڵەین. لە لایەکی ترەوە توانای هەڵەکردن پێماندەڵێت دەکرێت بگەینە شوێنێک لە هەقیقەتەوە، یان لە کۆمەڵگەی چاکەخوازەوە نزیکتر بین. لێرە و لەم حاڵەتەدا، ناتوانین لە کردار خۆمان دووربگرین و لایەنگریی لایەک لە لاکان بکەین، چونکە ناکردار لە خودی خۆیدا کردارە و لایەنگیریی بۆ لایەک لە لاکان لێدەکەوێتەوە. ئەوەی لە هەموو ئەمانەوە فێری دەبین، پێویستیی بەردەوامبوون و نەوەستانە لە توێژینەوەی رەخنەیی ـ رەخنەی توند ـ لە راستی و هەقیقەت، وێڕای کۆششی بەردەوام بۆ فێربوون لەوانەوە کە گۆشەنیگای جیاوازیان لە ئێمە هەیە. گەر بمانەوێت زیاتر لە گەیشتن بە هەقیقەت نزیک ببینەوە، یان باشترین شێواز پەیپێبەرین، دەبێ گوێیان لێبگرین، لێیانەوە فێربین، بە تایبەت لەرکابەرانمان، هەر بۆ ئەو مەبەستەیش دەبێت هۆیەکێتی رەتبکەینەوە.

دەکرێت هەموو ئەمانە بەم شێوەیە دابڕێژینەوە: شتێکی زۆر باش و جوان دەبێت مرۆڤ بڵێت:» ڕەنگە من هەڵە بم و تۆ ڕاست». ئەگەر هەردوولا وایانوت، بێگومان ئەوە بەس دەبێت بۆ گەیشتنیان بە لێبووردەیی دوو لایەنە و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی چاکەخواز، بەڵام بۆ خۆ دوورگرتن لەئەنگێزەی هۆیەکێتی، دەبێت لەوە زیاتریش بڵێین:» ڕەنگە من هەڵە بم و تۆ ڕاست، بێگومان لە میانەی لێکتێگەیشتنی عەقڵانییەوە لە بارەی پرسەکانەوە ڕەنگە هەندێک لەهەڵەکانمان ڕاستبکەینەوە و پێکەوە لە هەقیقەت، یان لە ئیشکردن بە ڕاستی و دروستی زیاتر نزیک ببینەوە».

ئەم داڕشتنە زۆر بە گرنگ دەزانم و دەخوازم لێکدانەوەیەکی تا ڕادەیەک قووڵی بۆ بکەم، بۆ ئەو مەبەستەیش بە پێشنیارێکی خۆم داڕشتنەکە دەکەم بە سێ بەش، یان سێ بنەماوە:

**بنەمای یەکەم:**

«ڕەنگە من هەڵە بم و تۆ ڕاست»

دەتوانین بڵێین ئەم داڕشتنەیان فرەییەکی، دەستەواژەییە لەسەر هزرەکانی ڤۆڵتێر لە بارەی توانستی مرۆڤ بۆ هەڵەکردن، یان خواستی هەڵەکردن، ئەگەر پەیوەند بێت بە هەقیقەتێکی گریمانەکراوەوە، یان بە کاری باشترەوە (کاری گونجاوتر) کە دەبێت دەرهەق بە دۆخێک، یان هەلومەرجێک لە هەلومەرجەکان بیکەین، بێگومان ئەم بنەمایە وەک ڤۆڵتێر بۆی چووە زۆر بە ڕوونی پشتگیری لە لێبووردەیی دەکات، بەڵام هەڵەیەکی گەورە دەبێت پێمانوابێت پشتگیری لە هۆیەکێتییش دەکات، بەڵکو زۆر لەوە دوور دەبێت لەسەر ئەو بنچینەیە بێینە ئەو بڕوایەی، ئەگەر من و تۆ لەیەک جیاوازیش بین، دەشێت هەردووکمان ڕاست بین، ڕەنگە لە بارەی بابەتێک لە بابەتەکانەوە ڕای ڕاست و هەڵە هەبێت و ڕەنگە هەردووکیشمان هەڵە بین.

* **بنەمای دووهەم:**

« بە لێکنێگەیشتنی عەقڵانی لە بارەی پرسەکانەوە، رەنگە هەندێک لە هەڵەکانمان بۆ راست بکرێنەوە»

بەلای منەوە ئەم بنەمایە زۆر گرنگە و روونیشە کە بوونی پێشوەختی لێبووردەیی دەردەخات. پێش هەر شتێک دەستەواژەی» لێکنێگەیشتن بە شێوەیەکی عەقڵانی» شیدەکەمەوە کە چی دەگەیەنێت.. مەبەستم لەم وتەیە، لێکنێگەیشتنە لەبارەی پرسەکانەوە بۆ پەیبردن بە هەڵە و راستیەکان و هەقیقەت و ساختەکان، چاوپۆشیکردنیش، ئەگەر لەڕووی مرۆییەوە بشێت، لەوەی کێ هەڵەیە و کێ راستە. ئەمە ئەو وەسفەیە، کە پێشنیاری دەکەم بۆ ئەو هەڵوێستەی لە لێکنێگەیشتنی عەقڵانی دەکەوێتەوە، بێگومان قسەی عەقڵانی، گفتوگۆی عەقڵانی، هەڵوێستی زۆر دوور لە هەڵوێستی رێژەیی لەخۆ دەگرێت لە بارەی بنەمای»دەشێت هەموو شتێک ببێت»، هەڵوێستێک بۆ سۆراخکردنی هەقیقەت و هەوڵدان بۆ ئەو هەقیقەتە بەپێی توانا ئاڕاستە بگرێت، بێگومان ئەم بنەمای دووهەمە بە قسەکردنی لە بارەی «لەیەک تێگەیشتن» و سووربوون لەسەر دەلالەتی وتوێژ( وتووێژی عەقڵانی) سووریشە لەسەر گرنگیی رەهای زمانی مرۆڤایەتی و بەکارهێنانی عەقڵگەرایی. بنەمای دووەممان کە لەسەر بنەمای عەقڵی رەخنەگرە، دەڵێت:» گفتوگۆ نەک من من و تۆ تۆ!»..یان بە لێکدانەوەیەک هاوچەرخانە و واقیعیتر:» زمان و گفتوگۆ لەبریی دەمانچە و بۆمب و چەکی ئەتۆمی».

بە جەختکردنەوەم لە بەکارهێنانی زمان و وشە، دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە، کە زمانێکی سادە، سووک، روون، ساکار بەکاربێنین؛ کە زۆر بە وریایی زاراوە تەکنیکیەکانی تێدا بەکاربێت و بتوانرێت بە بێکێشە و بە جۆرەها رێگەیەک خاڵێک بەکار بهێنرێت و پرسەکانمان نەبنە بارمتەی وشەکان. بەکورتی: زمانێک بێت وشەکان خۆیان نەبنە دۆزێکی تر. لە

لایەکی ترەوە دەبینین گفتوگۆ کردن پرسێکی ئێجگار گرنگ و بایەخدارە. بە بێ زمان، بە بێ نموونە، بێ پێشنیارو گریمانە و تیۆر سۆراخکردنی هەقیقەت بوونی نابێت.

رەنگە هەندێجار گۆشەنیگایەک، تیۆرێک زەینمان داگیربکات، بێئەوەی هێشتا لە وشەدا دامانڕشتبێت، دواتر بتوانین لە بۆتەی چەند وشەیەکدا دایانبڕێژین. لە بەراییدا پێدەچێت جیاوازیەکی زۆر هەبێت لەنێوان ئەوەدا، کە بیر بکەینەوە ئەمڕۆ پێنج شەممە ئەوەندەی مانگی ئایارە و لە نێوان وتنیدا، بەڵام تەواوی جیاوازیەکە لەوەدایە کە: کاتێک ئەوە دەڵێین، هزرمان دەبێتە شتێک لەدەرەوەی خودمان و لەو بارەیشدا ژێرباری رەخنە دەکەوێت.. هزر هێندەی نەکرێت بە وشە بەشێک دەبێت لە خودمان، ئیتر ناتوانین بە ئاسانی بۆ هەڵە و راستیی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین.

بە دەربڕینێکی تر، دەبینین یەکێک لە ئەرکە بنچینەییەکانی زمان، لە گۆشەنیگای سۆراخکردنی هەقیقەتەوە، لەوەدایە کە هزرەکان دەکاتە بابەتێکی شایستە بە رەخنە لێگرتن، تەنانەت گەر کەسێکی تریش ئامادە نەبێت، بەڵام ئەگەر کەسێکی تر ئامادە بوو، بە تایبەتی کەسێک گۆشەنیگای جیاوازی لـەوەی ئێمەی هەبوو، ئەوکات زمان ئەوجۆرە سۆراخکردنە رەخنەییەمان بۆ دەستەبەردەکات (بە چاوپۆشی لە گرانیی پرسەکان لە زۆرینەی بارەکاندا) کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ خۆ دوورگرتن لەو هەڵانەی بە زەینی ڤۆڵتێردا هاتوون.

* **بنەمای سێهەم**

«ئەگەر لەسەر پرسەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی لەیەکتێگەیشتین، رەنگە پێکەوە لە هەقیقەت نزیک بینەوە».

خاڵی سەرەکی لێرەدا بیرۆکەی نزیکبوونەوەیە لە هەقیقەت، ئەگەر لەسەریشی رێکنەکەوتبین، گرنگە لە یەکتریەوە فێربین، تا بۆمان دەرکەوێت

که هەڵەین، هەروەک گرنگە لە گفتوگۆی عەقڵانیدا داوای زیاد لە پێویست نەکەین. لە مێژووی زانستدا مشتومڕی بەناوبانگ کراوە و بە هیچ دەرئەنجام و ڕێکەوتنێک نەگەیشتوون. دیارترین مشتومڕی سەدەی بیستەم لە نێوان ئەنشتاین و نیلس بۆهردا بوو، کە دوو زانای ناوداری فیزیکین. مشتومڕی نێوان ئەو دوو زانایە بە دەرئەنجام و ڕێکەوتن نەگەیشت، بگرە لەوە خراپتر هەردوو گرووپی بەرانبەر لەسەر هەڵوێستی بەر لە مشتومڕەکەیان سوور بوون، گەرچی بۆهەر هەندێک لە هەڵوێستەکانی هەموارکرد، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەردوولایان راو بۆچوونەکانیان روونتر کردەوە و بەڵگەی نوێ و گرنگیان دۆزییەوە، کە ئەنشتاین بەهاوکاری دوو یاریدەدەری ساڵی 1935 یەکێک لەو بەڵگانەی بڵاوکردەوە، کە دوای چل و شەش ساڵ و تا ئەم ساتەمان مۆرکی سۆراخکردنی ئەزموونگەری پێوەیە، بێگومان کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات تەنانەت لە مشتومڕی بێ دەرەنجامیشدا، کە لایەنەکانی هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن، خەڵکی شتی زۆر فێردەبن..

با ئێستا بگەڕێینەوە سەر پرسی لێبووردەیی، کە لە زەینی خۆماندا سێ بنەمامان دانا:

-1رەنگە من هەڵە بم و تۆ راست.

-2 با لەبارەی پرسەکانەوە لەیەک تێگەیشتنی عەقڵانی پەیڕەو بکەین.

-3 رەنگە لە هەقیقەت نزیک بینەوە، تەنانەت گەر ڕێکیش نەکەوتبین.

بنەمای یەکەم، وەک تێبینیمان کرد، هاوشێوەیە لەگەڵ تێگەیشتنی سوکرات و ڤۆڵتێردا، لەبارەی کەم مەعریفەییمانەوە. بنەمای دووهەمیش سوورە لەسەر دەلالەتەکانی زمان و گوفتار لە گوزارشتکردنیدا لە خودی خۆی، بەوپێیەش پەیوەندیی بەتینی هەیە لەگەڵ لێبووردەییدا، بەڵام هاوکات ئاماژەیش دەدات بە سنورداریی وتار، بەتایبەتی لەگەڵ پەیوەندییدا بە سنوری لێبووردنەوە. دەبێت ئامانجیشی گەیشتن بێت بە گفتوگۆیەکی عەقڵانی، واتە

پەیبردن بە هەقیقەت لەبریی هاندان بۆ ئارەزووەکان، یان گەیشتن بە سەرکەوتن لە مشتومڕەکاندا.

بنەمای سێهەمیش بەرمەبنای ڕێسایەکە، کە ئێمە لە میانەی گفتوگۆوە دەتوانین بگەینە هەقیقەت، ئەگەرچی ڕێکیش نەکەوتبین. دیارە ئەم نزیکبوونەوەیە لە هەقیقەت بەهۆی لێبووردەیی دوو لایەنەوە نەبێت لە گفتوگۆدا بە دەرئەنجام ناگات، یان بە هۆی هەڵوێستێکەوە کە هەر لایەو بێنە ئەو قەناعەتەی دەبێت گوێ لە یەکتری بگرن و زیاتریش. لێبووردەییش مەرجی پێشوەختی گەیشتنە بەم هەڵوێستە و مەرجی پێشوەختی توانای گەیشتنە بەوە هەردوو لا هەڵوێستیان ڕاست بکەنەوە و دواجاریش نزیک ببنەوە هەقیقەت.

بە بێ بوونی ئاستێکی باشی لێبووردەیی دوو لایەنە، گەڕان بە دوای هەقیقەت و نزیکبوونەوە لێی، لە میانەی ڕەخنەی دوولایەنەوە ئەستەم دەبێت. لە کردەی سۆراخکردنی هەقیقەتدا، بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕێککەوتنی دوولایەنە گرنگ نییە: کارێکی ئاسانە هەردوولامان پێکەوە لەسەر هەڵەبین، دەشێت خەڵکیش تا ماوەیەکی زۆر لەسەر چەندین تیۆری هەڵە تەبا و ڕێککەوتوو بن(وەک سیستمی گەردوونیی بەتلیمۆس)، بەڵکو لە هەندێ باردا ڕێککەوتن لەدەرەنجامی ترسەوەیە لە نالێبووردەیی و تەشەنەکردنی توندوتیژی. هاوکات، پێموایە ئەم سێ بنەمایە پوختەی هەڵوێستی عەقڵی و ڕەخنەییە، کە ئاکاریان لەسەر بونیاد دەنرێت.. هاوکات هەڵوێستی جیهان و میتۆدی زانستیشە، کە لەسەر بنەمایەک ئیش دەکات گفتوگۆ و مشتومڕی ڕەخنەیی دەخاتە خزمەتی هەقیقەتەوە. ئەو سێ بنەمایە دەمانگەێننە لێبووردەیی، بەڵام بوونی پێشوەختی لێبووردەییش گریمانە دەکەن.

بەدیهاتنی پێشکەوتنێکی ڕاستەقینەی زانستەکان بە بێ لێبووردەیی و بە بێ ترس لە دەرەنجامەکانی بڵاوکردنەوەی هزر و بیرەکانمان ئەستەمە..

لێرەیشەوە لێبووردەیی و لەخۆبووردن، لەپێناوی هەقیقەتدا دوو بنەمان لەو بنەما ئاکارییانەی لەلایەک زانستیان لەسەر بونیاد دەنرێت، لەلایەکی تریشەوە بەرەوپێشیان دەبات. دوو بنەماکەی تر خاکیبوونی هزری و بەرپرسیارێتیی هزریە: سوربوون لەسەر ئەوەی ئێمە بە خودی خۆمان نا، بەڵکو بە هەقیقەت بیر دەکەینەوە، وێڕای بەردەوامی لە نزیکبوونەوەی رەخنەیی لە هەموو تەڵەزگەکان تا کۆتایی.

بێگومان زانا هەن نە خاکیبوون و نە بەرپرسیارێتی هزرییان هەیە بەوشێوەیەی لە زەینی مندایە. جۆرە زانایەک هەرگیز ناتوانن بیر لە خودی گران بەهای خۆیان نەکەنەوە، هەمیشە بە بەهرە و کارامەییەکانیان هەوڵی سەرسامکردنی جەماوەر و هاوڕێیانی خۆیان دەدەن. ئەوانە لە پەیژەی زانستدا لە ریزی دووەمدان، تەنانەت گەر لە پێشیەوەی ریزەکەشدا بن.

لێرەوە، نامەوێت هێندە زیادەڕۆبم و بڵێم زانست دەتوانێت زانا بکاتە نموونەی ئاکاری و ئەو هێرشە هاوچەرخەی دەکرێتە سەر زانست، ئەم خاڵە گرنگەی لەدەست چووە. پرسەکە هەرچۆنێک بێت، زانست لەوەدا شکستناهێنێت، کە قوتابیانی بکاتە کەسانێکی زۆر لێبووردە لە ئاست راوبۆچوونەکانی تردا (گەرچی شکستیش بێنن لەوەدا کە هەندێجار وەک پێویست لێبووردە بن): زانست لە هەوڵەکانیدا بۆ نزیکبوونەوە لە هەقیقەت پێوەری دیاریکراوی خۆی دەچەسپێنێت، هاوکات قوتابیانیش دەگەێنێتە ئەو هۆشیارییەی، کە ئێمە رەنگە هەرگیز نەگەین بەوەی، بزانین لە چ خاڵێکدا هەڵەمانکردووە. لە راستییشدا دەسەڵاتی رەها لە زانستدا نییە. گەورە زانایانی سرووشتناسی (گالیلۆ، کیپلەر، نیوتن، ئەنشتاین، رازرفۆرد، بۆهر، ئەرینگتۆن، جینز، هاینربرگ، شرۆدینگر، دیراک): هەریەک لەمانە جارێک یان زیاتر هەڵەیان کردووە، تا رادەیەکیش دانیان بە هەڵەکانیاندا ناوە، لەگەڵ ئەوەیشدا زانست بەرەوپێش چووە، زیاتریش لە هەقیقەت نزیکدەبێتەوە.

ئێمە لە هەڵەکانمان و راستکردنەوەیان پەند وەردەگرین، شت فێردەبین.

ئێستایش دەتوانین شتێکی هاوشێوە لە بارەی ئاکارەوە بڵێین: لێرەیشدا دەتوانین لەهەڵەکان و راستکردنەوەیانەوە فێربین. نموونەیشمان بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، ئێمە لە خۆرئاوادا دوای چەندین سەدە لە توندوتیژی و نالێبووردەیی، فێربووین چۆن لێبووردە و دژ بە توندوتیژی بین. ئەمەیش ئەوە ناگەیێنێت لە هەندێک باردا ئیتر هەڵەی نوێ ناکەین، بەڵکو بەهۆی کەوتنە نێو تەڵەی بەرەنجامی نوێی برەوپێدراو و تەڵەی بەرەنجامی نوێی کەلتوریی وەک تیرۆر و هۆیەکێتی و پیرۆز راگرتنی لە سنور بەدەری لێبووردەییەوە، کە کاریگەریی گەورەیان هەیە، هەڵەی نوێ دەکەین.

من گومانی زۆرم هەیە لە بەرەنجامی نوێی بـرەودار، کە لەزۆر باردا زمانێکی نوێی بازاڕی و نالیبووردەیی و بانگەشەکاری و پەڕگیری دەخوڵقێنێت. هەرچەندە پیرێکی تەمەن حەفتاو نۆ ساڵەم و وەک دەزانن رقم لە بەرەنجامە نوێ و برەودارەکان دەبێتەوە، بەڵام هاوکات خواستێکی گەورەم لە ناخدایە، کە ببمە دامەزرێنەری نەریتێکی نوێی برەودار: خەون بەوەوە دەبینم سادەیی و خاکیبوونی هزری بکەمە مۆدێلێکی باو. پێموایە هەموو گەورە زانایان لەهزردا سادە و خاکیبوون، بەڵام هیوادارم هاوکاربم لە چەسپاندنی ئەو نەریتە لە نێو تەکنیکار و زانستخوازان و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان دا. ئەوەی بە بیرمدا دێت ئەم پیشانەیە: پزیشک، دادوەر و مافناسان بە گشتی، ئەندازیاران، بە شێوەیەکی گرنگتر خزمەتگوزارە مەدەنیەکان، کە چەرچڵ بە گەورە مەدەنیەکانمان ناوی دەبردن، لەگەڵ سیاسەتوانان.

لە راستییشدا بەڵگە و لێکدانەوەم هەن لە بەرژەوەندیی ئاکاری پیشەیی نوێدان.. بۆ وروژاندنی گفتوگۆیەکی گشتی لە بارەیانەوە دەمەوێت لێرەدا بۆتانی باس بکەم..پرسەکە تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە گرفتی

لێبووردەییەوە، چونکە ئاکاری پیشەیی نوێ کە دەمەوێت داکۆکیی لێبکەم، مۆراڵێکی دژ بە دەسەڵاتە، بە پێچەوانەی ئەوەی ناوی مۆراڵی پیشەیی کۆنی لێدەنێم. دەسەڵات بەردەوام بە لای نالێبووردەییدا دەچێت. لەم سیستمەدا پێدەچێت جەنگیزخان هەڵبوێرین، لایکەمی لە پرسی لێبووردەیی ئاینی دا.

ئاکاری پیشەیی کۆن، یان بڵێین ( ئاکاری پیشەیی کۆن لای رۆشنبیران) لە بنچینەدا، وەک دۆخی ئاکاری نوێ، بەرمەبنای هزری هەقیقەت و عەقڵگەرایی و بەرپرسیارێتیی هزری بووە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەردوو رێگەی بیرکردنەوە لە هەقیقەت و عەقڵگەرایی و بەرپرسیارێتی فیکری، تەواو لە یەک جیاوازن. بیرۆکەی ئایدیالیستیی کۆن لەسەر بنچینەی چەسپاندنی هەقیقەت بووە بە بەڵگەی لۆژیکییەوە گەر بکرایە، ئامانجی گەیشتن بووە بە یەقین، بۆ گەیشتن بە «دواین پاساودانی هەر هەڵوێستێک» بۆ هەر تێزێک کە دەهێنرێتە ئارا.

بیرۆکەی ئایدیالیستیی تاکە کەسیش لە بەرزترین ئاستەکانیدا، لەسەر بنچینەی گەیشتن بووە بە حیکمەت، گەرچی بە مانا سوکراتیەکەیشی نەبووبێت.» دانا بە و خۆت بناسە، بزانە، کە نازانیت» ئەمە ئامۆژگاریی سوکرات بووە. هەرچی حیکمەتی پەیوەندیشە بەوەی من بە ئاکاری پیشەیی کۆنم ناوبردووە، زۆر جیاوازە و ئامانجی ئەمیان :» هەموو ئەو شتانە بزانە لە بازنەی پسپۆڕیی تۆدایە، شارەزا بە! ئەگەر بازنەی پسپۆڕیت بەرتەسک بوو، لە بازنەیەکی بەرتەسکدا بە توانا دەبیت، دەبیتە پسپۆڕ، خۆ ئەگەر بازنەی کارەکەت فراوان بوو، لە بازنەیەکی بەرفراواندا بەتوانا دەبیت و ئەوکات دەبیتە شارەزایەکی گەردوونی، پیاوێکی حەکیم، فەیلەسوف. لە هەموو بارەکانیشدا، دەتوانیت لەو بازنەیەدا کە هەڵیدەبژێریت ببیتە خاوەن توانا و دەسەڵات: ئەوکات دەبێت پاساوی هەموو ئەوانە بدەیت، کە دەیانزانیت و بەڵگەیان بۆ بهێنیتەوە.. دەبێت بەرپرسیاری هەمووشتێک بیت،

که دەیانڵێیت دەنا دەبینە کەسێکی فریودەر و دەبێت ئەو دەمامکە لابەریت و بە رقلێبوونەوەی هەموان لەئاستت سزا بدرێیت، بەڵام ئەگەر رەسەن و کارامە و شارەزا بوویت، گەر توانیت بەڵگە بۆ هەموو شتێک بێنینەوە و ببینە خاوەن توانا و دەسەڵات ـ ئەگەر دان بەو توانایەتدا بنرێت ـ ئیتر کەس ناتوانێت رکابەری و ململانێی توانا و دەسەڵاتەکەت بکات. هەرکەسیش ململانێی بکات، بێگومان هەمووان چۆنی شایستە بێت بەوجۆرەی مامەڵە لەگەڵ دەکەن: وەک فریودەر وخراپتر، وەک کەسێک مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، بیەوێت ئەو دامەزراوانە بڕووخێنێت، کە هەموو بینای پیشەکانیان لەسەر بونیاد نراوە و دەیەوێت متمانەی خەڵکی بەو دامەزراوانە نەهێڵێت.. هەموو کۆمەڵگەیش لەسەر ئەو متمانەیە دامەزراوە.

ئەو ئاکارە کۆنەی لێرەدا وەسفیدەکەم، رێگەی هەڵەکردنت پێنادات. رێگە بە هەڵە نەدەدرا و بە ئاسانییش لە هەڵە نەدەبووردرا، بەوهۆیەشەوە هەڵە قبوڵ نەدەکرا. دەبوو کەسی خاوەن دەسەڵات، مرۆڤێکی باڵاتر لە هەموو مرۆڤەکانی تر بوایە، واتە لە سەرو ئاستی هەڵەکردنەوە بوایە. پێویستیم بەوە نییە، پێتانبڵێم ئەمجۆرە ئاکارە پیشەییە جۆرێکی نالێبووردەیە و بەردەوام بیرمەندی گەورە هەبوون ( بۆ نموونە ڤۆڵتێر، بەرنارد شۆ) هەمیشە لە دژی وەستاونەتەوە، بێگومان باشترین چەکیش کە بەکاریانهێنابێت کۆمێدیا و گاڵتەپێکردن بووە.

ئێستا پێموایە ئەوەی ناوم ناوە « ئاکاری پیشەیی کۆن»، روونە کە ناتوانێت لەوە زیاتر خۆڕاگرێت، چونکە بنچینەکانی کە هەرگیز لەڕووی ئاکاریەوە قبوڵناکرێن، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی زانست و گەشەی خێرای مەعریفەی زانستی و لێبووردەییدا لەبن هاتن. لە ئێستادا هیچ کەس لە کایەی زانستدا دەسەڵاتی رەهای نیە.. ئەگەر هاتوو کەسێکیش بووە شارەزایەکی گەورە، دەبێت لەوە دڵنیابێت، کە تا هەتایە بە شارەزایی

نامێنێنەوە، بە تایبەتی کە قبوڵکردنی بەرفروانی مۆرکی کاتیبوونی زانست هاوکات مانای وەرچەرخانی قووڵ دەگەیێنێت لە هەڵوێستی زانایان لە جۆرەها رەتکردنەوەدا. بە روانین بۆ هەموو ئەمانە، پێموایە قبوڵکردنی ئاکاری پیشەیی نوێ بووەتە دیفاکتۆیەک، ناتوانیین لێی دەرباز بین.. لەم بوارەیشدا چەند پێشنیارێکم هەیە:

1- ئێمە بە پێی هەلومەرج لە هەموو کەسێک، کە زانینێکی هەمەکیی هەبێت زیاتر دەزانین.

2- ئەمە تەنانەت بەسەر ئەوانەیشدا بەرجەستەدەبێت، کە هێشتا خۆیان بە پسپۆڕ دەزانن، چونکە دەشێت هەموو پسپۆڕییەک هەڵبووەشێتەوە.

3- مەعریفەمان هەمیشە پەیوەندە بە کات و هەلومەرجەوە، واتە یەقینی نییە و کۆتایی هەیە و تەنها نەزانیمان بێکۆتاییە. ئێستا کەمیی قەبارەی زانینمان بۆ دەرکەوتووە: گەشەسەندن و پەرەسەندنی مەعریفە بۆمان دەسەلمێنێت کە سوکرات لەسەر هەق بووە.

ئەم ڕاستییانە بوونەتە بەشێک لە ئەزموونەکانی کاری رۆژانەی زۆربەی زانایان.

4- رۆژانە و لە هەموو کایەکاندا هەڵەدەکرێت. ئەو بیرۆکە کۆنەیش کە دەڵێت خاوەن توانا و دەسەڵات دەتوانێت هەڵە نەکات، بگرە دەبێت هەڵە نەکات، بێگومان بیرۆکەیەکی هەڵەیە. هەقیقەتی ترسناکیش ئەوەیە، کە پێماندەڵێت خاوەن توانا و دەسەڵاتەکان بە پێیی ئاکاری پیشەیی کۆن لەنێو خۆیاندا بۆ پەردەپۆش کردنی هەڵەکانیان رێککەوتوون.

5- لێرەوە لەم لایەنە کرداریەوە و لەوێوە، کە ئێمە زۆر هەڵەدەکەین، دەتوانین دەست بە چاکسازیی ئاکاری بکەین: لەبەرئەوەی هەڵەکان هەر دەکرێن، دەبێت هەڵوێستمان لە ئاستیاندا بگۆڕین. بە دڵنیاییەوە هێشتا هەڵەی تاوان ئاسا هەن، کە دەکرێت و دەبێت لێیان دووربکەوینەوە،

هەندێک حاڵەتیش لە سنوری توانا بەدەرن، بەڵام زۆرینەی ئەو هەڵانەی بەردەوام دەیانکەین لەخودی سرووشتی مرۆڤبوونمانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە شایسنەی هەڵەکردنە، یان لە نەزانیەکەوەیە ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین.. یان لەو واقیعەوەیە، کە هێشتا لەسەر رەخنە لەخۆمان رانەهاتووین و بە زەحمەتیش بۆمان دەکرێت، چونکە بەشێک نەبووە لە پرۆسەی پەروەردەمان.

6- پێشنیار دەکەم یەکەمین راسپاردە لە نێو راسپاردە ئاکارییە پیشەییە نوێکاندا: «لە هەڵەکانتەوە فێربە» بێت. وانەی تریش ئەمەیە: با هەمووومان لەهەڵەکانمانەوە پەند وەربگرین.

گرنگ نییە من یان دراوسێکەم هەڵەی کردبێت.. دەبێت هەمووومان لە سۆراخی هەڵە تایبەتەکانی خۆماندا بین. ئەگەر دراوسێکەم لە هەڵەیەکم ئاگاداری کردمەوە، دەبێت سوپاسی بکەم. دەبێت ئەوەیش فێربین، کە لە گەڕان بە دوای هەڵەکانماندا نابێت هەڵەکار سەرزەنشت بکرێت، بەڵکو دەبێت هەڵوێستێک بەهێز بکەین، کە هەمووومان لە کردەی پەیبردن بەهەڵەکاندا هاوکار بین، چونکە ئەو هاوکارییە رێگە دەدات بەوەی هەموو گۆشەنیگاکان یارمەتیدەر بن لە چارەکردنی گرفتەکان. ئەوەیش زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی هەرکام لە ئێمە لە گۆشەنیگای تایبەت و دیاریکراوی و بە چەکی عەقڵی لە هەلومەرجی گشتی نزیکبووەتەوە، ئیتر ناتوانین هەریەکەو لەلایەکەوە بیر لە هەموو سەرچاوەکانی هەڵە بکەینەوە. ئامانجی بنچینەیی پەیبردنە بە هەڵەکان و راستکردنەوەیان بە زووترین کات، واتە بەرلەوەی زیانی زۆرتری لێبکەوێتەوە.

کەواتە تاکە تاوانێک کە لێخۆشبوونی نییە، تاوانی پەردەپۆشکردنی هەڵەیەکە لە هەڵەکان. ئەرکیشمانە هەموو پاڵنەرەکانی ئەو پەردەپۆشکردنە نەهێڵین، کە بەهۆی کاریگەری ئاکاری کۆنەوە زۆر بەهێز بوون. دەبێت

ئەوە بزانین رەخنە لە خۆگرتن زۆر باشترە، رەخنە لە یەکتری گرتنیش، کە بەردەوام پێوستمان پێیەتی، بۆ ئەوەی فێری رەخنەگرتن ببین، لە رەخنە لەخۆگرتن کەمتر نییە.

من ئەگەر خەون بە یۆتۆپیایەکی دیموکراسیەوە ببینم، خەون بە یۆتۆبیایەکەوە دەبینم تیایدا کاندیدێکی پەرلەمان بتوانێت لە میانەی راگەیاندنی چۆنێتیی دۆزینەوەی سی و یەک هەڵە لە ساڵی رابـردوودا لەخودی خۆیدا و راستکردنەوەی سیانزەیان دەنگی هاووڵاتیان بەدەستبێنێت، لە کاتێکدا رکابەرەکەی تەنها بیست هەڵەی لە خۆیدا دۆزیوەتەوە، ئەویش سیانزەیانی ڕاستکردوەتەوە. پێویست ناکات بڵێم ئەم یۆتۆپیایە، یۆتۆپیای لێبووردەییە.

**سەرچاوە: (التسامح بین شرق و غرب، دراسات فی التعایش والقبول بالاخر) مجموعه من المفکرین، بۆ عەرەبی(ابراهیم العریس)، لە بڵاوکراوەکانی (دار الساقی)، چاپی یەکەم 1992**

## ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی ڕکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تالانکردنی ڕۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستنی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| سال | زانیاری |
| --- | --- |
| 1739 | هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. |
| 1781 | کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| 1807 | هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. |
| 1818 | شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. |
| 1889 | کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. |
| 1921 | وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. |
| دەیەی 1920 | بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەوڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. |
| 1943 | سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرپێدەخات. |
| 1953 | بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی  فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |